یاساکانی قورئانی پیرۆز

نووسینی: شیلان ئازاد

Made with PosterMyWall.com

یاساکانی قورئانی پیرۆز



نووسینی : شیلان ئازاد

2021

پێشەکی نووسەر

نووسینی ئەم کتێبە بۆمن کارێکی هێندە قورس نەبوو بەڵکو ئەوەی قورسە تێگەیشتنە لەم دەقانە وەکو خۆی ، وە گفتوو گۆکردنە لەسەر ڕاستی و دروستی ئەم دەقانە ، چونکە تاکی کورد بە شێوەیەکی بۆماوەیی ئاینی ئیسلامی وەرگرتوەو نازانێت چیە وەری گرتوەو پارێزگاریشی لێ ئەکات وە پێمان وایە گەر پارێزگاری لە خودا نەکەین ئەوا خودا نامێنێت لەبەر ئەوە بابەتی دۆخی ئاینی ئێستایی کوردستان و ئەم هاوکێشەیەی ئێستامان لەمن گەورەترە خراپییەکەشی لەوەدایە گیرمان خواردووەو نامانەوێت لێی بێینە دەرەوە خۆ ئەگەر بمان ویستایە ئەوا هەزاران کەس بانگەوازی بۆ دروستی ئاینی ئیسلام ئەکەن ، هەڵە تێگەییشتنەکان ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان هەیە سەرەو ژێرکرنی ئەم هەڵە تێگەیشتنانە کارێکی وەها ئاسان نیە ئەوەی پێویستە ئێمە بیکەین ئەوەیە پێویستە وەکو خودا لە خودا بڕوانین و تێگەیشتنێکی دروستمان هەبێت بۆ قورئان وەکو چۆن خۆی لە سوڕەتی (القمر) دا ئەفەرمووێ (وَلَقَد يَسَّرنَـا القُرآنَ لِلذّكرِ فَهَل مِن مُدَّكِرٍ) بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووەبۆ (خوێندنەوە و تێگەیشتن و) ئامۆژگاری وەرگرتن، جا ئایا کەسێک هەیە دەرکی حەقیقەت و ڕاستی بکات و پەندی وەرگرتبێت؟ ، کەواتە قورئان بۆ ئامۆژگاریکردن و پەند وەرگرتن بۆ ئێمە نێردراوە بۆ ئەوەی لێی تێ بگەین ، تێگەیشتن لە قورئان عەقڵێکی فەلسەفی ئەوێت بە نمونە وەکو چۆن یەکێک لە ناوەکانی خودای گەورە (الخالق) واتە ئافرێنەر یاخود دروستکەر بەهەمان شێوە ئەم سیفەتە لەمرۆڤیشدا هەیە چونکە مرۆڤ منالی ئەبێت دەی ئەمەش ئافراندنە بەڵام بە قەبارە ی مرۆڤ بوون نەک خودایی بوون ، هەر وەکو چۆن خودای گەورە گەردوونی بۆ دیزاین کردووین و زەوی بۆ ڕام هێناووین و درکی بە پێویستییەکانمان کردوە هاوکات پێویستە ئێمەش درک بە ئافرێنەر بکەین وەکو خودا لە خودا بڕوانین نەک وەکو مرۆڤ، وەکو نووسەرێکی کورد کۆمەڵگە بە تەلێکی سیمدار ئەبینم بە دەوری تاکی کوردییەوە چونکە کلتور بوە بە

ئایینمان بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆز کلتورو ئاین تێکەڵ کراوە کلتور بوە بە بتێک لە مێشکماندا و ئەیپەرستین ئەوەی ئێمە لەسەرین کلتورە نەک ئایین چونکە کلتورەکەمان ئاینی پێ ناساندووین لە بری ئەوەی ئاین کلتورمان بۆ دروست بکات ئەم شتە پێچەوانە بۆتەوە بۆیە بۆ شکاندنی ئەم بتانە ئیبراهیمێکمان ئەوێت تا لەو خورافیاتانەی کلتور کردوویەتییە بەری ئاین ڕزگارمان بێت ، ئەم شتە نەک تەنها لە کوردستان بەڵکو لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییە ئیسلامییەکان پەیڕەو ئەکرێت بەبێ هۆشیاری تاک ، بیرو باوەڕی تاکی کورد بیروباوەڕێکی عەرەبیە تا باوەڕدارێکی ئیسلامی بێت چونکە ئەو دوو شتە زۆر لە یەکتر جیاوازن ، پێیان وایە ئاین و بە جێهێنانی ئەرکە ئایینیەکان وەکو نوێژو ڕۆژو گرتن بەسە بۆ تەواوکردنی شەریعەتی ئیسلامی بە پێچەوانەوە شەریعەتێک کە تێی نەگەیت و بیکەیت خراپترە لەوەی نەیکەیت و تێی بگەیت ئەو کاتە چ جیاوازییەکمان ئەبێ لەگەڵ کەسێک کە خەڵکی وڵاتێکی نامووسوڵمانەو بە مەسیحی یاخود جولەکە لە دایک ئەبێت و ئەویش بە شێوەیەکی بۆ ماوەیی ئاینەکەی بۆ ماوەتەوە کەواتە ئیمانێک کە کلتورو ترس پاڵنەری بێت ئەکرێت نەلەقێت و وەکو دانی مناڵێکی شەش ساڵان نەکەوێت ؟ بێگومان ئەگەری زۆرە کە بکەوێت و نەمێنێت کەواتە ئەم دۆخەی ئێستامان پێویستی بە شۆڕشی فکرییە بە تەنها کەسێکیش ناکرێت سەرەتا پێویستە بتەکانمان بشکێنین و دوبارە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێیین ، و خۆمان پەروەردە بکەین لەسەر بنەمای ڕاستی و دروستی ، نەک لەسەر بنەمای باو باپیرانمان ، من وەکو هەمیشە گەشبینم بە ئایندەی گەلەکەی خۆم و لەو باوەڕەدام ڕۆژێک دێت کە هەڵە تێگەیشتنەکان بۆ سێکتەری ئاینی چاک ئەبێتەوە و ئەچێتەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆی .

ئەم کتێبە پێشکەشە بە
خزم و هاوڕێ و دۆستانی ئەزیزم

❖ قەدەغە كردنی گۆشتی بەرازو خوێن و ئاژەڵی مردارەوە بوو

إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ ۖ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ

(خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و خوێن و گۆشتی بەراز و ئەو ماڵاتانەی كە ناوی غەیری خوایان لەكاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی كردووە لێتان، جا ئەگەر كەسێك پێویستی ناچاری كرد بەخواردنیان بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون، ئەوە هیچ گوناهێكی لەسەرنی یە، بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو بە بەزەیی و دلۆڤانە.(البقرة173)

إِنَّما حَرَّمَ عَلَيكُمُ المَيتَةَ وَالدَّمَ وَلَحمَ الخِنزيرِ وَما أُهِلَّ لِغَيرِ اللَّهِ بِهِ ۖ فَمَنِ اضطُرَّ غَيرَ باغٍ وَلا عادٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفورٌ رَحيمٌ

(خوای پەروەردگار) تەنها مردارەوە بوو و، خوێن و، گۆشتی بەرازو، ئەو ماڵاتانەی كە ناوی غەیری خوایان لە كاتی سەربڕیندا لەسەر هێنراوە، حەرامی كردووە لێتان، جا ئەگەر كەسێك پێویستی ناچاری كرد بە خواردنیان بێ زیادەڕەوی و لە سنوور دەرچوون، ئەوە بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو بە بەزەیی و دلۆڤانە.(النحل115)

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّـهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ۚ ذَٰلِكُمْ فِسْقٌ ۗ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِن دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ ۚ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا ۚ فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ ۙ فَإِنَّ اللَّـهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

لەسەرتان حەرام كراوە خواردنی گۆشتی مردارەوە بوو، خوێن، گۆشتی بەراز، هەروەها ئەو مالاتەش كە سەر دەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت و مالاتی خنكاویش، ئەوەش كە بە ئازارو لێدان مردار بۆتەوە، ئەوەش كە دەكەوێتە خوارەوە، ئەوەش كە بەلێدانی مالاتێكی تر مردار بووبێتەوە، ئەوانەش كە دڕندە پالاماری دابن و لێی خواردبن مەگەر فریای چەقۆ كەوتبن، (هەر حالەتێک لەوانەی باسكرا ئەگەر بە چەقۆدا بگات حەلالە)، هەروەها حەرام كراوە خواردنی گۆشتی ئەو مالاتانەی لەو شوێنانەدا سەر دەبڕدرێن كە هاناو هاواری بۆ غەیری خوا تێدا دەبرێت، هەروەها حەرامە لەسەرتان داوا كردنی چارەنووستان بەهۆی (الأزلام) وە، وەكو ئەو شتانەی كە لە ڕێگەی هەلدانی زارەوە دەست بكەوێت و فالگرتنەوە، بورجەكان، قاوە گرتنەوە،... هتد) ئەو جۆرە كردارو ڕەفتارانەتان سەرپێچی و دەرچوونە لە (فەرمانی خوا)، جا ئەمڕۆ (كە ڕۆژی عەرەفەیە) كافران نائومێد بوون لە دین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زال بن بەسەرتانداو هەرگیز نووری خوایان بۆ ناكوژێتەوە) كەواتە لەوانە مەترسن، بەلكو هەر لە من بترسن، ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەكەتانم بەكۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو كردن و ڕازیم بەوەی كە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان (جا لەگەل بڕیاردانی ئەو شتانەدا كە حەراممان كردووە) هەر كەس ناچار كرا لە گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات كە حەراممان كردووە (بەمەرجێک دەست درێژكار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەكات، ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانە (بۆ ئەو جۆرە حالەتانە).(المائدة3)

قُل لَّا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّـهِ بِهِ ۚ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

(ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) پییان بڵێ: من نابینم و دەستم ناکەوێت لەوەی کە وەحی و نیگام بۆ کراوە هیچ خواردنێکی حەرامکراو لەسەر ئەو کەسەی کە بیخوات، مەگەر خواردنی مردارەوە بوو، یان خوێنێکی ڕژێنراو، یان گۆشتی بەراز، بەڕاستی ئەو قەدەغە کراوە هەر پیسە، یاخود (ماڵاتێک) کەلە سنووری شەرع دەرچووبێت لە سەر برینەکەیدا بەوەی کەناوی غەیری خوای لەسەر برابێت، جا کەسێک ئەگەر ناچارکرا (بەهۆی گرانی یان زۆر لێکردن) لەکاتێکدا داواکارو دەرچوو نەبێت و بەردەوام نەبێت و دووبارەی نەکاتەوە، ئەوە بەڕاستی پەروەردگاری تۆ لێخۆشبوو میهرەبانە (بۆ براوادارانی ناچار). (الانعام 145)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی ئەمڕۆ زانستی پزیشکی پێی گەیشتوە کە گۆشتی بەراز و خواردنی گۆشتی بەراز مەترسیدارە چونکە ئەبێتە هۆی چەند نەخۆشییەکی درێژ خایەن وەکو نەخۆشی شەکرە ، و نەخۆشی دڵ ، و پەستانی خوێن و ، کەڵەکە بوونی چەوری لە دەمارەکانی خوێندا سەرەڕای ئەوەی کە گۆشتی بەراز پێویستی بە چوار کاتژمێرە تا بە تەواوی هەرس ببێت هەروەها هەڵگری چەند ڤایرۆسێکی مەترسیدارە کە ئەوانیش (Menangle virus، Hepatitis E virus (HEV)، Nipah virus، PRRS (Porcine Reproductive and، Respiratory Syndrome) ئەمە سەرەڕای ئەوەی بەراز ئاژەڵێکی پیسە چونکە لە کاتی خواردنی هەرشتێک پیسی و پاشەڕۆی خۆی تێکەڵ بە خواردنەکە ئەکات ئینجا ئەیخوات کەواتە بەراز ئاژەڵێکی پیسە هەروەک چۆن خوای گەورە لە سورەتی المائدة ئەفەرمووێ

(يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ ۖ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ ۙ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللَّـهُ ۖ فَكُلُوا مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُوا اسْمَ اللَّـهِ عَلَيْهِ ۖ وَاتَّقُوا اللَّـهَ ۚ إِنَّ اللَّـهَ

سَرِيعُ الْحِسَابِ)

ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێدەکەن چی حەڵاڵکراوە بۆیان؟ پێیان بڵێ:

هەرچی خۆراکی چاک و پاکە بۆتان حەڵاڵ کراوە، ئەوەش باڵندەو تانجی شکاری بۆتان ڕاو دەکەن و فێرتان کردوون (بێگومان خوا توانای بەخشیووە بە مرۆڤ بتوانێت مەشق بکات بەگیانداران و فێریان بکات ڕاوی بۆ بکەن بەتایبەتی تانجی)، دە بخۆن لەوەی بۆتان دەگرن و ناوی خوای لێ بهێنن کاتێک بەڕەڵای دەکەن و کاتێک لێی دەخۆن، هەر لە خوایش بترسن و پارێزکاربن (ئەی ڕاوچیەکان)، بەڕاستی خوا بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات (ووردو درشتی کردارو ڕەفتار فەرامۆش ناکات(المائدة ٤)

خوای گەورە زۆر بە جوانی بۆی ڕوون کردووینەتەوە کە ئەم ئاژەڵە پاکو چاک نیە بۆمان و بەهای خۆراکی باشی تێدا نیە جگە لە زیان کەواتە بۆچی شتێک بخۆین کە پاک نیەو چاک نیە بۆمان ؟ خۆی لە خۆیدا حیکمەتێکی گەورەیە ئەگەر ئێمە ژیر بین و ژیریمان بخەینە کار ئەکرێ مرۆڤ پرسیار لە خۆی بکات ئەگەر هەموو شتێک بە ڕوونی و تەواوی هاتبا ئەوکاتە عەقڵ چ سوودێکی ئەبوو لە کاتێکدا بۆ ئەوە پێمان بەخشراوە تا بیر بکەینەوەو پەی بە زانستەکانی قوئان ببەین بەدەر لەوەی لەڕووی زانستیەوە لە بابەتەکە بڕوانین ئەگەر بە شێوەیەکی بیرمەندانە لە بابەتەکە بڕوانین ئەکرێ ئەمە تاقیکردنەوەی خودایی بێت بۆمان وەکو چۆن خودا باوکە ئادەم و دایکە حەوای بە بەری درەختێک تاقی کردەوە ئەشێ ئێمەش بە سنوری خودا تاقیبکرێیینەوە ئەمەش هێندە سەخت نیە لە کاتێکدا خودا لە جۆرەها ئاژەڵیماڵی و ئاژەڵی دەریایی و باڵندەشی بۆ حەڵاڵ کردووین هەر خۆی لە خۆیدا ئەبێ ئەم فەرماییشە ببێتە جێی پرسیار بۆمان و بە دوای ڕاستیدا بگەڕێیین تا لە ڕوانگەی عەقڵانیەوە لە بابەتەکە بڕوانین نەک بە هەست و سۆز بڕیار بدەین و پێمان وابێت خودا ستەمی لێ کردووین .

❖ حوکمی کوشتنی کەسێک و کەفالەتەکەی

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى ۖ الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَىٰ بِالْأُنْثَىٰ ۚ فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ ۗ ذَٰلِكَ تَخْفِيفٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَرَحْمَةٌ ۗ فَمَنِ اعْتَدَىٰ بَعْدَ ذَٰلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، پێویست کراوە لەسەرتان: تۆڵەسەندنەوە بۆ کوژراوەکان، کەسێکی ئازاد بەکەسێکی ئازاد و بەندەش لە جیاتی بەندە و ئافرەت لە جیاتی ئافرەت (واتە هەر کەسێك بە تاوانی کوشتنی ناحەق هەستا دەبێت بکوژرێتەوە)، جا ئەوەی چاوپۆشی شتێکی لێکرا لەلایەن براکەیەوە، با حەقداری کوژراوەکە چاك ڕەفتاربێت لەگەڵ بکوژەکەداو بکوژەکە بەجوانی خوێن بەهای کوژراوەکە بدات و ئەوە کار ئاسانکردن و سۆزو میهرەبانیەکە لەلایەن پەروەردگارتانەوە (کە لەجیاتی کوشتنەوە خوێنبایی وەربگیرێت) ئەوسا ئیتر ئەوەی لەوەودوا دەستدرێژی بکات و لە سنوور بترازێت سزای بەئێشی بۆ ئامادەکراوە.(البقرة178)

وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

ئەی هۆشمەندەکان ژیانتان تەنها لە تۆڵەسەندنەوەدایە (لەو کەسانەی خەڵکی بەناحەق دەکوژن)، بۆ ئەوەی تەقواو لە خوا ترسان ببێتە پیشەتان و خۆ لە دەستدرێژی و تاوان بە دوور بگرن.(البقرة179)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی لەم دەقانەدا بە ڕوونی بۆمان دەر ئەکەوێت ئەوەیە کە خودا بە هەموو شێوەیەک کوشتنی بە ئەنقەستی لێ قەدەغە کردووین و وە سزایەکی توندی بۆ دیاری کردووین وە مافی خاوەن کوژراو هەم بکوژیش پارێزراوە بەوەی کە ستەم لە نزیکانی کوژراوەکە نەکرێت ئەگەر لە بکوژ خۆش نەبن بۆیان هەیە بیکوژنەوە بە مەرجێک زیادە ڕەوی نەکەن لە کوشتنەوەییدا خۆ ئەگەر بیانەوێت لێی خۆش ببن ئەوا فەرمانی پێ کردووین کە بکوژ بە چاکی خوێن بایی کوژراو بدات

❖ ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەرتان پێویست کراوە هەر وەکو لەسەر گەلانی پێش ئێوە پێویست کرابوو، بۆ ئەوەی خواناسی و پارێزکاری بکەن.(البقره 183)

أَيَّامًا مَعْدُودَاتٍ ۚ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۚ وَعَلَى الَّذِينَ يُطِيقُونَهُ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ ۖ فَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْرًا فَهُوَ خَيْرٌ لَهُ ۚ وَأَنْ تَصُومُوا خَيْرٌ لَكُمْ ۖ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ

چەند ڕۆژێکی ژمێرراوی دیاریکراو (کە مانگی ڕەمەزانە) خۆ ئەگەر کەسێك لە ئێوە نەخۆش بوو یان لە سەفەردا بوو با بە ئەندازەی ئەو ڕۆژانەی بۆی نەگیراوە لە ڕۆژانێکی تردا بیانگێڕێتەوەو ئەوانەش کە بە زەحمەت دەتوانن بەڕۆژوو بن (وەکو پیرەمێردو نەخۆشە بەردەوامەکان) ئەوە با ژەمێك خواردن ببەخشن بە هەژارێك، ئەوەی زیاتر ببەخشێت ئەوە باشترە بۆی، بێگومان ئەگەر بەڕۆژوو بن چاکترەو پاداشتی زۆرترە ئەگەر بزانن و (بتوانن).(البقرة184)

شَهْرُ رَمَضَانَ الَّذِي أُنْزِلَ فِيهِ الْقُرْآنُ هُدًى لِلنَّاسِ وَبَيِّنَاتٍ مِنَ الْهُدَىٰ وَالْفُرْقَانِ ۚ فَمَنْ شَهِدَ مِنْكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَنْ كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِنْ أَيَّامٍ أُخَرَ ۗ يُرِيدُ اللَّهُ بِكُمُ الْيُسْرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ الْعُسْرَ وَلِتُكْمِلُوا الْعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُوا اللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَاكُمْ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

مانگی ڕەمەزان (ئەو مانگەیە) کە قورئانی تیادا هاتۆتە خوارەوە، لەکاتێکدا ئەم قورئانە ڕێنموویی بەخشە بە خەڵکی و بەڵگەی زۆری تیادایە، لە ڕێنمووییی و جیاکردنەوەی ڕاست و ناڕاست و حەق و ناحەق، جا کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی (یان هەواڵی بینینی پێدرا)، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لەڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە، چونکە خوا ئاسانکاری بۆ ئێوە دەوێت و

نایەوێت (پەرستن و فەرزەکانتان) لەسەر قورس و گران بکات و بۆ ئەوەی ئەو ماوە دیاریکراوە تەواو بکەن و خوا بەگەورە بگرن و سوپاسگوزاریشی بکەن لەسەر ئەوەی کە ڕێنموویی کردوون (سروودی جەژن: الله اکبر الله اکبر الله اکبر، لا اله الا الله والله اکبر، الله اکبر ولله الحمد، بەجێهێنانی ئەم فەرمانە خواییەیە).(البقره 185)

أُحِلَّ لَكُمْ لَيْلَةَ الصِّيَامِ الرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَائِكُمْ ۚ هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ ۗ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ كُنْتُمْ تَخْتَانُونَ أَنْفُسَكُمْ فَتَابَ عَلَيْكُمْ وَعَفَا عَنْكُمْ ۖ فَالْآنَ بَاشِرُوهُنَّ وَابْتَغُوا مَا كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ ۚ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ الْخَيْطُ الْأَبْيَضُ مِنَ الْخَيْطِ الْأَسْوَدِ مِنَ الْفَجْرِ ۖ ثُمَّ أَتِمُّوا الصِّيَامَ إِلَى اللَّيْلِ ۚ وَلَا تُبَاشِرُوهُنَّ وَأَنْتُمْ عَاكِفُونَ فِي الْمَسَاجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ آيَاتِهِ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَّقُونَ

لە شەوگاری ڕەمەزاندا تێکەڵ بوونتان لەگەڵ هاوسەرانتاندا حەڵاڵکراوە، ئەوان پۆشاکن بۆ ئێوە و ئێوەش پۆشاکن بۆ ئەوان، خوای گەورە دەیزانی کە ئێوە خۆتان دەخەڵەتاند (لە نزیك بوونەوەتان لە هاوسەرەکانتانەوە، چونکە دوودڵ بوون و نەتاندەزانی حەڵاڵە یان نا)، بەڵام خوای میهرەبان تۆبەی لێ وەرگرتن و لێتان خۆشبوو، کەوابوو لە ئێستە بەدواوە (لە شەوگاردا) نزیکییان بکەن و ئەوە داوابکەن خوا بۆی بڕیار داون (لە نەوەی چاك و خواناس)، دە بخۆن و بخۆنەوە هەتا بە ڕوونی بەرەبەیان و سپێدەتان بۆ دەردەکەوێت و لە ڕۆژهەڵاتەوە دیاردەدات و تاریکی شەو لادەبات، لەوەودوا ڕۆژووەکەتان ببەنە سەر تا شەو دادێت و (خۆرئاوا دەبێت) و نزیکیی لەگەڵ هاوسەرەکانتاندا مەکەن لە کاتێکدا کە ئێوە بڕیاری مانەوەتان (بۆ خوا پەرستی) لە مزگەوتەکاندا داوە، جا ئەوانەی کە باسکران چەند سنوورێکی خوان و مەیانبەزێنن و نزیکیان مەکەون، ئا بەوشێوەیە خوا ئایەت و ڕێنموویییەکانی خۆی ڕوون دەکاتەوە بۆ خەڵکی بۆ ئەوەی پارێزکاری بکەن.(البقره 187)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی ئەمڕۆ زانست گەیشتبێت بە سوودەکانی ڕۆژوو گرتن ئەوەیە کە لەشی مرۆڤ کاتێک برسی ئەبێت دەست ئەکا بە خواردنی خۆی یان هەڵدەستێ بە کرداری پاکردنەوەی خۆی خانەی ژێرپەنجەییەکان و خانە بەساڵاچووەکان و زەهایمەرو بەرهەڵستی نەخۆشی شەکرەو پاڵەپەستۆو دڵ دەکات ، بەدەر لەم سوودە تەندروستیانە مانگی ڕەمەزان مانگێکی پیرۆزەو قورئانی پیرۆز لەم مانگەدا دابەزیوەتە سەر مرۆڤایەتی و نزاکردن لەم مانگەدا کە مانگی خێرو بەرەکەتە زیاتر گیرا ئەبێت لە مانگەکانی تر بەتایبەتی شەوی قەدر کە دوعا تێیدا ڕەت ناکرێتەوەو بە ڕۆژوو بوونمان لەم مانگە وا ئەکات زیاتر قەدری نیعمەتەکانی خوای گەورە بگرین و بکەوینە بیری هەژاران و بەخشندە و دەست و دڵ واڵا بین لەگەڵیان و لایان لێ بکەینەوە و هەست بە ئازاری برسێتی و نەدارییان بکەین .

❖ میرات لە قورئاندا

كُتِبَ عَلَيْكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ إِنْ تَرَكَ خَيْرًا الْوَصِيَّةُ لِلْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ بِالْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ

پێویستكراوە لەسەرتان كاتێك یەكێكتان مەرگی نزیك بووەوە سامان و ماڵ و داراییەكی بەجێ دەهێشت، با وەسیەت بكات كە هەندێكی بدرێت بە دایك و باوكی و خزمانی بەشێوەیەكی جوان و لەبارو ئەمە پێویست و ئەركە لەسەر خواناس و پارێزكاران.(البقرة180)

فَمَنْ بَدَّلَهُ بَعْدَمَا سَمِعَهُ فَإِنَّمَا إِثْمُهُ عَلَى الَّذِينَ يُبَدِّلُونَهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ

جا ئەوەی ئەو وەسیەتە دەگۆڕێت دوای ئەوەی بیستی و بەباشی وەری گرت، گوناهی تەنها لەسەر ئەوانەیە كە دەیگۆڕن، بەڕاستی خوای پەروەردگار بیسەرو زانایە (بە گوفتار و نیەتیان).(البقرة181)

فَمَنْ خَافَ مِنْ مُوصٍ جَنَفًا أَوْ إِثْمًا فَأَصْلَحَ بَيْنَهُمْ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ

جا هەر كەس دەترسا لە وەسیەت كارەكە هەڵە یان گوناهێك یان ماف خۆرییەكی ئەنجام بدات (گیروگرفت بۆ وەرەسە دروست بكات) ئینجا ڕێكی خستن، ئەوە هیچ گوناهی لەسەرنیە (بەڵكو بەخێرخواز لە قەڵەم دەدرێت) بەڕاستی خوا زۆر لێخۆشبوو میهرەبانە.(البقرة183)

يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنْثَيَيْنِ ۚ فَإِنْ كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِنْ كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِنْ كَانَ لَهُ وَلَدٌ ۚ فَإِنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ۚ فَإِنْ كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ۚ مِنْ بَعْدِ

وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّـهِ ۗ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا

خوا ڕێنموویتان دەكات و فەرمانتان پێ دەدا دەربارەی نەوەكانتان لە بواری میراتی گرتندا (ئەویش ئەوەیە) كە بەشی نێرینەیەكیان ئەندازەی بەشی دوو مێینەیانە، خۆ ئەگەر منداڵەكان تەنها ئافرەت بوون (دووان) و لە دووان زیاتر بوون ئەوە دووبەش لە سێ بەشی میراتیەكە لەوان بەش دەكرێت، خۆ ئەگەر مردووەكە تەنها كچێكی هەبوو ئەوە نیوەی داراییەكەی دەدرێتێ، شەشیەكیش دەدرێت بەهەریەک لە دایک و باوكی ئەگەر مردووەكە منداڵی هەبوو، خۆ ئەگەر مردووەكە منداڵی نەبوو، تەنها دایک و باوكی هەبوو ئەوە دایكی سێیەكی دەبات و ئەوی تریشی بۆ باوكی دەبێت، خۆ ئەگەر باوكی نەبوو دایک و براو خوشكی هەبوو شەشیەكی میرات بۆ دایكی دەبێت، ئەمانە هەمووی دوای وەسیەتێک كە مردووەكە كردوویەتی و دانەوەی قەرزو قەرزاری دەبێت، ئێوە نازانن كە باوانتان و نەوەكانتان نازانن كام لایان سوودی زیاترە بۆتان (لەبەرئەوە بەگوێرەی فەرمانی خوا میراتی دابەش بكەن، ئابەم شێوەیە میراتی دابەش كردن) فەرزە لەسەرتان كە پەیڕەوی بكەن چونكە لەلایەن خواوە دیاریكراوە، بەڕاستی خوایش هەمیشە و بەردەوام زاناو دانایە. (النساء١١)

وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۚ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم ۚ مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ ۚ وَصِيَّةً مِّنَ اللَّـهِ ۗ وَاللَّـهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ

هەروەها نیوەی میراتی ژنەكانتان دەدرێت بە ئێوە ئەگەر منداڵیان نەبوو، خۆ ئەگەر

منداڵیان هەبوو ئەوە چواریەکی میراتی ژنەکانتان بۆ هەیە، ئەمانە هەمووی دوای بەجێهێنانی وەسیەتی ژنان و دانەوەی قەرزیان بۆ ژنان چواریەکی میراتی ئێوە بڕیاردراوە ئەگەر ئێوە منداڵتان لەدوا بەجێ نەمابێت، خۆ ئەگەر منداڵتان هەبوو ئەوە هەشتیەک بۆ ژنەکە دەبێت لەوەی کە بە میراتی لێتان بەجێ ماوە، ئەمانە هەمووی دوای بەجێهێنانی وەسیەتتان و دانەوەی قەرزەکانتان، خۆ ئەگەر پیاوێک یان ئافرەتێک مرد منداڵ و باوک و باپیرو براو خوشکی دایک و باوکی نەبوو، بەڵکو تەنها خوشکێک یان برایەکی دایکی هەبوو، ئەوە شەشیەک بەشی هەر یەکێک لەوان دەبێت، خۆ ئەگەر براو خوشکی دایکی لە یەک زیاتر بوون ئەوە هەموویان هاوبەشن لە سێیەکی میراتیەکەدا (بەیەکسانی ژن و پیاو) ئەمانە هەمووی دوای وەسیەتێک کە دەکرێت، دانەوەی قەرز، لەکاتێکدا ئەو وەسیەتە زیانبەخش نەبێت بەمیراتگران، ئەمانە هەر هەمووی بڕیار و فرمانن لەلایەن خوای گەورەوە و ئەو خوایە زانا و بە حیلم و حەوسەڵەیە. (النساء ١٢)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن، (وەکو کەلوپەلی تری ناوماڵ)، ناچاریان مەکەن تا هەندێک مارەییتان بۆ بگەڕێننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیار ئەنجام بدەن، هاوژینییان بەجوانی لەگەڵدا بەرنەسەر، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیە و دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بەمایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور. (النساء١٩)

وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ ۚ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا

بۆ هەموو كەسێك و هەموو سامانێك چەند میراتبەرێكمان داناوە لەوەی كە لە دایك و باوك و خزمان بەجێ ماوە (تا بەدادپەروەریی وەكو دیاریكراوە دابەشی بكەن) و بۆ ئەوانەش كە پەیمانتان لەگەڵ بەستوون كەوا میرات لەیەكتر بگرن، مافی ئەوانیش بدەن، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام شایەتێكی ئاگادارە بەسەر هەموو شتێكدا. (النساء ٣٣)

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّـهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ ۚ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَا إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ وَإِن كَانُوا إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۗ يُبَيِّنُ اللَّـهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا ۗ وَاللَّـهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

ئەی محمد (صلی الله علیه وسلم) داوای فتوات لێدەكەن دەربارەی (كلالە) كە بریتی یە: لە كەسێك باوك و نەوەی نەبێت، تۆش بڵێ: خوا وەڵامتان دەداتەوە لەو بارەیەوە، ئەگەر كەسێك (پیاوێك) وەفاتی كردو منداڵی نەبوو، هەر تەنها خوشكێكی هەبوو، ئەوە نیوەی سامانەكەی بۆ ئەوە (نیوەكەی تریشی دەخرێتە دارایی گشتی یەوە ئەگەر هەبێت و ئەگەر نەبوو لە بەرژەوەندیەكی گشتیدا بەكار دەهێنرێت)، (بەڵام ئەگەر مردووەكە ئافرەت بوو) ئەوا براكەی هەموو میراتیەكەی دەبات، ئەگەر ئافرەتەكە منداڵی لەدوا بەجێ نەمابوو، (خۆ ئەگەر پیاوە مردووەكە) دوو خوشكی لە دوا بەجێ مابوو ئەوە دووبەش لە سێ بەشی ئەوەی بەجێی هێشتووە بۆ ئەوان دەبێت، خۆ ئەگەر میراتگران پیاوان و ئافرەتان بوون هەموویشیان لە خوشك و برا پێكهاتبوون ئەوە بۆ نێرینەیەكیان ئەندازەی بەشی دوو مێینە هەیە، خوای گەورە ئەم شتانەتان بۆ ڕوون دەكاتەوە نەوەكو سەرگەردان ببن، خوای گەورەش بە هەموو شتێك زانایە.(النساء١٧٦)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی خوای گەورە لەم دەقانە بۆی ڕوون کردووینەتەوەوە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون یەکەم شت کە لێی ئاگاداری کردووینەتەوە ئەوەیە کە لە کاتی نزیکبوونەوەمان لە مردن وەسێت بکەین وە ئاگاداریشی کردووینەتەوە لەوەی کە وەسیەتەکە بنووسرێتەوەو لەوەش بە ئاگا بین کە دەستکاری دەقی وەسیەتەکە نەکرێت لە دوای خۆمان هەروەها بەشێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە میراتی بەسەر نزیکەکانی مردووەکە دابەش کردوە بە پێی پێویستی کەسەکان ئەوەی زۆر جێی پرسیارە لە ناو موسوڵمانان ئەوەیە کە بۆچی میراتی مێیینە هێندەی میراتی دوو مێیینەیە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەڕێتەوە بۆ زیادە ئەرک و بەرپرسیارێتی ڕەگەزی نێرینە وە خوداش درکی بە پێویستیەکانی مرۆڤ کردوە هەر بۆیە بەم شێوازە بەسەر ئەندامەکاندا دابەشی کردوە چونکە کوڕ کاتێک کە هاوسەرگیری ئەکات خەرجی هاوسەرگیرییەکەی لەسەر شانە وە ئەو مارەییە بدەت بەو بڕەی کە ماڵی کچەکە داوای ئەکەن لە کاتیکدا کچ هیچ بڕە پارەیەک نادات بەماڵی مێردەکەی و وە لەسەری ئەرک نیە کە هیچ شتێک لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ماڵی مێردەکەی لە کاتێکدا کوڕ پێویستە بژێوی خێزانەکەی دابین بکات و لانەیەک دروست بکات تا بە ئارامی تێییدا بژین و شەرعی خوا بە جێ بگەیەنێ . خۆ ئەگەر ژیرانە بیربکەینەوە کاتێک کە کچەکە هاوسەرگیری ئەکات مێردەکەشی بە هەمان بڕی براکەی میرات وەر ئەگرێت ئەوکاتە یەکسان ئەبنەوە بەڵام خودای گەورە پێش وەختە درکی بە پێویستیەکانمان کردووە تا دووچاری ئازارو نارەحەتی و زیان نەبین . شتێکی تریش کە زۆر جێی سەرنجەو بە پێویستی ئەزانم قسەی لەسەر بکەم ئایەتی (١٧٦ سورەتی النساء) کە خودا فەرمانمان پێ ئەکات ئافرەتان بە زۆر نەکەین بە میرات ئەمەش لە سەردەمانێک باو بوە کە ژنێک مێردەکەی مردبا ئەبوو شوو بکاتەوە بە برای مێردەکەی خۆشبەختانە ئێستا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە خەڵکی لە هەڵەی ئەم کارە بێدار بوونەتەوە .

❖ دەسدرێژیکردن بۆ سەر مافی موسوڵمانان

وَقَاتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ وَلَا تَعْتَدُوا ۚ إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ

بجەنگن لە پێناوی ڕێبازی خوادا دژی ئەوانەی کە دژتان دەجەنگن، نەکەن دەستدرێژی بکەن (دژی ژن و منداڵ و ماڵات و... هتد) چونکە بەڕاستی خوا ئەو دەستدرێژکەرانەی خۆش ناوێت.(البقرة190)

وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ وَأَخْرِجُوهُمْ مِنْ حَيْثُ أَخْرَجُوكُمْ ۚ وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ ۚ وَلَا تُقَاتِلُوهُمْ عِنْدَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ حَتَّىٰ يُقَاتِلُوكُمْ فِيهِ ۖ فَإِنْ قَاتَلُوكُمْ فَاقْتُلُوهُمْ ۗ كَذَٰلِكَ جَزَاءُ الْكَافِرِينَ

(دەستدرێژکەران) بکوژن لە هەر کوێدا دەستتان کەوتن و دەستتان بەسەریاندا ڕۆیشت و دەریان بکەن لەو شوێنەی کە دەریان کردوون (کە شاری مەککە بوو)، بێگومان هاوەڵگەری و زۆر کردن لە ئیماندار تا پاشگەز ببێتەوە لە ئاینەکەی لە کوشتن خراپترە، مەجەنگن دژی کافران لە سنووری مزگەوتی حەرام و (کەعبە)دا هەتا ئەوان شەڕتان پێ نەفرۆشن و نە جەنگن دژتان، خۆ ئەگەر شەڕیان پێ فرۆشتن و جەنگان دژتان ئێوەش بجەنگن دژیان، چونکە هەر ئاوایە پاداشتی ئەو بێباوەڕانە.(البقرة191)

فَإِنِ انْتَهَوْا فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ

خۆ ئەگەر ئەوانە کۆڵیانداو شەڕیان وەستان، ئەوە خوا زۆر لێبوردە و میهرەبانە.(البقرة192)

وَقَاتِلُوهُمْ حَتَّىٰ لَا تَكُونَ فِتْنَةٌ وَيَكُونَ الدِّينُ لِلَّهِ ۖ فَإِنِ انْتَهَوْا فَلَا عُدْوَانَ إِلَّا عَلَى الظَّالِمِينَ

(خۆ ئەگەر کافران کۆڵیان نەداو هەر جەنگان و پیلانیان گێڕا) ئێوەش بجەنگن دژیان تا وەکو هاوەڵگەری و ئاشوب و ناخۆشی نەمێنێت، هەروەها تا دین و ئاین و بەرنامەو

فەرمانڕەوایی هەر بۆ خوای گەورە بێت، خۆ ئەگەر کۆڵیانداو وازیان هێنا، ئەوا هیچ جۆرە دژایەتیەکیان نامێنێت تەنها دژ بە ستەمکارەکانیان نەبێت.(البقرة193)

الشَّهْرُ الْحَرَامُ بِالشَّهْرِ الْحَرَامِ وَالْحُرُمَاتُ قِصَاصٌ ۚ فَمَنِ اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ فَاعْتَدُوا عَلَيْهِ بِمِثْلِ مَا اعْتَدَىٰ عَلَيْكُمْ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ مَعَ الْمُتَّقِينَ

ڕێزی مانگی حەرام پەیوەستە بە ڕێز گرتنی ئەوان بۆ مانگی حەرام (واتە: ئەگەر لەو مانگانەدا جەنگان دژتان کە جەنگ تیایدا حەرامە ئێوە حەقی بەرگریتان هەیە) و دەستدرێژی بۆ سەر هەر شتێکی حورمەتدار دەبێت تۆڵەی بسەنرێت بەبێ زیادەڕەوی، جا ئەوەی کە دەستدرێژی دەکاتە سەرتان، ئێوەش مافتان هەیە بەقەدەر دەست درێژییەکەی ئەو، تۆڵەی خۆتان بکەنەوە و لە خوا بترسن و، چاك بزانن کە بەڕاستی خوا یارو یاوەری پارێزکارانە.(البقرة194)

[*سەرنجی نووسەر]()

لێرەدا خوای گەورە مافی ئەوەی پێداووین کە نەهێڵین ستەممان لێ بکرێت بە قەدەر ئەوەی کە ستتەممان لێ ئەکرێت وڵاممان هەبێت و بەرگری لە خۆمان بکەین تا ئەو کاتەی کافران دەست لە زۆرداری هەڵ ئەگرن و کۆڵ ئەدەن لە حاڵێکدا ئەگەر وازیان هێناو ئاشتیان قبوڵ کرد ئێمەش دەست لە جەنگ هەڵگرین و بکەوینە بیری ئاشتی لە گەڵیاندا

❖ فەریزەی حەج لە قورئاندا

وَأَتِمُّوا الْحَجَّ وَالْعُمْرَةَ لِلَّهِ ۚ فَإِنْ أُحْصِرْتُمْ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ۖ وَلَا تَحْلِقُوا رُءُوسَكُمْ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْهَدْيُ مَحِلَّهُ ۚ فَمَنْ كَانَ مِنْكُمْ مَرِيضًا أَوْ بِهِ أَذًى مِنْ رَأْسِهِ فَفِدْيَةٌ مِنْ صِيَامٍ أَوْ صَدَقَةٍ أَوْ نُسُكٍ ۚ فَإِذَا أَمِنْتُمْ فَمَنْ تَمَتَّعَ بِالْعُمْرَةِ إِلَى الْحَجِّ فَمَا اسْتَيْسَرَ مِنَ الْهَدْيِ ۚ فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ فِي الْحَجِّ وَسَبْعَةٍ إِذَا رَجَعْتُمْ ۗ تِلْكَ عَشَرَةٌ كَامِلَةٌ ۗ ذَٰلِكَ لِمَنْ لَمْ يَكُنْ أَهْلُهُ حَاضِرِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ

حەج و عەمرە بەچاکی و تەواوی بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خوا ئەنجام بدەن، جا ئەگەر ڕێتان لێگیراو ئەرکەکانتان بۆ ئەنجام نەدرا (بەهۆی نەخۆشی یان هەر هۆیەکی تر) ئەوە دەتوانن ماڵاتێك بکەن بەقوربانی بەگوێرەی توانا، سەرتان مەتاشن و (ئیحرام مەشکێنن) تا قوربانییەکە ئەنجام نەدرێت و بەجێی خۆی نەگات، جا هەر کەسێکتان نەخۆش بوو یان برین و ئازارێك لە سەریدا هەبوو (پێویست بوو مووی سەری یان هەندێکی لاببات) با فیدیە بدات (کە بریتیە لەوەی) بەڕۆژوو بێت، یان خێرێك یان قوربانیەك بکات، جا هەر کاتێك کە لە ئاسوودەیی و ئاسایدا بوون، ئەوەی کە دەیەوێت نێوان حەج و عەمرە (ئیحرام بشکێنێت و پۆشاکی ئاسایی لەبەر بکات) دەبێت بە گوێرەی توانای خۆی قوربانییەك بکات، ئەوەش کە نەیبوو قوربانی بکات، با سێ ڕۆژ لە حەج بەڕۆژوو بێت و حەوت ڕۆژیش کە گەڕانەوە (ناو ماڵ و حاڵی خۆیان) ئەوە دەکاتە، دە، ڕۆژی تەواو، جا ئەمە بۆ ئەو کەسانەیە کە خەڵکی مەککەو دەورو بەری نین، لە خوا بترسن و پارێزکاربن و بزانن کە بەڕاستی خوا سزاو تۆڵەی زۆر سەختە (لەوانەی کە سەرپێچی دەکەن).(البقرة 196)الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَعْلُومَاتٌ ۚ فَمَنْ فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي الْحَجِّ ۗ وَمَا تَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللَّهُ ۗ وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ ۚ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ

حەج لە چەند مانگێکی دیاریکراودایە و (خۆی بۆ ئامادە دەکرێت و نیەتی لێدەهێنرێت) جا ئەوەی کە لەو مانگانەدا دەستبەکار بوو و بڕیاریدا حەج بکات، ئەوە دەبێت نزیکی هاوسەری نەکەوێت و شەڕە چەپۆک و گوناهو موجادەلە و گوفتاری نادروست ئەنجام نەدات، بێگومان هەر خێرو چاکەیەک ئەنجام بدەن خوا پێی دەزانێت و ئاگادارە لێی، بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرەو توێشوو بخەن، بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە، بەردەوامیش لە من بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان.(البقرة197)

لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَبْتَغُوا فَضْلًا مِنْ رَبِّكُمْ ۚ فَإِذَا أَفَضْتُمْ مِنْ عَرَفَاتٍ فَاذْكُرُوا اللَّهَ عِنْدَ الْمَشْعَرِ الْحَرَامِ ۖ وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ وَإِنْ كُنْتُمْ مِنْ قَبْلِهِ لَمِنَ الضَّالِّينَ

هیچ گوناهبار نابن ئەگەر لە کاتی حەجدا لە فەزڵی پەروەردگارتان، خۆتان بەهرەوەر بکەن (وەک بازرگانی و شت کڕین) هەر کاتێک لە عەرەفات دابەزین و گەڕانەوە، یادی خوا بکەن لەلای (مشعر الحرام کە: کێوێکە لە داوێنی مزدلفة دا) و یادیشی بکەن وەک چۆن ڕێنموویی کردوون و هیدایەتی داوون، چونکە بەڕاستی ئێوە پێش ئەم ئاین و ڕێنووماییە سەرگەردان و گومڕا بوون.(البقرة198)

فَإِذَا قَضَيْتُمْ مَنَاسِكَكُمْ فَاذْكُرُوا اللَّهَ كَذِكْرِكُمْ آبَاءَكُمْ أَوْ أَشَدَّ ذِكْرًا ۗ فَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَقُولُ رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا وَمَا لَهُ فِي الْآخِرَةِ مِنْ خَلَاقٍ

جا هەر کاتێک ئەرک و مەناسیکەکانتان بەجێ هێنا، ئەوکاتە یادی خوا بکەن هەروەکو چۆن یادی باو وباپیرانتان دەکەن (کاتی خۆی عەرەب زۆر خۆیان هەڵکێشاوە بە باوو باپیریانەوەو باسیان کردوون) یاخود زۆر زیاتریش لەوان، جا هەندێک لە خەڵکی هەیە کە دەڵێت: پەروەردگارا هەرچیمان پێ دەبەخشیت لە دنیادا پێمان ببەخشە، بێگومان ئەو جۆرە کەسە لە قیامەتدا بێ بەهرەو بێ بەش و بێ ڕێزە.(البقره 200)

۞ وَاذْكُرُوا اللَّهَ فِي أَيَّامٍ مَعْدُودَاتٍ ۚ فَمَنْ تَعَجَّلَ فِي يَوْمَيْنِ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ وَمَنْ تَأَخَّرَ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ ۚ لِمَنِ اتَّقَىٰ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّكُمْ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ

له ڕۆژانێکی دیاریکراودا (که ڕۆژانی جەژنی قوربانه) یادی خوا بکەن ئەوەی که پەله بکات و له دوو ڕۆژدا شەیتان ڕەجم بکات ئەوه هیچ گوناهی لەسەرنییه، ئەوەش دوای بخات و (به سێ ڕۆژ ئەنجامی بدات) هەرگوناهی لەسەر نییه، بەتایبەت بۆ ئەوانەی که خۆیان له نافەرمانی خوا دەپارێزن، جا له خوا بترسن و بزانن سەرئەنجام ئێوه بۆ لای ئەو دەگەڕێنەوه، (لەبەردەم دادگای ئەودا) کۆ دەکرێنەوه.(البقرة203)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَقْتُلُوا الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ ۚ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاءٌ مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَوْ عَدْلُ ذَٰلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ ۗ عَفَا اللَّـهُ عَمَّا سَلَفَ ۚ وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللَّـهُ مِنْهُ ۗ وَاللَّـهُ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوه لەکاتێکدا ئێوه له ئیحرامدان (نیەتی حەج یا عەمرەتان هێناوه) نێچیر ڕاو مەکەن، ئەوەی بەئارەزوو ڕاو بکات و نێچیر بکوژێت له تۆڵەیدا دەبێت قوربانیەکی وەک ئەو نێچیره پێشکەش بکات و ئەو بڕیارەش دەبێت دووکەسی شارەزای دادپەروەر له خۆتان بیدەن و قوربانیەکەش دەبێت پێشکەش بکرێت له دەوروبەری کەعبەدا، یاخود بەقەدەر نرخی قۆچەکه خۆراک پێشکەش بەهەژاران بکات، یاخود بەقەدەر ژمارەی هەژاران (که خۆراکیان بەردەکەوێت) بەڕۆژوو بێت، تا تاڵاوی سەرپێچی خۆی بچێژێت، له ڕابوردووشدا هەرچی لەو بابەتانه ڕوویداوه خوا قەڵەمی چاوپۆشی بەسەردا هێناوه، جا ئەوەی ئەم هەڵانه دووباره بکاتەوه خوا تۆڵەی لێدەسێنێت، چونکه خوا باڵادەست و تۆڵه سێنەرێکی (به زەبره).(المائده 95)

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ ۖ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا ۗ وَاتَّقُوا اللَّـهَ الَّذِي إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ

ڕاوکردن و خواردنی زیندەوەرانی دەریایی بۆتان حەڵاڵ کراوە، لەبەر سوودی ئێوە و ئەو کەسانەش کە لە سەفەردان و ڕاوی زیندەوەرانی دەشتی و کێوی لێتان حەرامە هەتا لە ئیحرامدا بن، لەو خوایە بترسن کە هەر بۆ لای ئەو کۆ دەکرێنەوە (بۆ لێپرسینەوە).(المائدة96)

ثُمَّ لِيَقضوا تَفَثَهُم وَليوفوا نُذورَهُم وَليَطَّوَّفوا بِالبَيتِ العَتيقِ

لەوەودوا با چڵك و ئارەق و موو و نینۆك لە خۆیان دووربخەنەوە (ئیحرام بشکێنن)، هەروەها وەفا بکەن بە نەزرەکانیان و جێبەجێی بکەن و بەدەوری ماڵی دێرین و بەنرخی خوا (کەعبە)دا، با (طواف) بکەن.(الحج 29)

* سەرنجی نووسەر

حەج ئەرکێکی مەرجدارە و خوای گەورە لەسەر هەژاران یان ئەوکەسانەی کە توانای دارایيان نیە لەسەریان ئەرک نیە کە حەجی ماڵی خوا بکەن ، ئەو کەسانەش ئەرکە لەسەریان بۆ بەجێهێنانی ئەم ئەرکە و پاکبوونەوە لە تاوان و گوناه هەروەها سەردانی ئەو شووێنە بکەن کە پێخەمبەرەکەیان تێیدا لە دایک بووەو تێیدا ژیاوە ئەمەش لە ژێر ئامۆژگاری خودای گەورە و ئەو شتانەی کە لەکاتی بەجێهێنانی ئەم ئەرکە قەدەغەیە لێمان .

❖ قەدەغەی جەنگ لەم مانگانەدا

يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ ۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ ۖ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ ۚ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ ۗ وَلَا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّىٰ يَرُدُّوكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا ۚ وَمَنْ يَرْتَدِدْ مِنْكُمْ عَنْ دِينِهِ فَيَمُتْ وَهُوَ كَافِرٌ فَأُولَٰئِكَ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ ۖ وَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا (کە بریتین لە ـ ذوالعقدة ـ ذوالحجة ـ محرم ـ ڕجب)، بڵێ: جەنگ لەو جۆرە مانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە، بەرهەڵستی ڕێبازی خواو بێ باوەڕی پێی، جەنگ لەمزگەوتی حەرامدا و دەربەدەر کردنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لای خوا (لە کوشتنی کەسێک یان چەند کەسێک لە مانگی حەرامدا) هەروەها ئازاردانی ئیماندار تا هاوەڵگەر بێت پاشگەز بێتەوە تاوانێکە لە کوشتن گەورەترە، (بێگومان بێ باوەڕان) بەردەوام دژتان دەجەنگن هەتا واتان لێبکەن لە دین و ئاینتان پاشگەز ببنەوە، ئەگەر بۆیان بکرێت، جا هەر کەس لە ئێوە پاشگەز بێتەوە لە ئاینەکەی و بە کافریش بمرێت، ئا ئەو جۆرە کەسانە کارەکانیان پووچەڵ دەبێت لە دنیاو قیامەتدا و ئەوانە جێنشینی ناو ئاگری دۆزەخن و ژیانی هەمیشەیی تیایدا دەبەنە سەر.(البقره 217)

فَإِذَا انسَلَخَ الْأَشْهُرُ الْحُرُمُ فَاقْتُلُوا الْمُشْرِكِينَ حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ وَخُذُوهُمْ وَاحْصُرُوهُمْ وَاقْعُدُوا لَهُمْ كُلَّ مَرْصَدٍ ۚ فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَخَلُّوا سَبِيلَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّـهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

جا کاتێک مانگە حەرامەکان بەسەرچوون (کە بریتیە لە: ذوالقعدة، ذوالحجة، محرم، ڕجب) ئەوە هاوەڵگەرانی پەیمان شکێن بکوژن لەهەر کوێ دەستتان لێیان گیر بوو، یاخود بەدیل بیانگرن، سنوور دانێن بۆ چالاکیان، هەروەها کەمین و بۆسەیان لە هەموو شوێنێکی لەباردا بۆ دانێن، جا ئەگەر (پێش ئەوەی دەستی ئێوەیان بگاتێ) تەوبەیان کردو

وازیان هێنا لەو کارەیان و نوێژیان کردو زەکاتیاندا، ئەوە وازیان لێبهێنن و ڕێیان بۆ چۆڵ بکەن، چونکە بەڕاستی خوا لێخۆشبوو دلۆڤانە (ئەگەر ڕاست بکەن، خۆ ئەگەر بە ڕاستیشیان نەبێت ئێوە حسابی ڕواڵەت بکەن).(التوبة5)

وَإِنْ أَحَدٌ مِّنَ الْمُشْرِكِينَ اسْتَجَارَكَ فَأَجِرْهُ حَتَّىٰ يَسْمَعَ كَلَامَ اللَّـهِ ثُمَّ أَبْلِغْهُ مَأْمَنَهُ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لَّا يَعْلَمُونَ

خۆ ئەگەر کەسێک لە هاوەڵگەران داوای پەنای لێ کردیت (ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، ئەی ئیماندار)، ئەوە تۆیش پەنای بدە هەتا گوێی لە فەرموودەکەی خوا (قورئان) دەبێت، پاشان بیگەیەنە بەو شوێنەی دەیەوێت و (ماڵ و گیان و ژیانی) تیایدا پارێزراوە، ئەم میهرەبانیە لەبەر ئەوەیە ئەوانە کەسانێکن نازانن (خواناسی چیە).(التوبة6)

فَإِن تَابُوا وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَآتَوُا الزَّكَاةَ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ ۗ وَنُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ

جا ئەگەر تەوبە بکەن و پەشیمانی دەربڕن و نوێژەکانیان ئەنجام بدەن و زەکات لە ماڵ و سامانیان دەرکەن، ئەوە برای دینی ئێوەن، ئێمەیش ئایەت و فەرمانەکان ڕوون دەکەینەوە بۆ کەسانێک کە دەیزانن.(التوبة11)

إِنَّمَا النَّسِيءُ زِيَادَةٌ فِي الْكُفْرِ ۖ يُضَلُّ بِهِ الَّذِينَ كَفَرُوا يُحِلُّونَهُ عَامًا وَيُحَرِّمُونَهُ عَامًا لِّيُوَاطِئُوا عِدَّةَ مَا حَرَّمَ اللَّـهُ فَيُحِلُّوا مَا حَرَّمَ اللَّـهُ ۚ زُيِّنَ لَهُمْ سُوءُ أَعْمَالِهِمْ ۗ وَاللَّـهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ

بەڕاستی دواخستن و دەستکاری کردنی ئەو مانگانەی کە جەنگ تیایاندا حەرامە، بۆ کاتێکی تر؛ سەرکەشی و ڕۆچونێکی زیاترە لە کوفرو خوانەناسیدا، ئەوانەی کە بێ بڕوا بوون پێی گومڕا دەکرێن، ساڵێک ئەو دەستکاریە بەحەڵاڵ دادەنێن و ساڵێکیش بەحەرام، بۆ ئەوەی ئەو مانگانە ڕێک بکەون لەگەڵ ژمارەی ئەو مانگانەی کە خوا حەرامی کردوون، بەم جۆرە ئەوەی خوا حەرامی کردبوو حەڵاڵیان دەکرد، ئەوانە کردارە

ناپەسەندەكانی خۆیان لا جوان كرابوو، خوایش هیدایەت و ڕێنموویی هۆزی بێ باوەڕان ناكات.(التوبة37)

* سەرنجی نووسەر

خودای گەورە فەرمانی بە مووسوڵمانان كردوە كە لەم مانگانەدا جەنگ نەكەن و لێی قەدەغە كردووین لەم مانگانەدا دژی كافران بجەنگین و بە تاوانێكی گەورەی وەسفكردوە تا كۆتایی هاتنی ئەم مانگانە جەنگ لە سەر مووسوڵمانان حەرام كراوە

❖ قەدەغەکردنی مەیی و قومار لە قورئاندا

۞ يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ ۖ قُلْ فِيهِمَا إِثْمٌ كَبِيرٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَإِثْمُهُمَا أَكْبَرُ مِنْ نَفْعِهِمَا ۗ وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ ۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الْآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ

پرسیارت لێ دەکەن دەربارەی عەرەق و قومار، پێیان بڵێ: لەو دووانەدا تاوان و گوناهێکی گەورە هەیە، هەر چەندە چەند سوودێکیشان تێدایە بۆ خەڵکانێک، بێگومان گوناهەکەیان گەورەترە لە کەڵک و سوودیان، پرسیارت لێدەکەن کە چی ببەخشن؟ پێیان بڵێ: هەرچیتان لێ زیادە دەتوانن بیبەخشن، ئا بەو شێوەیە خوای گەورە ئەم بەڵگەو فەرمانانەتان بۆ ڕوون و ئاشکرا دەکات بۆ ئەوەی بیر بکەنەوەو (واز لەو شتانە بهێنن کە زیانیان زۆرترە لە سوودیان، وەچی بۆ هەردوو جیهانتان چاکە ئەوە بکەن)...(البقرە 219)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالْأَنصَابُ وَالْأَزْلَامُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دڵنیابن کە عەرەق و قومارو گۆشتی ماڵاتی سەربڕاو بۆ غەیری خوا لەو شوێنانەی کە خەڵک بەپیرۆزی داناوە نەک ئیسلام، بورج حەرام و حەڵاڵ زانین بەهۆی هەڵدانی زارەوە ئەمانە هەرپیسن و لەکاروکردەوەی شەیتانن، کەواتە ئێوەش خۆتانی لێ دوور بگرن و خۆتانی لێ بپارێزن، بۆ ئەوەی سەرفرازیی و بەختەوەریی بەدەست بهێنن (لە هەردوو جیهاندا).(المائدە 90)

إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاءَ فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللَّـهِ وَعَنِ الصَّلَاةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ

بەڕاستی شەیتان هەر دەیەوێت لە ڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغزو کینە بخاتە نێوانتانەوە و لەیادکردنی خوا و ناوە پیرۆزەکانی وێڵتان بکات، هەروەها سست و

تەمەڵتان بکات لە ئەنجامدانی نوێژەکان بە شێنەیی، ئایا ئیتر بەس نیە؟ ئایا کۆڵ نادەن؟!

(جا هەر کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە، جاڕ درا بە ناو شاری مەدینەدا کە عەرەق حەرام کراوە، ئەوسا ئیمانداران قەڕابە و گۆزە و دیزە و هەرچی عەرەقی تیادا بوو ڕشتیانە کۆڵان).(المائدة91)

[* سەرنجی نووسەر]()

قومارکردن و عەرەق خواردنەوە حەرامکراوە لەسەر مووسوڵمانان ئەوەی جێی تێبینییە (نەک تەنیا لە قورئان بەڵکو لە ئینجیل و تەوڕاتیشدا قەدەغە کراوە لەسەر شوێنکەوتووانی ئەو ئاینیانە)ئەمەش بە هۆی ئەوەی قومار زەرەرەو زیانە بۆ خاوەنەکەی ووا ئەکات ماڵ و سامانی بە هۆی یارییەکی پڕ فێڵ و درۆکردنەوە بدۆڕێنێت هەرچی خواردنەوەی مەیە ئەمەشیان سەرخۆشکەرەو هۆشی مرۆڤ ئەبات ئەشێ لەو کاتانەی کە مەستە چەندین کاری هەڵە ئەنجام بدات و ماڵی خۆی و خەڵکی وێران بکات و ببێتە هۆی زەرەرو زیان و ئازار بۆ کەسانی تر بە تایبەت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا ، سەرەڕای زیانە تەندروستیەکەی کە ئەبێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و تووشبوون بە جەڵدە و زانایان توێژینەوەیەکیان ئەنجام داوە تایبەت بە خواردنەوە کحولییەکان بە شێوەیەکی ناڕێك و زۆر، بۆیان دەرکەوتووە، لەم کاتانەدا مێشک لاواز دەبێت و هەست و حەزی خواردن زۆرتر دەبێت. توێژینەوە بەریتانییەکەئاشکرای کردووە، کە زۆربەی خەڵک دوای بە کارهێنانی شەراب حەزی خواردنیان زۆر دەبێت، ئەمە جگە لەوەی بۆ ماوەی٣ ڕۆژ کحوڵ لە مێشك دەمێنێتەوە بە شێوەیەك کە فەرمانەکان بە تەواوی ناگاتە مێشك. ئەوهیشیان ئاشکرا کردووە، کە کحول خۆی ڕێژەیەکی زۆری کالۆری هەیە، خەڵکێکی زۆر بەهۆی خواردنەوەی شەراب قەڵەو دەبن، هەر ئەو قەڵەویەیش دەبێتە هۆی گیان لەدەستدان بە ڕێژەیەکی زۆر، کە ٩٠% ی گیان

لەدەستدانەکان لە تەواوی جیهان دەگەڕێتەوە بۆ سەرنەکەوتنی جگەر و ئەنجامنەدانی کارەکانی بەڕێکی بەتایبەت لەو کەسانەی کە قەڵەون دوو بەرانبەر بۆی ژەهراوی ترە. توێژینەوەیکی نەخۆشخانەی هەرسی سویسڕی تایبەت بە نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس مەترسییەکی نوێی خواردنەوە کحولییەکانی لەسەر تەندروستی مرۆڤ ئاشکرا کردووە، کە ئەنجامی توێژینەوەکە خۆی لە خۆیدا ترسێکی زۆر لە لای مەی خۆران دروست کردووە.لە توێژینەوەکە بە وردی زیانەکانی خواردنەوەی شەراب ئاشکرا کردووە لەسەر کۆئەندامی هەرس و بڵاوی کردووەتەوە: "زۆر خواردنەوەی مەی دەبێتە هۆی وێرانکردنی خانەکانی گەدەو تێکدانی سیتەمی هەرس".لەگەڵ ئەوەیشدا شەرابی سوور بەهۆی بەرزی پلەی ترشێتیەکەی و خەستی ئاستی کحول لەناویدا دەبێتە هۆی لەناوبردنی بەکتریا سوود بەخشەکانی ناو گەدە. ئەو جۆرە مەشروبانەیش، کە ئاستی کحول لەناویدا % ٤٠ بێت ئەوە لە ماوەی یەك خولەكدا بەکتریا سوود بەخشەکانی ناو دەم لەناو دەبات. ئەم توێژەرەوەیە وردتر سەرنجی خستووەتە سەر ئەوەی خواردنەوەی ئەو جۆرە خواردنەوانەی ئاستی کحول لەناویاندا بەرزە، زیان بە دیواری گەدە دەگەیەنێت و ئەگەری زۆرە هەندێکیان برینی بچووك لەناو گەدەدا درووست بکەن. ئەگەر ڕێژەی کحول لە ناو خواردنەوەکە % ١٠ بێت ئەوا گەدە پێویستی بە ٢٤ کاتژمێر هەیە بۆ ئەوەی باش ببێتەوە، پزیشکەکان دەڵێن بەردەوام خواردنەوەی مەی دەبێتە هۆی سکچوون و دڵتێکهەڵاتن و زۆر بوونی ئاستی بەکتریا زیان بەخشەکان و کەمبوونەوەی ڕێژەی بەکتریا سوود بەخشەکان لەناو گەدەدا. ، ئەمە بەدەر لەوەی کە هۆکارێکە بۆ لە دەستدانی ژیری و کەسەکە بە بێ ئاگایانەو دوور لە بەها ئەخلاقیەکان ڕەفتار ئەکات و کەسایەتی لەکە دار ئەبێت .

❖ دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت

وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ ۖ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِي الْمَحِيضِ ۖ وَلَا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطْهُرْنَ ۖ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللَّهُ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ

(ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پرسیارت لێدەکەن دەربارەی (عادەتی مانگانەی ئافرەت) پێیان بڵێ: ئەوە ئازارو زەرەرە، کەوابوو خۆتان بە دوور بگرن لە هاوسەرەکانتان کە لەو حاڵەتەدا بن و نزیکیان مەکەون تا پاک دەبنەوە، جاکاتێک پاک و خاوێن بوونەوەو خۆیان شت بچنە لایان، بەو شێوەیەی کە خوا فەرمانی داوە، بەڕاستی خوا تەوبەکاران و پاکانی خۆشدەوێت (ئەوانەی ڕواڵەت و ناوەڕۆکیان پاکە).(البقرة 222)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی کە تا ئەمڕۆ زانستی پزیشکی پێی گەیشتوە ئەوەیە کە عادەتی مانگانەی ئافرەتان ، کە زۆربەی ژنان لەکاتی سووڕی مانگانەدا ئازاریان هەیە کە لە ئەنجامی کرژبوونی منداڵدان دروست دەبێت کاتێ دەیەوێ ناوپۆشەکەی فڕێ بدات. لە زۆربەی ئافرەتاندا ئازارەکە کەمە. لە هەندێکی دیکەدا ئازارەکە زۆرە و هاوڕێ دەبێت لەگەڵ ئازاری پشت و سەرئێشە و سکچوون و ئێڵنج و رشانەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ئازارەکە بەهۆی خودی سووڕەکەوەیە، بەڵام دووریش نییە بەهۆی نەخۆشییەکەوە بێت وەک: گرێی منداڵدان. هەربۆیە خوای گەورە فەرمان بە ئافرەتان ئەکات کە لە مانگی ڕەمەزاندا بە ڕۆژوو مەبن چونکە باروودۆخی جەستەیی و هەم دەروونی ئافرەت لەبارا نیە و ناچار ناکرێن کە بە ڕۆژوو بن و نزیکبنەوە لە مێردەکانیان .

❖ تەڵاق لە قورئاندا

وَالْمُطَلَّقَاتُ يَتَرَبَّصْنَ بِأَنْفُسِهِنَّ ثَلَاثَةَ قُرُوءٍ ۚ وَلَا يَحِلُّ لَهُنَّ أَنْ يَكْتُمْنَ مَا خَلَقَ اللَّهُ فِي أَرْحَامِهِنَّ إِنْ كُنَّ يُؤْمِنَّ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۚ وَبُعُولَتُهُنَّ أَحَقُّ بِرَدِّهِنَّ فِي ذَٰلِكَ إِنْ أَرَادُوا إِصْلَاحًا ۚ وَلَهُنَّ مِثْلُ الَّذِي عَلَيْهِنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

ژنانی تەڵاقدراو، دەبێت تا سێ جار عادەتی مانگانە چاوەڕێ بکەن و (شوونەکەنەوە) و حەڵاڵ نیە بۆیان ئەوەی خوا لە منداڵدانیاندا دروستی کردووە (منداڵ یان حەیز) بیشارنەوە، ئەگەر باوەڕیان بە خواو بەرۆژی دوایی دامەزراوە، (لەو ماوەیەدا) هاوسەرەکانیان شایستەن بەگێرانەوەیان لە ماوەی چاوەڕوانی و عیدەدا، ئەگەر ویستیان چاکسازی لە ژیانی خۆیاندا بکەن (ئەمەش بۆ تەڵاقی ڕەجعی یە)، ژنان مافیان هەیە بەسەر پیاوانەوە بەوێنەی ئەو مافانەی کە بۆ پیاوانە لەسەر ژنان بەگوێرەی باو و نەریتێک کە پەسەندە لە ئیسلامدا و پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە یەک پلەیان هەیە (ئەویش دەسەڵاتی گێرانەوەی ژنەکانیانە لەکاتی تەڵاقی ڕەجعیدا)و خوا باڵادەست و دانایە (باڵادەستە بەسەر هەمووانداو دانایە لە دابەشکردنی ماف و ئەرکەکاندا).(البقرة228)

الطَّلَاقُ مَرَّتَانِ ۖ فَإِمْسَاكٌ بِمَعْرُوفٍ أَوْ تَسْرِيحٌ بِإِحْسَانٍ ۗ وَلَا يَحِلُّ لَكُمْ أَنْ تَأْخُذُوا مِمَّا آتَيْتُمُوهُنَّ شَيْئًا إِلَّا أَنْ يَخَافَا أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا فِيمَا افْتَدَتْ بِهِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا ۚ وَمَنْ يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ

تەڵاقێک (کە پیاو بتوانێت هاوسەرەکەی تێدا بگێڕێتەوە) دووجارە، دووکەڕەتە (پیاو بۆی هەیە تەڵاقی هاوسەرەکەی بدات و چاکترین شێوازی ئەوەیە کە لە سوننەتی پێغەمبەردا (صلی الله علیه وسلم) ڕوون کراوەتەوە)، لەوەودوا واتە بۆ سێهەم جار ئیتر ئەگەر دەیەوێت ژیانی هاوسەریی بباتە سەر (نابێت تەڵاق بێت بەدەمیداو ئەگەر هات) دەبێت

بەچاكی و بەڕێک و پێكی دەست بەرداری ببێت و بۆتان حەڵاڵ نیە هیچ شتێكیان لێ بسێننەوە لە مارەیی و ئەو شتانەی پێتان بەخشیوون، مەگەر بترسن لەوەی كە نەتوانن سنوورەكانی خوا چاودێری بكەن و (ستەم لە یەک بكەن)، خۆ ئەگەر (ئەی قازییەكان، ئەی خێرخوازان) ترسان لەوەی كە ژن ومێردەكە سنووری خوا ڕاناگرن و (خۆیان گوناهبار دەكەن) ئەوە ئێوە هیچ گوناهبار نابن كاتێک كە دڵنیان ئافرەتەكە دەیەوێت (بە هەندێک سامان، یان دەست هەڵگرتن لە هەندێک مارەیی) خۆی ڕزگار بكات، دڵنیابن ئەو شتانەی كە باسكران سنوورەكانی خوای پەروەردگارن، لێی مەترازێن و سنوورشكێنی مەكەن، ئەوەی دەستدرێژی بكاتە سەر سنوورەكانی خوا، ئا ئەو جۆرە كەسانە ستەمكارن.(البقره 229)

فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا تَحِلُّ لَهُ مِنْ بَعْدُ حَتَّىٰ تَنْكِحَ زَوْجًا غَيْرَهُ ۗ فَإِنْ طَلَّقَهَا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا أَنْ يَتَرَاجَعَا إِنْ ظَنَّا أَنْ يُقِيمَا حُدُودَ اللَّهِ ۗ وَتِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ يُبَيِّنُهَا لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ

خۆ ئەگەر (بۆ جاری سێهەم، پیاو ژنەكەی خۆی) تەڵاقدا، ئەوە ئیتر جارێكی تر بۆی حەڵاڵ نابێت مەگەر دوای ئەوەی شوویەكی تر بكات و (هاوسەری دووهەمی بەشێوەیەكی ئاسایی تەڵاقی بدات، یان بمرێت)، ئەوە بۆیان هەیە بگەڕێنەوە بۆ لای یەكترو (ژیانی ژن و مێردایەتی دەست پێبكەنەوە)، ئەگەر گومان و ڕایان وابوو دەتوانن سنوورەكانی خوا ڕاگرن و (ژیانێكی ئاسودەیی ببەنە سەر)، جا ئەوەی كە باسكرا سنوورەكانی خوای گەورەن، ڕوونیان دەكاتەوە بۆ گەلێک كە بزانن و تێبگەن.(البقرة230)

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمْسِكُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ أَوْ سَرِّحُوهُنَّ بِمَعْرُوفٍ ۚ وَلَا تُمْسِكُوهُنَّ ضِرَارًا لِتَعْتَدُوا ۚ وَمَنْ يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُ ۚ وَلَا تَتَّخِذُوا آيَاتِ اللَّهِ هُزُوًا ۚ وَاذْكُرُوا نِعْمَتَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَمَا أَنْزَلَ عَلَيْكُمْ مِنَ الْكِتَابِ وَالْحِكْمَةِ يَعِظُكُمْ بِهِ ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

کاتێک ژنانی هاوسەرتان تەڵاقداو ئەوانیش گەیشتنە کۆتایی (عیددەیان) ئەوسا یان بیانهێڵنەوە لای خۆتان بەچاکە و ڕێزەوە، یان دەست بەرداریان ببن بە چاکە و ڕێزەوە، مەیان هێڵنەوە بە ئێش و ئازارەوە بۆ ئەوەی دەست درێژی و ستەمیان لێبکەن، هەرکەس ئەوە بکات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە، نەکەن ئایەت و ڕێنموویییەکانی خوا بەگاڵتە بگرن، یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها یادی ئەو شتانە بکەنەوە کە لە قورئاندا بۆتان ڕەوانە کراوە کە پڕە لە دانایی، لەکاتێکدا ئامۆژگاریتان دەکات بەوانە و هەوڵ بدەن خواناس و ئاین پەروەر بن و چاک بزانن کە: بەڕاستی، خوا بە هەموو شتێک زانایە.(231البقره)

وَإِذَا طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ فَبَلَغْنَ أَجَلَهُنَّ فَلَا تَعْضُلُوهُنَّ أَنْ يَنْكِحْنَ أَزْوَاجَهُنَّ إِذَا تَرَاضَوْا بَيْنَهُمْ بِالْمَعْرُوفِ ۗ ذَٰلِكَ يُوعَظُ بِهِ مَنْ كَانَ مِنْكُمْ يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ ۗ ذَٰلِكُمْ أَزْكَىٰ لَكُمْ وَأَطْهَرُ ۗ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ

هەروەها ئەگەر ژنانتان تەڵاقداو گەیشتنە کۆتایی عادەی مانگانەیان، ئێوە (ئەی کەسوکاری ژن) مەبنە کۆسپ لە ڕێگەیاندا ئەگەر ویستیان شوو بکەنەوە بە هاوسەرەکانیان، (یاخود ویستیان شوویەکی تر بکەن)، کاتێک ئەوان لە نێوان خۆیاندا ڕەزامەندییان نواند بە شێوەیەکی جوان، ئەم (فەرمان و ڕێنموویيانە) ئامۆژگاری ئەو کەسانەی پێ دەکرێت لە ئێوە کە باوەڕی بە خواو ڕۆژی قیامەت هەبێت، ئەو جۆرە ڕەفتار و کردەوانەتان جوانترو پەسەندترو خاوێنترە، خوای پەروەردگاریش چاک دەزانێرت (چی خێرە بۆتان) و ئێوە نایزانن و دەرکی ناکەن.(البقره 232)

۞ وَالْوَالِدَاتُ يُرْضِعْنَ أَوْلَادَهُنَّ حَوْلَيْنِ كَامِلَيْنِ ۖ لِمَنْ أَرَادَ أَنْ يُتِمَّ الرَّضَاعَةَ ۚ وَعَلَى الْمَوْلُودِ لَهُ رِزْقُهُنَّ وَكِسْوَتُهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ لَا تُكَلَّفُ نَفْسٌ إِلَّا وُسْعَهَا ۚ لَا تُضَارَّ وَالِدَةٌ بِوَلَدِهَا وَلَا مَوْلُودٌ لَهُ بِوَلَدِهِ ۚ وَعَلَى الْوَارِثِ مِثْلُ ذَٰلِكَ ۗ فَإِنْ أَرَادَا فِصَالًا عَنْ تَرَاضٍ مِنْهُمَا وَتَشَاوُرٍ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَا ۗ

وَإِنْ أَرَدْتُمْ أَنْ تَسْتَرْضِعُوا أَوْلَادَكُمْ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِذَا سَلَّمْتُمْ مَا آتَيْتُمْ بِالْمَعْرُوفِ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

دایکان (تەڵاقدراو بن یان نەء) دوو ساڵی تەواو با شیر بە منداڵەکانیان بدەن بۆ هەر کەس کە دەیەوێت شیری تەواو بدات و پێویستە لەسەر ئەو کەسەی خاوەنی منداڵەکەیە (واتە باوکی یان بەخێوکەری) ڕزق و ڕۆزی و پۆشاک بە شێوەیەکی جوان و پەسەندی ئایین ئامادە بکات، ئەرک لەسەر هیچ کەس دانانرێت جگە لە تواناى خۆی، نابێت هیچ دایکێک زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆی منداڵەکەیەوە، هەروەها باوکیشی نابێت زیانی پێ بگەیەنرێت بەهۆیمنداڵەکەیەوە و لەسەر میراتگری منداڵەکەشە وێنەی ئەو مافانەی کە باسکران، خۆ ئەگەر دایک و باوک هەر کاتێک بە ڕەزامەندی و پرس و ڕای هەردوولایان ویستیان منداڵەکەیان لە شیر ببڕنەوە، ئەوە قەیناکات و هیچ گوناهیان لەسەر نی یە لەو بارەیەوە، خۆ ئەگەر ویستتان دایەن بۆ شیر پێدانی منداڵەکانتان بگرن، ئەوەش قەیناکات و هیچ گوناهتان لەسەر نی یە، بەمەرجێک ماف و کرێیان بەجوانی و شایستە پێ بدەن، لە خوا بترسن و پارێزکاربن و چاک بزانن بەڕاستی خوا زۆر بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.(البقره 233)

لَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِنْ طَلَّقْتُمُ النِّسَاءَ مَا لَمْ تَمَسُّوهُنَّ أَوْ تَفْرِضُوا لَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَمَتِّعُوهُنَّ عَلَى الْمُوسِعِ قَدَرُهُ وَعَلَى الْمُقْتِرِ قَدَرُهُ مَتَاعًا بِالْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى الْمُحْسِنِينَ

هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ئەگەر ژنانێک تەڵاق بدەن کە هێشتا نەچووبنە لایان، یاخود مارەیتان بۆ دیاری نەکرد بوون، پێویستە لەسەرتان هەندێک سامانیان بدەنێ، جا ئەوەی دەوڵەمەندەو زۆری هەیە و ئەوەی کە هەژارو کەم دەستە (هەرکەس) بەپێی توانای خۆی، ئەم دیاری و یارمەتییانە بەشێوەیەک بێت کە باوو پەسەندی شەرع بێت، ئەمەش ئەرکێکی پێویستە لەسەر چاکەکاران.(البقره 236)

وَإِنْ طَلَّقْتُمُوهُنَّ مِنْ قَبْلِ أَنْ تَمَسُّوهُنَّ وَقَدْ فَرَضْتُمْ لَهُنَّ فَرِيضَةً فَنِصْفُ مَا فَرَضْتُمْ إِلَّا أَنْ يَعْفُونَ أَوْ يَعْفُوَ الَّذِي بِيَدِهِ عُقْدَةُ النِّكَاحِ ۚ وَأَنْ تَعْفُوا أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۚ وَلَا تَنْسَوُا الْفَضْلَ بَيْنَكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ

خۆ ئەگەر ژنانتان تەڵاقدا پێش ئەوەی بچنە لایان، لە هەمان کاتیشدا مارەییتان بۆ دیاری کردبوون، ئەوە دەبێت نیوەی مارەییە دیاری کراوەکەیان بدەنێ، مەگەر خۆیان نەیانەوێت و چاوپۆشی لێبکەن، یان ئەو کەسە چاوپۆشی بکات کە مارە برینەکەی بەدەستە، چاوپۆشی و لێبووردنتان لە مافی خۆتان لە پارێزکاریەوە نزیکترەو چاکەو پیاوەتی نێوان یەکتر فەرامۆش مەکەن، بەڕاستی خوا بینایە بەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.(البقرە 237)

وَلِلْمُطَلَّقَاتِ مَتَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ ۖ حَقًّا عَلَى الْمُتَّقِينَ

بۆ ژنانی تەڵاقدراو بڕێک سامان و پارە پێویستە لەسەر پیاوانی لە خواترس و پارێزکار.(البقرە 241)

كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ

ئا بەو شێوەیە خوا فەرمانەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە (دەربارەی مافی ژنان) بۆ ئەوەی ژیربن و بیرو هۆشتان بخەنەکار. (البقرە 242)

وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ اللَّـهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِ ۚ وَكَانَ اللَّـهُ وَاسِعًا حَكِيمًا

خۆ ئەگەر ژن و مێرد لێک جیاببنەوە (بەگوێرەی شەرع و بەرنامەی خوا) ئەوە خوا هەریەکەیان شادو بێ نیازو بەختەوەر دەکات، لە بەخشینی فراوانی خۆی (بەهاوسەرێکی گونجاو) چونکە خوا هەمیشەو بەردەوام فراوانگیرو دانایە.(النساء130)

يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنوا إِذا نَكَحتُمُ المُؤمِناتِ ثُمَّ طَلَّقتُموهُنَّ مِن قَبلِ أَن تَمَسّوهُنَّ فَما لَكُم عَلَيهِنَّ مِن عِدَّةٍ تَعتَدّونَها ۖ فَمَتِّعوهُنَّ وَسَرِّحوهُنَّ سَراحًا جَميلًا

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەرئافرەتانی ئیماندارانتان مارەکرد، لەوەودوا جیابوونەوەو تەڵاقدانتان پێش ئەوەی بچنە لایان، ئەوە هیچ (عــدة)و ماوەیەکیان ناوێ تا حیسابی بۆ بکەن و (ماوەی چاوەڕوانی ناوێ بۆ ئەوەی شوو بکات بە یەکێکی تر)، (لەگەڵ ئەوەشدا) هەندێك دیاریان پێشکەش بکەن و بە جوانی دەستبەرداریان ببن.(الأحزاب49)

يا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذا طَلَّقتُمُ النِّساءَ فَطَلِّقوهُنَّ لِعِدَّتِهِنَّ وَأَحصُوا العِدَّةَ ۖ وَاتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُم ۖ لا تُخرِجوهُنَّ مِن بُيوتِهِنَّ وَلا يَخرُجنَ إِلّا أَن يَأتينَ بِفاحِشَةٍ مُبَيِّنَةٍ ۚ وَتِلكَ حُدودُ اللَّهِ ۚ وَمَن يَتَعَدَّ حُدودَ اللَّهِ فَقَد ظَلَمَ نَفسَهُ ۚ لا تَدري لَعَلَّ اللَّهَ يُحدِثُ بَعدَ ذٰلِكَ أَمرًا

ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) (بە ئوممەتت ڕابگەیەنە) کاتێك ژنانتان تەڵاق دەدەن لەکاتی دیاری کراویاندا تەڵاقیان بدەن (کە بریتیە لەو کاتەی کە ئافرەت لە عادەی مانگانە پاك بۆتەوە)، حسابی ئەوکاتەش بە وردی ڕابگرن، لە پەروەردگاریشتان بترسن و ماوەکەیان بۆ درێژ مەکەنەوە (ئەگەر لەو کاتە دیاریکراوانەدا یەکجار تەڵاقتان دان، ئەوە با ئەو ئافرەتە لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و) دەریان مەکەن لەماڵەکانی خۆیاندا، ئافرەتەکانیش با لە ماڵ دەرنەچن، مەگەر کارێکی ناشیرین و ناڕەوای ئاشکرا ئەنجام بدەن، (ئەوکاتە با لە ماڵ نەمێنن و بچن بۆ ماڵی مەحرەمێکیان)، ئا ئەوەیە سنووری خوا لە بارەی تەڵاقەوە، ئەوەی لە سنووری خوا بترازێت ئەوە ستەم لە خۆی دەکات، ئەی ئیماندار: تۆ نازانیت لەوانەیە دوای ئەو (تێکچوون و ساردییە) خوای گەورە بارودۆخێك پێش بهێنێت (کە ئاشت ببنەوە و ڕێك بکەونەوە و بۆیە نابێت لە ماڵ دەرچن).(الطلاق 1)

فَإِذا بَلَغنَ أَجَلَهُنَّ فَأَمسِكوهُنَّ بِمَعروفٍ أَو فارِقوهُنَّ بِمَعروفٍ وَأَشهِدوا ذَوَي عَدلٍ مِنكُم وَأَقيمُوا الشَّهادَةَ لِلَّهِ ۚ ذٰلِكُم يوعَظُ بِهِ مَن كانَ يُؤمِنُ بِاللَّهِ وَاليَومِ الآخِرِ ۚ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجعَل لَهُ مَخرَجًا

كاتێك گەیشتنە ماوەی دیاریكراوی خۆیان (دوای یەك، یان ئەو دوو تەڵاقە كە خواردویانە)، ئینجا یان بیانهێڵنەوە لای خۆتان هاوڕێ لەگاڵ ڕەفتارو هەڵسوكەوتی چاكدا، یاخود وازیان لێبهێنن و لێیان جیاببنەوە (لە سێهەم جاردا كە تەڵاقتان خوارد) بەشێوەیەكی جوان كە مافیان پارێزراو بێت، لە كاتی جیابوونەوەی یەكجاریدا با دوو شایەتی دادپەروەرو خواناس لە خۆتان لە نێواندا هەبێت و ئامادەی شایەتی ببن و بیپارێزن بۆ خواو لەبەر خوا، بەوەی كەباسكرا ئامۆژگاری دەكرێت ئەو كەسەی باوەڕ بە خواو ڕۆژی دوایی دەهێنیت، جا ئەوەی لە خوا بترسێت و پارێزكار بێت، ئەوە خوا دەرووی لێ دەكاتەوە...(الطلاق 2)

وَاللّائي يَئِسنَ مِنَ المَحيضِ مِن نِسائِكُم إِنِ ارتَبتُم فَعِدَّتُهُنَّ ثَلاثَةُ أَشهُرٍ وَاللّائي لَم يَحِضنَ ۚ وَأُولاتُ الأَحمالِ أَجَلُهُنَّ أَن يَضَعنَ حَملَهُنَّ ۚ وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجعَل لَهُ مِن أَمرِهِ يُسرًا

ئەو ئافرەتانەی كە نائومێد بوون لە عادەتی مانگانە لە هاوسەرەكانتان، ئەگەر كەوتنە گوناهەوە كە ئاخۆ عادەتی مانگانەیان مابێت یان نا، ئەوە سێ مانگ چاوەڕێ بكەن، هەروەها ئەوانەش كە بەهۆی كەم تەمەنیوە هێشتا نەكەوتونەتە عادەوە، ئەوانیش سێ مانگ چاوەڕێ بكەن، ئەو ئافرەتانەش كە سكیان هەیە ماوەكەیان ئەوەندەیە تا سكەكەیان دادەنێن، جا ئەوەی كە لە خوا بترسێت و پارێزكار بێت، ئەوە خوا كاری بۆ ئاسان دەكات.(الطلاق 4)

أَسكِنوهُنَّ مِن حَيثُ سَكَنتُم مِن وُجدِكُم وَلا تُضارّوهُنَّ لِتُضَيِّقوا عَلَيهِنَّ ۚ وَإِن كُنَّ أُولاتِ حَملٍ فَأَنفِقوا عَلَيهِنَّ حَتّىٰ يَضَعنَ حَملَهُنَّ ۚ فَإِن أَرضَعنَ لَكُم فَآتوهُنَّ أُجورَهُنَّ ۖ وَأتَمِروا بَينَكُم بِمَعروفٍ ۖ وَإِن تَعاسَرتُم فَسَتُرضِعُ لَهُ أُخرىٰ

ئەو ئافرەتانەی كە تەڵاقیک یان دووانیان ماوە، بەگوێرەی تواناتان جێگە و ڕێگەیان بۆ دابین بکەن لەلای خۆتان، نەكەن ئازاریان بدەن و تەنگەتاویان بکەن و زۆریان بۆ بهێنن، خۆ ئەگەر سکیان هەبوو، (ئەگەر سێ تەڵاقەش درابوون) هەر بەخێوان بکەن و مەسرەفیان بکێشن هەتا سکەکەیان دادەنێن، خۆ ئەگەر هاتوو منداڵەکەیان بەشیر گۆشکردو بەخێویان کرد ئەوە حەقی خۆیان بدەنێ، دەکرێت بەشێوەیەکی جوان و چاك ڕاوێژ لەناویەکدا بکەن بۆ بەخێو کردنی منداڵەکە، خۆ ئەگەر پێك نەهاتن و ناکۆك بوون، ئەوە دەکرێت ئافرەتێکی تر منداڵەکەی بۆ بەخێو بکات و شیری پێ بدات.(االطلاق 6)

لِيُنفِقْ ذُو سَعَةٍ مِّن سَعَتِهِ ۖ وَمَن قُدِرَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ فَلْيُنفِقْ مِمَّا آتَاهُ اللَّهُ ۚ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا مَا آتَاهَا ۚ سَيَجْعَلُ اللَّهُ بَعْدَ عُسْرٍ يُسْرًا

جا ئەوەی دەوڵەمەندە با بەگوێرەی دەوڵەمەندیەکەی بەخشندەبێت، ئەوەیش کە کەم دەستەو هەژارە، با لەوە ببەخشێت کە خوا پێی بەخشیووە، چونکە خوا بە گوێرەی دارایی هەر کەسێک داوی بەخشین دەکات، دڵنیاس بن کە خوا دوای تەنگانە هەرزانی دەهێنێت، دوای ناخۆشی خۆشی دەهێنێت.(الطلاق 7)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی لەم دەقانەی قورئانی پیرۆز دەربارەی تەڵاق ئەدوێ لە هیچ کتێبێکی تر ئاوا بەچاکی نەدواوەو ڕوون نەکراوەتەوە وە لە یاسای هیچ وڵاتێکی نا ئیسلامی یاسایەکی جوانی هاوشێوەی ئەم فەرمایشتانەی خوای گەورە نیە ، کە تێییدا فەرمان کراوە لە دوای تەواو بوونی عادەت مانگانەی ئافرەتان ئینجا دەسبەرداریان بن خۆ ئەگەر هاتوو دەرکەوت کە ژنەکان دووگیانن ئەوا ئەبێ ئافرەتەکە تا دوو ساڵ شیر بداتە مناڵ ، هەروەها خوای گەورە فەرمانی بە پیاوان کردووە کە مارەییەکەیان پێ بدرێت و ستەمیان

لێ نەکرێت لەو ماوەیەش کە لالایان ئەمێننەوە ڕێزیان لێ بگیریرێت ئا بەم شێوەیە خوای گەورە ڕیزی لە ئافرەت ناوە ئەوانەی کە بە ناوی مافی ئافرەتانەوە جاڕی مافی ئافرەت ئەدەن ئایا سەرنجی ئەم ئایەتانەی قورئانیان داوە ؟ ئەوانەی کە ئیسلام بە توندڕەو دا ئەنێن بەرامبەر بە ئافرەت ئەتوانن یاسایەک جوانتر لەم یاسایانەی قورئان بێنن کە شایستە بێت بە ئافرەتان ،

❖ دەربارەی ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان ئەمرن

وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا عَرَّضْتُمْ بِهِ مِنْ خِطْبَةِ النِّسَاءِ أَوْ أَكْنَنْتُمْ فِي أَنْفُسِكُمْ ۚ عَلِمَ اللَّهُ أَنَّكُمْ سَتَذْكُرُونَهُنَّ وَلَٰكِنْ لَا تُوَاعِدُوهُنَّ سِرًّا إِلَّا أَنْ تَقُولُوا قَوْلًا مَعْرُوفًا ۚ وَلَا تَعْزِمُوا عُقْدَةَ النِّكَاحِ حَتَّىٰ يَبْلُغَ الْكِتَابُ أَجَلَهُ ۚ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِي أَنْفُسِكُمْ فَاحْذَرُوهُ ۚ وَاعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ غَفُورٌ حَلِيمٌ

هیچ گوناهێکیشتان لەسەر نی یە لەوەی بە ناڕاستەوخۆ خوازبێنی ژنانی مێرد مردوو بکەن (کە هێشتا ماوەی دیاریکراویان تەواو نەبووە و دروست نیە شوو بکەنەوە)، یاخود لە دڵی خۆتاندا بڕیاری خوازبێنیتان دابێت، خوای گەورە بەڕاستی زانیویەتی کە ئێوە لەمەودوا ناویان دەبەن و باسیان دەکەن، بەڵام نەکەن بە نهێنی بەڵێنیان لێ واربگرن، مەگەر بەشێوازی گوفتارێکی چاک و دروست و باو نەبێت، نەکەن بڕیاری تەواوی مارەبڕینیان بدەن هەتا ماوەی دیاری کراو تەواو نەبێت و چاکیش بزانن بەڕاستی خوا دەزانێت بەوەی کە لە دڵ و دەروونتاندایە، کەواتە خۆتان بپارێزن (لە قەدەغە کراوەکانی خوا)، دڵنیابن و چاک بزانن کە خوا زۆر لێخۆشبوو و خۆڕاگرو لەسەرخۆیە.(البقره235)

وَالَّذِينَ يُتَوَفَّوْنَ مِنْكُمْ وَيَذَرُونَ أَزْوَاجًا وَصِيَّةً لِأَزْوَاجِهِمْ مَتَاعًا إِلَى الْحَوْلِ غَيْرَ إِخْرَاجٍ ۚ فَإِنْ خَرَجْنَ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِي مَا فَعَلْنَ فِي أَنْفُسِهِنَّ مِنْ مَعْرُوفٍ ۗ وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

ئەو پیاوانەتان کە دەمرن و هاوسەران بەجێ دەهێڵن، (دەبێت بەفەرمانی خوا) وەسیەت بکەن بۆ هاوسەرانیان کە تا ساڵێک لە ماڵی هاوسەریاندا ڕێزیان لێبگیرێت و بەخێو بکرێن و دەرنەکرێن، خۆ ئەگەر بەویستی خۆیان دەرچوون ئەوە ئیتر هیچ گوناهتان لەسەرنی یە ئەی کەس و کاری ژن کە ڕێ بدەن ئەو ئافرەتانە بچنەوە دۆخی جارانیان لەوەی کە شەرع حەڵاڵی کردووە بۆیان پێش عیددە، دڵنیاش بن کە خوا باڵادەستە (ئەگەر ستەمیان لێبکەن)و دانایە (لە ڕێنموویی و دانانی سنوورەکانیدا).(البقره 240)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی لێرەدا ئەمەوێت ئاماژەی پێ بکەم گەورەیی ئەم ئایەتانەیە چونکە لە هیچ کام لە کتێبە ئاینییەکانی تر ئافرەتێک کە هاوسەرەکەی کۆچی کردبێت بەم شێوەیە جەخت لەسەر مافی ئەم ئافرەتانە نەکراوەتەوە تەنانەت هەندێ لە یاسای ئاینەکان ڕێگە بە دووبارە هاوسەرگیریکردنەوەی ئافرەت نادەن ، بە پێچەوانەوە خوای گەورە فەرمانی کردووە لە دوای مردنی هاوسەرەکانیان لە ماڵەکانیان دەر نەکرێن و ڕێزیان لێ بگیرێت و خەرجیان بۆ دابین بکرێت مەگەر بە ویستی خۆیان بیانەوێت دووبارە هاوسەرگیری بکەنەوە ئا بەم شێوەیە خوای گەورە درکی بە هەموو شتێکی مرۆڤ کردووە و فەرمایشتەکانی خۆییمان پێ ڕا ئەگەیەنێ کە زووڵم و ستەم نەکەین دە ر حەقیان

❖ سوو خواردن له‌ قورئاندا

الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ ۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ قَالُوا إِنَّمَا الْبَيْعُ مِثْلُ الرِّبَا ۗ وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا ۚ فَمَنْ جَاءَهُ مَوْعِظَةٌ مِنْ رَبِّهِ فَانْتَهَىٰ فَلَهُ مَا سَلَفَ وَأَمْرُهُ إِلَى اللَّهِ ۖ وَمَنْ عَادَ فَأُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ ۖ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ

ئه‌وانه‌ی سوو ده‌خۆن، هه‌ڵسوکه‌وت ناکه‌ن و ڕاست نابنه‌وه‌ (له‌ گۆڕدا) مه‌گه‌ر وه‌ک ئه‌و که‌سه‌ی که‌ شه‌یتان ده‌ستی لێوه‌شاندبێت (هه‌ر له‌ دنیادا سروشتی نین، له‌ قیامه‌تیشدا وه‌ک شێت ده‌بن) چونکه‌ ئه‌وانه‌ ده‌ڵێن: کڕین و فرۆشتن وه‌ک سوو وایه‌ (له‌ حاڵێکدا): خوا کڕین و فرۆشتنی حه‌ڵاڵ کردوه‌و سووی حه‌رام کردووه‌، جا ئه‌وه‌ی ئامۆژگاری په‌روه‌ردگاری پێگه‌یشت و وازی هێنا، ئه‌وه‌ی ده‌ستی که‌وتووه‌، بۆ خۆی، کاری (له‌ لێ پرسینه‌وه‌شی) ده‌که‌وێته‌لای خوا، به‌ڵام ئه‌وه‌ی ده‌ست بکاته‌وه‌به‌سوو خۆریی، ئا ئه‌وانه‌ جێنشینی ناو ئاگری دۆزه‌خن و ژیانی هه‌میشه‌یی تیادا ده‌به‌نه‌سه‌ر.(البقره 275)

يَمْحَقُ اللَّهُ الرِّبَا وَيُرْبِي الصَّدَقَاتِ ۗ وَاللَّهُ لَا يُحِبُّ كُلَّ كَفَّارٍ أَثِيمٍ

خوا، سوو، تەفروتونا ده‌کات و به‌ره‌که‌تی لێ هه‌ڵده‌گرێت، به‌ڵام پاداشتی خێر و سامان به‌خشین بره‌و پێ ده‌دات و به‌ره‌که‌تی تێ ده‌خات بێگومان خوا هیچ کافرێکی تاوانباری خۆشناوێت.(البقره 276)

وَما آتَيتُم مِن رِبًا لِيَربُوَ في أَموالِ النّاسِ فَلا يَربو عِندَ اللَّهِ ۖ وَما آتَيتُم مِن زَكاةٍ تُريدونَ وَجهَ اللَّهِ فَأُولٰئِكَ هُمُ المُضعِفونَ

هه‌ر پاره‌و سامانێکتان به‌ سوو دابێت به‌ خه‌ڵکی بۆ ئه‌وه‌ی زیاد بکات له‌ناو سامانه‌که‌یاندا، ئه‌وه‌ به‌ره‌که‌ت ناکات و پاداشتی نابێت لای خوا (به‌ڵکو موحاسه‌به‌شی له‌

دوایە)، ئەوەش بە زەکات داوتانەو مەبەستان ڕەزامەندی خوایە، ئا ئەو جۆرە کەسانە پاداشتیان چەند بەرامبەر کردۆتەوە.(الروم 39)

* سەرنجی نووسەر

بەدەر لە ڕووە ئاینیەکەوە سوو خواردن کارێکی نا مرۆڤانەیەو بە دوورە لە بە های ئەخلاقی و زیان بە کۆمەڵگە ئەگەیەنێ و وا ئەکا ئەوانەی هەژارن کارەکەیان بۆ نەچێتە پێشەوە ئەمەش ستەمە کە دەرحەقیان ئەکرێت وەکو ئەوەی لە ئێستاماندا ئەگوزە رێ کە چۆن بازرگانی بە مافی خەڵکەوە ئەکرێت ئەوانەی ناشایستەن بە پارە و سوو ئەچنە شوێنی شایستەو ئەوانەش کە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە مافیان ئەخورێت و لێیان ناپرسرێتەوە ئەگەریش داوای مافی خۆیان بکەن ئەوا بە تاوانبار لەقەڵەم ئەدرێن بۆیە خوای گەورە نەهی لێ کردوەو فەرموویەتی ئەو سامانەی کە بە سوو کۆکرابێتەوە بەرەکەتی تێ ناکەوێت و زیاد ناکات و کەسی سوو خۆر خەسار مەند ئەبێت .

❖ قەرز لە قورئاندا

وَإِنْ كَانَ ذُو عُسْرَةٍ فَنَظِرَةٌ إِلَىٰ مَيْسَرَةٍ ۚ وَأَنْ تَصَدَّقُوا خَيْرٌ لَكُمْ ۖ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ

خۆ ئەگەر قەرزارەکە نەدار بوو، ئەوە مۆڵەتی بدرێ تا دەرووی لێ دەکرێتەوە و دەبیێت، خێر کردنتان بە قەرزارەکە و ئازاد کردنی و بەخشینی، چاکترە بۆتان ئەگەر ئێوە بزانن (چەندە پاداشتی خوایی بێ سنووره).(البقره 280)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنْتُمْ بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُسَمًّى فَاكْتُبُوهُ ۚ وَلْيَكْتُبْ بَيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ ۚ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَنْ يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ ۚ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا ۚ فَإِنْ كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَنْ يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ ۚ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِنْ رِجَالِكُمْ ۖ فَإِنْ لَمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّنْ تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَنْ تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ ۚ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا ۚ وَلَا تَسْأَمُوا أَنْ تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِنْدَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا ۖ إِلَّا أَنْ تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا ۗ وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ ۚ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ ۚ وَإِنْ تَفْعَلُوا فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ ۗ وَاتَّقُوا اللَّهَ ۖ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان کرد لە یەکتر تا ماوەیەکی دیاری کراو، ئەوە بینوسن و با نووسەرێک کە دادپەروەربێت بەڕاستی و دروستی لە نێوانتاندا بینوسێت، با هیچ نوسەرێک سەرپێچی نەکات لە نوسین، هەر وەک چۆن خوا فێری کردووە با بنووسێت، (خۆ ئەگەر کەسێک خوێندەوار نەبێت) ئەوەی کە حەقەکەی بەسەرەوەیە و قەرزەکەی لایە با بەدەمی خۆی (ئەندازەی قەرزەکەی) بە کاتبەکە بڵێت و لە خوای پەروەردگاری بترسێت و چاوپۆشی لە هیچی نەکات و لێی کەم نەکاتەوە، خۆ ئەگەر ئەوەی قەرزەکەی لەسەرە هەڵەشە بوو، یا لاواز بوو (منداڵ یان بەساڵاچوو بوو) یا نەیدەتوانی دان بە حەقەکەدا بنێت (کەڕولاڵ بوو) با بەخێوکەر، یا سەرپەرشتیارەکەی

دادگەرانە حەقیقەت و ڕاستی قەرزەکەی بڵێت و با دوو پیاو لە خۆتان شایەتی لەسەر (قەرزو مامەڵە)بگرن، ئەگەر دووپیاو دەستنەکەوتن بۆ شایەتی، با پیاوێک و دوو ئافرەت شایەتییەکە بدەن لەو کەسانەی کە ڕازین بە شایەتیدانیان، نەوەکو یەکێک لە (ئافرەتەکان) بیری بچێت، با ئەوی تریان بیری بهێنێتەوە و شایەتەکان نابێت کە کاتێک داواکران خۆ وێڵ بکەن و ئامادە نەبن، بێزار مەبن لەوەی کە (قەرز) بنووسن، کەم بێت یان زۆر و تا ماوەی دیاری کراوی، بە ڕوونی با یاداشت بکرێت، ئەنجامدانی مەسەلەی قەرزتان بەو شێوە دادپەروەرانەیە و پەسەندترە لای خوا (لە نەنووسین)، ئەوسا چاکتر دەتوانن شایەتی ڕاگرن و نزیکترن لەوەی گومان و دوودڵی بە یەکتر نەبەن (مافی کەس تیا نەچێت)، مەگەر بازرگانیەک بێت لەبەر دەستانداو لە نێو خۆتاندا بیگێڕن و کڕین و فرۆشتن ئەنجام بدەن، ئەوە گوناهتان ناگات کە ناینووسن، (چونکە ئاسان نیەو مامەڵە دوادەخات، هەتا بۆتان دەکرێت) شایەت بگرن کاتێک کڕین و فرۆشتنتان ئەنجامدا و نابێت نووسەرو شایەت ئازار بدرێن و بێزار بکرێن، خۆ ئەگەر شتی وابکەن ئەوە بەڕاستی مانای وایە ئێوە لە چەندەها فەرمانبەرداری دەرچوون، جا لە خوا بترسن و خۆ پارێزبن و خوا فێری ئەو شتانەتان دەکات (کە خێری تیایە بۆ دنیاو پاداشتی قیامەتی لە دوایە) و خوا بە هەموو شتێک زانایە.(البقرە 282)

۞ وَإِنْ كُنْتُمْ عَلَىٰ سَفَرٍ وَلَمْ تَجِدُوا كَاتِبًا فَرِهَانٌ مَقْبُوضَةٌ ۖ فَإِنْ أَمِنَ بَعْضُكُمْ بَعْضًا فَلْيُؤَدِّ الَّذِي اؤْتُمِنَ أَمَانَتَهُ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ ۗ وَلَا تَكْتُمُوا الشَّهَادَةَ ۚ وَمَنْ يَكْتُمْهَا فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ ۗ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ

خۆ ئەگەر لە سەفەردا بوون و نووسەرێکتان دەست نەکەوت، ئەوە بارمتەکان وەردەگیرێن (لەباتی قەباڵە و سەنەدەکە)، خۆ ئەگەر لە یەکتری دڵنیا بوون با ئەوەی بە ئەمین و دەستپاک دادەنرێت ئەمانەتەکەی (قەرزەکە) بداتەوە و با لە خوای پەروەردگاری بترسێت، نەکەن شایەتی بشارنەوە، ئەوەی شایەتی بشارێتەوە ئەوە بەڕاستی دڵی

ژەنگاوی و ناپوخت گوناهبارە، خوایش بە هەموو ئەو کردەوانەی کە دەیکەن زانایە.(البقره 283)

وَلَقَدْ أَخَذَ اللَّـهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنْهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا ۖ وَقَالَ اللَّـهُ إِنِّي مَعَكُمْ ۖ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلَاةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللَّـهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلَأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ ۚ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَٰلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاءَ السَّبِيلِ

سوێند بێت بێگومان (کاتی خۆی) خوا پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە رابەرمان تیدا هەڵبژاردن، ئینجا خوا پێی فەرموون کە: من بەڕاستی لەگەڵتاندام، سوێند بێت بە خوا ئەگەر نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکات بدەن و باوەڕبهێنن بە هەموو پێغەمبەرانی من و پشتیوانییان لێبکەن، قەرزی چاک و جوان و ڕێک و پێک بدەن بەخەڵکی لەبەر خوا (لەبەر ڕەزامەندی ئەوزاتە هەموو چاکەیەک ئەنجام بدەن و چاوەڕێی پاداشت لەوبن) ئەوە بێگومان لە گوناهو هەڵەکانتان خۆشدەبم و چاوپۆشیتان لێدەکەم و دەتانخەمە باخەکانی بەهەشتەوە کە چەندەها ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، جا ئەوەی لەوەودوا بێ باوەڕ بێت لە ئێوە، ئەوە مانای وایە کە بەڕاستی ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی لێ تێکچووە.(المائدة12)

* سەرنجی نووسەر

بەدەر لە ڕووە ئاینیەکەوە سوو خواردن کارێکی نا مرۆڤانەیەو بە دوورە لە بە های ئەخلاقی و زیان بە کۆمەڵگە ئەگەیەنێ و وا ئەکا ئەوانەی هەژارن کارەکەیان بۆ نەچێتە پێشەوە ئەمەش ستەمە کە دەرحەقیان ئەکرێت وەکو ئەوەی لە ئێستاماندا ئەگوزە رێ کە چۆن بازرگانی بە مافی خەڵکەوە ئەکرێت ئەوانەی ناشایستەن بە پارە و سوو ئەچنە

شوێنی شایستەو ئەوانەش کە هیچ دەسەڵاتێکیان نیە مافیان ئەخورێت و لێیان ناپرسرێتەوە ئەگەریش داوای مافی خۆیان بکەن ئەوا بە تاوانبار لەقەڵەم ئەدرێن بۆیە خوای گەورە نەهی لێ کردوەو فەرموویەتی ئەو سامانەی کە بە سوو کۆکرابێتەوە بەرەکەتی تێ ناکەوێت و زیاد ناکات و کەسی سوو خۆر خەسار مەند ئەبێت .

❖ دەربارەی مافی هەتیوان

وَلا تَقرَبوا مالَ اليَتيمِ إِلّا بِالَّتي هِيَ أَحسَنُ حَتّىٰ يَبلُغَ أَشُدَّهُ ۚ وَأَوفوا بِالعَهدِ ۖ إِنَّ العَهدَ كانَ مَسئولًا

نزيك ماڵی هەتیوو مەكەون مەگەر بەجوانترین شێوە نەبێت (وەك ئەوەی بیخەنە بازرگانیەكەوە تا گەشە بكات) هەتا ئەگاتە هەڕەتی لاوی، وەفا بكەن بە بەڵێن و پەیمان، چونكە بەڕاستی بەرپرسیارن لە بەرامبەر بەڵێن و پەیمانەوە.(الاسراء34)

وَآتُوا الْيَتَامَىٰ أَمْوَالَهُمْ ۖ وَلَا تَتَبَدَّلُوا الْخَبِيثَ بِالطَّيِّبِ ۖ وَلَا تَأْكُلُوا أَمْوَالَهُمْ إِلَىٰ أَمْوَالِكُمْ ۚ إِنَّهُ كَانَ حُوبًا كَبِيرًا

(خەڵكینە) ماڵ و سامانی هەتیوان بدەنەوە دەست خۆیان (كاتێک گەورە بوون و فامیان كردەوە)، ماڵی خراپ و پیسی خۆتان مەگۆڕنەوە بەماڵی چاك و پاكی ئەوان، ماڵ و سامانیان مەخۆن لەگەڵ ماڵ و سامانی خۆتاندا (مەیفەوتێنن) بەڕاستی ئەو كارە ستەم و گوناهێكی گەورەیە.(النساء2)

وَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تُقْسِطُوا فِي الْيَتَامَىٰ فَانكِحُوا مَا طَابَ لَكُم مِّنَ النِّسَاءِ مَثْنَىٰ وَثُلَاثَ وَرُبَاعَ ۖ فَإِنْ خِفْتُمْ أَلَّا تَعْدِلُوا فَوَاحِدَةً أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَلَّا تَعُولُوا

ئەگەر ترسان لە ئەنجام نەدانی دادپەروەری لەگەڵ كچە بێ باوكەكاندا (ئەگەر بیانكەنە هاوسەرتان، ئەوە واز لەوان بهێنن)، ئەوە لە ئافرەتانی تر كە حەڵاڵن بۆتان ژن مارە بكەن دوو دوو، یان سیان سیان، یان چوار چوار، (ئەڵبەتە لە یەک هاوسەر زیاتر مەرج و بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە) خۆ ئەگەر ترسان لەوەی كە نەتوانن دادپەروەر بن (لەنێوان هاوسەرەكانتاندا) ئەوە با یەک ژن مارە بكەن، یان ئەو كەنیزەكانەی كە هەتانن

(کە دیاردەیەکی کاتی بوو، ئیسلام بنەبڕی کرد)، ئەوەی کە باسکرا نزیکترە لەوەی ستەم نەکەن (ئەگەر پەیڕەوی بکەن).(النساء 3)

وَابْتَلُوا الْيَتَامَىٰ حَتَّىٰ إِذَا بَلَغُوا النِّكَاحَ فَإِنْ آنَسْتُم مِّنْهُمْ رُشْدًا فَادْفَعُوا إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ ۖ وَلَا تَأْكُلُوهَا إِسْرَافًا وَبِدَارًا أَن يَكْبَرُوا ۚ وَمَن كَانَ غَنِيًّا فَلْيَسْتَعْفِفْ ۖ وَمَن كَانَ فَقِيرًا فَلْيَأْكُلْ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِذَا دَفَعْتُمْ إِلَيْهِمْ أَمْوَالَهُمْ فَأَشْهِدُوا عَلَيْهِمْ ۚ وَكَفَىٰ بِاللَّـهِ حَسِيبًا

هەتیوان تاقی بکەنەوە (بەوەی کە هەندێک پارەیان بدەنێ و خۆتان سەرپەرشتییان بکەن) هەتا ئەوکاتەی کە وەختی ئەوەیان دێت هاوسەر بگرن، ئەوسا ئەگەر هەستتان کرد ژیرو سەلارن، پارە و سامانەکەیان پێ بدەنەوە، نەکەن ماڵ و سامانیان بخۆن بەزیادەڕەوی لەخەرج کردنیدا لە ترسی ئەوەی نەوەکو گەورە بن و زوو لە دەستتان بسێننەوە، جا ئەوەی دەوڵەمەندە بادەستی بپارێزێت و ئەوەش کە هەژارە بالێی بخوات و لە سنوور دەرنەچێت و زیادەڕەوی نەکات، جاکاتێک ماڵ و سامانەکانیان تەسلیم دەکەنەوە ئەوە شایەتیان لەسەر بگرن (هەرچەندە) تەنها خوا بەسە بۆ لێپرسینەوە و چاودێری.(النساء6)

وَإِذَا حَضَرَ الْقِسْمَةَ أُولُو الْقُرْبَىٰ وَالْيَتَامَىٰ وَالْمَسَاكِينُ فَارْزُقُوهُم مِّنْهُ وَقُولُوا لَهُمْ قَوْلًا مَّعْرُوفًا

خۆ ئەگەر کاتێک لە دابەش کردنی میراتیدا خزمان و هەتیوان و هەژاران ئامادە بوون، ئەوە لەو میراتیە بەشیان بدەن و بەجوانی قسەیان بۆ بکەن (پیایاندا هەڵمەشاخێن).(النساء8)

وَلْيَخْشَ الَّذِينَ لَوْ تَرَكُوا مِنْ خَلْفِهِمْ ذُرِّيَّةً ضِعَافًا خَافُوا عَلَيْهِمْ فَلْيَتَّقُوا اللَّـهَ وَلْيَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا

دەبا ئەوانەش کە (دوورنیە بەم نزیکانە بمرن) و نەوەی لاواز و ساوایان لەدوا بەجێ بمێنێت، خواناسی و ئاینداری بکەنە پیشەیان و گوفتاری چاک و بەجێ بڵێن (وەسیەت

بکەن، بێگومان خوا دەمێنێت بۆ منداڵی جێماویان ئەگەر خواناس و گوفتار جوان و بەخشندە بن).(النساء 9)

إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَىٰ ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا ۖ وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا

بەڕاستی ئەوانەی کە ماڵی هەتیووان بە ناحەق و ستەم دەخۆن، بێگومان ئەوانە تەنها ئاگر دەخۆن و ئەو ماڵە دەبێتە ئاگر لە سکیاندا، لە قیامەتیشدا دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.(النساء 10)

*** سەرنجی نووسەر**

خودای گەورە لەسەر بچوکترین شت کە قەرزە زۆر بە جوانی بۆی ڕوون کردووینەتەوەو ئامۆژگاری کردووین کە بە چ شێوەیەک قەرز بکەین و بەڵێن نامە بنووسین و دوو شایەدیش هەبێت تا کێشەی لێ نەکەوێتەوە و شایەدەکانیش خۆیان ون نەکەن گەورەیی قورئان لەوە دایە کە درک بە حاڵەتی تایبەت کراوە لە کاتێکدا نەتوانن دان بە حەقی خۆیاندا بنێن بەم شێوەیە خوای گەورە درکی بە پێویستییەکانمان کردوەو فەرمایشتەکانی خۆییمان پێ ڕا ئەگەیەنێت تا زووڵم و زۆرداری لەناو ئیسلامدا نەبێت و گەندەڵی لە نێویاندا سەر نەکێشێت ئەپرسم ئاخۆ لە یاسای کام کتێبی ئاسمانی وەها بە ڕوونی باس لە بچوکترین پێداویستی مرۆڤ کراوەو ئاگادار کراوەتەوە لە هەر هەنگاوێک لە یاسای کام وڵاتەدا بەم شێوەیە باس لە پێدانی قەرز ئەکرێت خۆ ئەگەر باسیش کرابێت ئەوا بە دڵنیاییەوە لە قورئانەوە وەرگیراوە هەر وەکو چۆن ئێستا زانستی سەردەم یەک یەکی زانستەکانی قورئان ئاشکرا ئەکات و ئێمەش لێی بێ ئاگا بووین چونکە تێگەیشتنمان بۆ قورئان نەبووە .

❖ میرات له‌ قورئاندا

لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ وَلِلنِّسَاءِ نَصِيبٌ مِّمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ مِمَّا قَلَّ مِنْهُ أَوْ كَثُرَ ۚ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا

پیاوان به‌شیان هه‌یه‌ له‌و شتانه‌دا كه‌باوک و دایک و خزمان به‌ میراتی له‌دوایان به‌جێ ده‌مێنێت، هه‌روه‌ها ژنانیش به‌شیان هه‌یه‌ له‌و شتانه‌دا كه‌ به‌ میراتیی له‌ باوک و دایک و خزمان به‌جێ ده‌مێنێت، له‌ كه‌م و زۆری به‌شی هه‌ركه‌سێک دیاری كراوه‌ و، ده‌بێت بیدرێتێ.(النساء7)

يُوصِيكُمُ اللَّهُ فِي أَوْلَادِكُمْ ۖ لِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۚ فَإِن كُنَّ نِسَاءً فَوْقَ اثْنَتَيْنِ فَلَهُنَّ ثُلُثَا مَا تَرَكَ ۖ وَإِن كَانَتْ وَاحِدَةً فَلَهَا النِّصْفُ ۚ وَلِأَبَوَيْهِ لِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ مِمَّا تَرَكَ إِن كَانَ لَهُ وَلَدٌ ۚ فَإِن لَّمْ يَكُن لَّهُ وَلَدٌ وَوَرِثَهُ أَبَوَاهُ فَلِأُمِّهِ الثُّلُثُ ۚ فَإِن كَانَ لَهُ إِخْوَةٌ فَلِأُمِّهِ السُّدُسُ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِي بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ آبَاؤُكُمْ وَأَبْنَاؤُكُمْ لَا تَدْرُونَ أَيُّهُمْ أَقْرَبُ لَكُمْ نَفْعًا ۚ فَرِيضَةً مِّنَ اللَّهِ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا

خوا ڕێنموویتان ده‌كات و فه‌رمانتان پێ ده‌دا ده‌رباره‌ی نه‌وه‌كانتان له‌ بواری میراتی گرتندا (ئه‌ویش ئه‌وه‌یه‌) كه‌ به‌شی نێرینه‌یه‌كیان ئه‌ندازه‌ی به‌شی دوو مێینه‌یانه‌، خۆ ئه‌گه‌ر منداڵه‌كان ته‌نها ئافره‌ت بوون (دووان) و له‌ دووان زیاتر بوون ئه‌وه‌ دووبه‌ش له‌ سێ به‌شی میراتیه‌كه‌ له‌وان به‌ش ده‌كرێت، خۆ ئه‌گه‌ر مردووه‌كه‌ ته‌نها كچێكی هه‌بوو ئه‌وه‌ نیوه‌ی داراییه‌كه‌ی ده‌درێتێ، شه‌شیه‌كیش ده‌درێت به‌هه‌ریه‌ک له‌ دایک و باوكی ئه‌گه‌ر مردووه‌كه‌ منداڵی هه‌بوو، خۆ ئه‌گه‌ر مردووه‌كه‌ منداڵی نه‌بوو، ته‌نها دایک و باوكی هه‌بوو ئه‌وه‌ دایكی سێیه‌كی ده‌بات و ئه‌وی تریشی بۆ باوكی ده‌بێت، خۆ ئه‌گه‌ر باوكی نه‌بوو دایک و براو خوشكی هه‌بوو شه‌شیه‌كی میرات بۆ دایكی ده‌بێت، ئه‌مانه‌ هه‌مووی دوای وه‌سیه‌تێک كه‌ مردووه‌كه‌ كردوویه‌تی و دانه‌وه‌ی قه‌رزو قه‌رزاری ده‌بێت، ئێوه

نازانن کە باوانتان و نەوەکانتان نازانن کام لایان سوودی زیاترە بۆتان (لەبەرئەوە بەگوێرەی فەرمانی خوا میراتی دابەش بکەن، ئابەم شێوەیە میراتی دابەش کردن) فەرزە لەسەرتان کە پەیڕەوی بکەن چونکە لەلایەن خواوە دیاریکراوە، بەڕاستی خوایش هەمیشە و بەردەوام زاناو دانایە.(النساء ١١)

وَلَكُمْ نِصْفُ مَا تَرَكَ أَزْوَاجُكُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّهُنَّ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَهُنَّ وَلَدٌ فَلَكُمُ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْنَ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصِينَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۚ وَلَهُنَّ الرُّبُعُ مِمَّا تَرَكْتُمْ إِن لَّمْ يَكُن لَّكُمْ وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَ لَكُمْ وَلَدٌ فَلَهُنَّ الثُّمُنُ مِمَّا تَرَكْتُم ۚ مِّن بَعْدِ وَصِيَّةٍ تُوصُونَ بِهَا أَوْ دَيْنٍ ۗ وَإِن كَانَ رَجُلٌ يُورَثُ كَلَالَةً أَوِ امْرَأَةٌ وَلَهُ أَخٌ أَوْ أُخْتٌ فَلِكُلِّ وَاحِدٍ مِّنْهُمَا السُّدُسُ ۚ فَإِن كَانُوا أَكْثَرَ مِن ذَٰلِكَ فَهُمْ شُرَكَاءُ فِي الثُّلُثِ ۚ مِن بَعْدِ وَصِيَّةٍ يُوصَىٰ بِهَا أَوْ دَيْنٍ غَيْرَ مُضَارٍّ ۚ وَصِيَّةً مِّنَ اللَّـهِ ۗ وَاللَّـهُ عَلِيمٌ حَلِيمٌ

هەروەها نیوەی میراتی ژنەکانتان دەدرێت بە ئێوە ئەگەر منداڵیان نەبوو، خۆ ئەگەر منداڵیان هەبوو ئەوە چواریەکی میراتی ژنەکانتان بۆ هەیە، ئەمانە هەمووی دوای بەجێهێنانی وەسیەتی ژنان و دانەوەی قەرزیان بۆ ژنان چواریەکی میراتی ئێوە بڕیاردراوە ئەگەر ئێوە منداڵتان لەدوا بەجێ نەمابێت، خۆ ئەگەر منداڵتان هەبوو ئەوە هەشتیەک بۆ ژنەکە دەبێت لەوەی کە بە میراتی لێتان بەجێ ماوە، ئەمانە هەمووی دوای بەجێهێنانی وەسیەتتان و دانەوەی قەرزەکانتان، خۆ ئەگەر پیاوێک یان ئافرەتێک مرد منداڵ و باوک و باپیرو براو خوشکی دایک و باوکی نەبوو، بەڵکو تەنها خوشکێک یان برایەکی دایکی هەبوو، ئەوە شەشیەک بەشی هەر یەکێک لەوان دەبێت، خۆ ئەگەر براو خوشکی دایکی لە یەک زیاتر بوون ئەوە هەموویان هاوبەشن لە سێیەکی میراتیەکەدا (بەیەکسانی ژن و پیاو) ئەمانە هەمووی دوای وەسیەتێک کە دەکرێت، دانەوەی قەرز، لەکاتێکدا ئەو وەسیەتە زیانبەخش نەبێت بەمیراتگران، ئەمانە هەر هەمووی بڕیار و فرمانن لەلایەن خوای گەورەوە و ئەو خوایە زانا و بە حیلم و حەوسەڵەیە.(النساء12)

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا يَحِلُّ لَكُمْ أَن تَرِثُوا النِّسَاءَ كَرْهًا ۖ وَلَا تَعْضُلُوهُنَّ لِتَذْهَبُوا بِبَعْضِ مَا آتَيْتُمُوهُنَّ إِلَّا أَن يَأْتِينَ بِفَاحِشَةٍ مُّبَيِّنَةٍ ۚ وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ ۚ فَإِن كَرِهْتُمُوهُنَّ فَعَسَىٰ أَن تَكْرَهُوا شَيْئًا وَيَجْعَلَ اللَّهُ فِيهِ خَيْرًا كَثِيرًا

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دروست نیە بۆتان ژنان بە زۆر بکەنە میراتی خۆتان و دەستیان بەسەردا بگرن، (وەکو کەلوپەلی تری ناوماڵ)، ناچاریان مەکەن تا هەندێک مارەییتان بۆ بگەڕیننەوە، مەگەر ئەوان گوناهێکی ئاشکراو دیار ئەنجام بدەن، هاوژینییان بەجوانی لەگەڵدا بەرنەسەر، خۆ ئەگەر خۆشتان نەویستن و لێیان بێزار بوون، ئەوە دوور نیە و دەشێت حەزتان لە شتێک نەبێت و خوا بیکات بەمایەی خێرو بێری زۆرو بێ سنوور.(النساء19)

يَسْتَفْتُونَكَ قُلِ اللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِي الْكَلَالَةِ ۚ إِنِ امْرُؤٌ هَلَكَ لَيْسَ لَهُ وَلَدٌ وَلَهُ أُخْتٌ فَلَهَا نِصْفُ مَا تَرَكَ ۚ وَهُوَ يَرِثُهَا إِن لَّمْ يَكُن لَّهَا وَلَدٌ ۚ فَإِن كَانَتَا اثْنَتَيْنِ فَلَهُمَا الثُّلُثَانِ مِمَّا تَرَكَ ۚ وَإِن كَانُوا إِخْوَةً رِّجَالًا وَنِسَاءً فَلِلذَّكَرِ مِثْلُ حَظِّ الْأُنثَيَيْنِ ۗ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمْ أَن تَضِلُّوا ۗ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ

ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) داوای فتوات لێدەکەن دەربارەی (کلالە) کە بریتی یە: لە کەسێک باوک و نەوەی نەبێت، تۆش بڵێ: خوا وەڵامتان دەداتەوە لەو بارەیەوە، ئەگەر کەسێک (پیاوێک) وەفاتی کردو منداڵی نەبوو، هەر تەنها خوشکێکی هەبوو، ئەوە نیوەی سامانەکەی بۆ ئەوە (نیوەکەی تریشی دەخرێتە دارایی گشتی یەوە ئەگەر هەبێت و ئەگەر نەبوو لە بەرژەوەندیەکی گشتیدا بەکار دەهێنرێت)، (بەڵام ئەگەر مردووەکە ئافرەت بوو ئەوا براکەی هەموو میراتیەکەی دەبات، ئەگەر ئافرەتەکە منداڵی لەدوا بەجێ نەمابوو، (خۆ ئەگەر پیاوە مردووەکە) دوو خوشکی لە دوا بەجێ مابوو ئەوە دووبەش لە سێ بەشی ئەوەی بەجێی هێشتووە بۆ ئەوان دەبێت، خۆ ئەگەر میراتگران پیاوان و ئافرەتان بوون هەموویشیان لە خوشک و برا پێکهاتبوون ئەوە بۆ نێرینەیەکیان ئەندازەی بەشی

دوو مێینە هەیە، خوای گەورە ئەم شتانەتان بۆ ڕوون دەکاتەوە نەوەکو سەرگەردان بین، خوای گەورەش بە هەموو شتێک زانایە.(النساء 176)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی خوای گەورە لەم دەقانە بۆی ڕوون کردووینەتەوەوە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون یەکەم شت کە لێی ئاگاداری کردووینەتەوە ئەوەیە کە لە کاتی نزیکبوونەوەمان لە مردن وەسێت بکەین وە ئاگاداریشی کردووینەتەوە لەوەی کە وەسیەتەکە بنووسرێتەوەو لەوەش بە ئاگا بین کە دەستکاری دەقی وەسیەتەکە نەکرێت لە دوای خۆمان هەروەها بەشێوەیەکی زۆر دادپەروەرانە میراتی بەسەر نزیکەکانی مردووەکە دابەش کردوە بە پێی پێویستی کەسەکان ئەوەی زۆر جێی پرسیارە لە ناو موسوڵمانان ئەوەیە کە بۆچی میراتی مێینە هێندەی میراتی دوو مێینەیە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەگەڕێتەوە بۆ زیادە ئەرک و بەرپرسیارێتی ڕەگەزی نێرینە وە خوداش درکی بە پێویستیەکانی مرۆڤ کردوە هەر بۆیە بەم شێوازە بەسەر ئەندامەکاندا دابەشی کردوە چونکە کوڕ کاتێک کە هاوسەرگیری ئەکات خەرجی هاوسەرگیرییەکەی لەسەر شانە وە ئەو مارەییە بدەت بەو بڕەی کە ماڵی کچەکە داوای ئەکەن لە کاتێکدا کچ هیچ بڕە پارەیەک نادات بەماڵی مێردەکەی و وە لەسەری ئەرک نیە کە هیچ شتێک لەگەڵ خۆیدا بەرێت بۆ ماڵی مێردەکەی لە کاتێکدا کوڕ پێویستە بژێوی خێزانەکەی دابین بکات و لانەیەک دروست بکات تا بە ئارامی تێییدا بژین و شەرعی خوا بە جێ بگەیەنێ . خۆ ئەگەر ژیرانە بیربکەینەوە کاتێک کە کچەکە هاوسەرگیری ئەکات مێردەکەشی بە هەمان بڕی براکەی میرات وەر ئەگرێت ئەوکاتە یەکسان ئەبنەوە بەڵام خودای گەورە پێش وەختە درکی بە پێویستیەکانمان کردووە تا دووچاری ئازارو ناڕەحەتی و زیان نەبین . شتێکی تریش کە زۆر جێی سەرنجەو بە پێویستی ئەزانم قسەی لەسەر بکەم ئایەتی (١٧٦ سوڕەتی النساء

) كە خودا فەرمانمان پێ ئەكات ئافرەتان بە زۆر نەكەین بە میرات ئەمەش لە سەردەمانێک باو بوە كە ژنێک مێردەكەی مردبا ئەبوو شوو بكاتەوە بە برای مێردەكەی خۆشبەختانە ئێستا ئەم دیاردەیە بە شێوەیەكی بەرچاو كەمی كردوەو خەڵكی لە هەڵەی ئەم كارە بێدار بوونەتەوە .

❖ باسی زینا لە قورئانی پیرۆزدا

وَاللَّاتِي يَأْتِينَ الْفَاحِشَةَ مِن نِّسَائِكُمْ فَاسْتَشْهِدُوا عَلَيْهِنَّ أَرْبَعَةً مِّنكُمْ ۖ فَإِن شَهِدُوا فَأَمْسِكُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ حَتَّىٰ يَتَوَفَّاهُنَّ الْمَوْتُ أَوْ يَجْعَلَ اللَّـهُ لَهُنَّ سَبِيلً

ئەو ئافرەتانەی کە زینا دەکەن لە ژنانتان ئەوە چوار شایەتیان لە خۆتان لەسەر بگرن، جا ئەگەر شایەتیاندا، ئێوە لە ماڵدا بەندیان بکەن، تا مردن یەخەیان پێدەگرێت یان خوا دەروویەکیان لێ دەکاتەوە.(النساء 15)

وَاللَّذَانِ يَأْتِيَانِهَا مِنكُمْ فَآذُوهُمَا ۖ فَإِن تَابَا وَأَصْلَحَا فَأَعْرِضُوا عَنْهُمَا ۗ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ تَوَّابًا رَّحِيمًا

ئەو ژن و پیاوەتان، یان ئەو کوڕ و کچەتان کە زینایان لە دەست دەقەومێت، ئەوە ئێوە لێیان بدەن و ئازاریان بدەن، خۆ ئەگەر تەوبەیان کردو خۆیان پەروەردە و چاککرد، ئەوە ئێوە وازیان لێ بهێنن (تەعنەیان لێ مەدەن، بەچاوی سوک تەماشایان مەکەن) چونکە بەڕاستی خوا هەمیشە تەوبە وەرگرە و بەڕەحم و میهرەبانیشە.(النساء 16)

وَلا تَقرَبُوا الزِّنا ۖ إِنَّهُ كانَ فاحِشَةً وَساءَ سَبيلًا

هەرگیز نەکەن توخنی زینا بکەون و لێی نزیك ببنەوە، چونکە ئەوە بەڕاستی گوناهو تاوان و هەڵە و ڕێچکەیەکی زۆر ناقۆڵایە.(الاسراء32)

الزّانِيَةُ وَالزّاني فَاجلِدوا كُلَّ واحِدٍ مِنهُما مِائَةَ جَلدَةٍ ۖ وَلا تَأخُذكُم بِهِما رَأفَةٌ في دينِ اللَّهِ إِن كُنتُم تُؤمِنونَ بِاللَّهِ وَاليَومِ الآخِرِ ۖ وَليَشهَد عَذابَهُما طائِفَةٌ مِنَ المُؤمِنينَ

سەد قامچی لەهەریەك لە ئافرەت و پیاوی زیناکەر بوەشێنن، بەزەیی نەتانگرێت لە بەجێهێنانی فەرمانی خوادا بۆیان، ئەگەر ئێوە باوەڕتان بە ڕۆژی دوایی هێناوە، با دەستەیەکیش لە ئیمانداران ئامادەی سزاکەیان بن.(النور 2)

الزّاني لا يَنكِحُ إِلّا زانِيَةً أَو مُشرِكَةً وَالزّانِيَةُ لا يَنكِحُها إِلّا زانٍ أَو مُشرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذٰلِكَ عَلَى المُؤمِنينَ

پیاوی زیناکەر تەنها ئافرەتی زیناکەر یاخود موشریك مارە دەکات، ئافرەتی زیناکەریش تەنها پیاوی زیناکەر یاخود موشریك مارەی دەکات، (هاوسەرێتی پیاوان و ئافرەتانێك کە بەردەوامن لەسەر زینا)، ئەوە لەسەر ئیمانداران حەرامکراوە.(النور 3)

وَالَّذينَ يَرمونَ المُحصَناتِ ثُمَّ لَم يَأتوا بِأَربَعَةِ شُهَداءَ فَاجلِدوهُم ثَمانينَ جَلدَةً وَلا تَقبَلوا لَهُم شَهادَةً أَبَدًا ۚ وَأُولٰئِكَ هُمُ الفاسِقونَ

ئەوانەی کە بوختان دەکەن بۆ ئافرەتانی داوێن پاك و خاوەن مێرد، پاشان ناتوانن چوار کەسیش بە شایەت بهێنن، ئەوانە هەشتا قامچیان لێ بدەن و هەرگیز شایەتیان لێ وەرمەگرن، ئەوانە لە ڕیزی تاوانبارو لە سنوور دەرچوو و یاخیەکاندان.(النور 4)

إِلَّا الَّذينَ تابوا مِن بَعدِ ذٰلِكَ وَأَصلَحوا فَإِنَّ اللَّهَ غَفورٌ رَحيمٌ

جگە لەوانەی کە تەوبەی ڕاستەقینەیان کردووە دوای تەمێ کردنەکەیان، چاکسازی خۆیشیان کردووە، ئەوە بێگومان خوا (بە نیسبەت ئەو جۆرە کەسانەوە) لێخۆشبوو و میهرەبانە.(النور 5)

وَالَّذينَ يَرمونَ أَزواجَهُم وَلَم يَكُن لَهُم شُهَداءُ إِلّا أَنفُسُهُم فَشَهادَةُ أَحَدِهِم أَربَعُ شَهاداتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الصّادِقينَ

ئەوانەی کە تۆمەتی زینا دەدەنە پاڵ هاوسەرەکانیان، هیچ شایەتیکیشیان نیە جگە لە خۆیان، شایەتی ئەو جۆرە کەسانە بەوە دەبێت کە چوار جار سوێند بە خوا بخوات کە بێگومان لە ڕاستگۆیانە (بە چاوی خۆی تاوانەکەی بینیووە).(النور 6)

وَالخامِسَةُ أَنَّ لَعنَتَ اللَّهِ عَلَيهِ إِن كانَ مِنَ الكاذِبينَ

پێنجەم جاریش بڵێت بە ڕاستی نەفرینی خوای لەسەرە ئەگەر (بوختانچی بێت) لە درۆزنان بێت.(النور 7)

وَيَدرَأُ عَنهَا العَذابَ أَن تَشهَدَ أَربَعَ شَهاداتٍ بِاللَّهِ ۙ إِنَّهُ لَمِنَ الكاذِبينَ

(لە لایەكی تریشەوە) سزا لەسەر ژنەكە لا دەبرێت كاتێ كە چوار جار سوێند بە خوا بخوات كە مێردەكەی درۆ دەكات و (بوختانی بۆ هەڵدەبەستێت).(النور 8)

وَالخامِسَةَ أَنَّ غَضَبَ اللَّهِ عَلَيها إِن كانَ مِنَ الصّادِقينَ

پێنجەم جار ژنەكە دەڵێت كە خەشم و قینی خوای لەسەرە ئەگەر مێردەكەی ڕاست بكات. (النور 9)

إِنَّ الَّذينَ يُحِبّونَ أَن تَشيعَ الفاحِشَةُ فِي الَّذينَ آمَنوا لَهُم عَذابٌ أَليمٌ فِي الدُّنيا وَالآخِرَةِ ۚ وَاللَّهُ يَعلَمُ وَأَنتُم لا تَعلَمونَ

بە ڕاستی ئەوانەی حەز دەكەن زیناو تاوان لە ناو ئەوانەدا باوەڕیان هێناوە بڵاوبێتەوە، سزای پڕ ئێش و ئازار لەم جیهان و لەو جیهان بۆیان ئامادەیەو خوا خۆی چاك دەزانێت (سەرەنجامی زیناو شەڕواڵپیسی بەرەو كوێ دەچێت) ئێوە نایزانن.(النور 19)

إِنَّ الَّذينَ يَرمونَ المُحصَناتِ الغافِلاتِ المُؤمِناتِ لُعِنوا فِي الدُّنيا وَالآخِرَةِ وَلَهُم عَذابٌ عَظيمٌ

بە ڕاستی ئەوانەی ئافرەتانی ئیماندراری پاك داوێن و خاوەن مێردو بێ ئاگا لە گوناه، تۆمەتبار دەكەن، ئەوانە نەفرەتیان لێكراوە لە دنیاو لە قیامەتداو سزایەكی گەورەو سەخت ئامادەیە بۆیان (لە تۆڵەی لەكەدار كردنی پاكاندا)...(النور 23)

يَومَ تَشهَدُ عَلَيهِم أَلسِنَتُهُم وَأَيديهِم وَأَرجُلُهُم بِما كانوا يَعمَلونَ

له ڕۆژێكدا كه زمان و دەست و قاچیان لێیان دەبێته شایەتێكی گۆیا، له بەرامبەر ئەو كردەوانه كه ئەنجامیان دەداو (ئەو بوختانانەی كه دایانكرد).(النور 24)

الخَبيثاتُ لِلخَبيثينَ وَالخَبيثونَ لِلخَبيثاتِ ۖ وَالطَّيِّباتُ لِلطَّيِّبينَ وَالطَّيِّبونَ لِلطَّيِّباتِ ۚ أُولٰئِكَ مُبَرَّءونَ مِمّا يَقولونَ ۖ لَهُم مَغفِرَةٌ وَرِزقٌ كَريمٌ

ژنانی ناپاك بۆ پیاوانی ناپاك و پیاوانی ناپوخت بۆ ژنانی ناپوخت، ئافرەتانی پاكیش بۆ پیاوانی پاك، پیاوانی پاكیش بۆ ئافرەتانی پاك، ئەو پاكانه بەرین لەو تۆمەتانەی كه ناپاكان هەڵی دەبەستن (چونكه محمدی پاك هاوسەری عائیشەی پاكه صلی الله علیه وسلم)، بۆ ئەو چاكانه لێخۆشبوون و ڕزق و ڕۆزی بەنرخ ئامادەیه.(النور 26)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی دەربارەی ئەم تاوانه خراوەته ڕوو كه تاوانێكی گەورەیەو دووره له بە ها ئەخلاقیەكان و ڕەوشتی بەرزی مرۆڤ ، هاوكات سزاشی بۆ دانراوه بۆ ئەو كەسانەی خیانەت له هاوسەرەكانیان ئەكەن بەم شێوەیه تا مافی تۆمەتبار نەخورێت وەكو ئێستا له كۆمەڵگەی خۆماندا ئەم تاوانه به تەنها بەسەر ئافرەتاندا ساغ ئەبێتەوەو دوور له به ها و دەقە قورئانییەكان سزا ئەدرێن زۆربەی كاتیش ئەم تاوانەیان ئەنجام نەداوه و تاوانبار ئەكرێن و به شێوەیەكی زۆر دڕندانه و لەژێر حوكمی كلتورو دابونەریتدا ئەكوژرێن و كەسیش لەبارەی مافی ئەم ئافرەتانەوه نایەته دەنگ به شێوەیكی ڕاست و درووست خوای گەوره فەرمانی كردوه بۆ ئەوەی ئەم تاوانه بەسەر كەسێكدا بسەپێندرێت ئەوا پێویسته چوار شایەد یاخود ئەگەر شایەد نەبوو ئەوا چوار جار سوێند بخوات كه ژنەكەی ئەم تاوانەی ئەنجام داوه خۆ ئەگەر ژنەكه سوێندی خوارد كه مێردەكەی ڕاست ناكات و بوختانی بۆ ئەكات لەوم حاڵەتەدا سزا لەسەری لا ئەچێ .

❖ مارەیی ئافرەتان لە قورئاندا

وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا ۚ أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا

خۆ ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بخەنە جێگەی هاوسەرێکی ترو مارەییەکەی (ئاڵتون و سامانێکی) زۆرتان پێدا بوو، ئەوە نابێت هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوە و لێی کەم بکەنەوە، ئایا ئەو مارەییەی کە پێتانداوە وەریدەگرنەوە لێیان بەدروست کردنی بوختانێکی ناڕەواو گوناهو ستەمێکی ئاشکرا؟!(النساء 20)

وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا

جا چۆن دروستە مارەییان لێوەربگرنەوە، لەکاتێکدا ئێوە چوونەتە لای یەکترو ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون (لەکاتی مارەکردنیاندا).(النساء21)

وَآتُوا النِّسَاءَ صَدُقَاتِهِنَّ نِحْلَةً ۚ فَإِن طِبْنَ لَكُمْ عَن شَيْءٍ مِّنْهُ نَفْسًا فَكُلُوهُ هَنِيئًا مَّرِيئًا

مارەیی ئافرەتان بدەن بەوپەڕی دڵفراوانی و ئاسوودەییەوە، خۆ ئەگەر بەئارەزوو ویستی خۆیان دەستیان هەڵگرت لە هەندێک مارەیی و بەخشییان بەئێوە، ئێوە بۆتان هەیە بیخۆن و بەکاری بهێنن و بەبێ دوودڵی نۆشی بکەن (سوودی لێ وەربگرن).(النساء4)

وَإِنْ أَرَدتُّمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَّكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنطَارًا فَلَا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئًا ۚ أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُّبِينًا

خۆ ئەگەر ویستتان هاوسەرێک بخەنە جێگەی هاوسەرێکی ترو مارەییەکەی (ئاڵتون و سامانێکی) زۆرتان پێدا بوو، ئەوە نابێت هیچ شتێکی لێ بگێڕنەوە و لێی کەم بکەنەوە، ئایا ئەو مارەییەی کە پێتانداوە وەریدەگرنەوە لێیان بەدروست کردنی بوختانێکی ناڕەواو گوناهو ستەمێکی ئاشکرا؟!(النساء 20)

وَكَيْفَ تَأْخُذُونَهُ وَقَدْ أَفْضَىٰ بَعْضُكُمْ إِلَىٰ بَعْضٍ وَأَخَذْنَ مِنكُم مِّيثَاقًا غَلِيظًا

جا چۆن دروستە مارەییان لێوەربگرنەوە، لەکاتێکدا ئێوە چوونەتە لای یەکترو ژنانیش پەیمان و بەڵێنێکی گەورەو گرنگیان لێ وەرگرتوون (لەکاتی مارەکردنیاندا).(النساء 21)

يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنوا إِذا جاءَكُمُ المُؤمِناتُ مُهاجِراتٍ فَامتَحِنوهُنَّ ۖ اللَّهُ أَعلَمُ بِإيمانِهِنَّ ۖ فَإِن عَلِمتُموهُنَّ مُؤمِناتٍ فَلا تَرجِعوهُنَّ إِلَى الكُفّارِ ۖ لا هُنَّ حِلٌّ لَهُم وَلا هُم يَحِلّونَ لَهُنَّ ۖ وَآتوهُم ما أَنفَقوا ۚ وَلا جُناحَ عَلَيكُم أَن تَنكِحوهُنَّ إِذا آتَيتُموهُنَّ أُجورَهُنَّ ۚ وَلا تُمسِكوا بِعِصَمِ الكَوافِرِ وَاسأَلوا ما أَنفَقتُم وَليَسأَلوا ما أَنفَقوا ۚ ذٰلِكُم حُكمُ اللَّهِ ۖ يَحكُمُ بَينَكُم ۚ وَاللَّهُ عَليمٌ حَكيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێک ئافرەتە ئیماندارەکان کۆچ دەکەن و دێن بۆ لاتان تاقیان بکەنەوەو بەوردیی پرسیاریان لێ بکەن سەبارەت بەکۆچ و هۆی هاتنەکەیان، خوا ئاگادارە بە ئیمانەکەیان، جا ئەگەر زانیتان باوەڕدارن، ئەوە مەیانگێڕنەوە بۆ لای مێردە بێ باوەڕەکانیان، نە ئەم ئافرەتە حەڵاڵی ئەو بێ باوەڕانەن، نەئەو بێ باوەڕانەش حەڵاڵن بۆ ئەم ئافرەتە ئیماندارانە، ئەو مارەییەی مێردە کافرەکانیان خەرجیان کردووە بۆیان بگێرنەوە، ئیتر هیچ ڕەخنەیەکیش لەسەرتان نیە ئەو ئافرتە مارە بکەن کاتێك مارەییان بدەنێ، ئافرەتانی کافرمەهێڵنەوە لای خۆتان، واتە مارەیان مەکەن، ئێوەش ئەی ئیمانداران ئەگەر مەسرەفێکتان کردووە لە ئافرەتێکی کافردا داوای بکەنەوە، ئەوانیش ئەگەر مەسرەفێکیان کردووە لە ئافرەتێکی ئیمانداردا با داوای بکەنەوە، ئائەوە حوکم و

فەرمانی خوایە، کە خۆی فەرمانڕەوایی دەکات لە نێوانتاندا، خوای گەورەش هەمیشە زانا و دانایە.(الممتحنة10)

* سەرنجی نووسەر

ئەگەر لە ڕوویەکی ژیرانەوە سەیری ئەم دەقانەی قورئان بکەین خوای گەورە جەختی لە سەر مافی ئافرەت کردۆتەوە لە دوای جیابوونەوەیا لە هاوسەرەکانیان و وە ئەو مارەییەی کە دیاری کراوە بە بێ کەم و کوڕی پێییان بدرێت هیچ ئاینێک بەم شێوەیە گرینگی بە ئافرەتی تەڵاق دراو نەداوەو جەختی لەسەر مافی ئەو ژنانە کردبێ ئەمە ئەگەر لە گەورەیی و میهرەبانی پەروەردگارێکی بێ وێنە نەبێت ئەی کەواتە چیە ؟ خودایەک ئەوەندە درکی بە پێویستییەکانی مرۆڤ کردبێت ئایا ئێمە ستەم ناکەین لە خۆمان کە گوێڕایەڵی فەرمایشەکانی بین .

❖ ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیان حەرامە

وَلَا تَنكِحُوا مَا نَكَحَ آبَاؤُكُم مِّنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۚ إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَمَقْتًا وَسَاءَ سَبِيلً

نەکەن ئەو ئافرەتانە مارە بکەن کە پێشتر باوکتان مارەی کردبوو، مەگەر ئەوەی کە ڕابوورد (لەسەردەمی نەفامیدا پێش حەرام کردنی) بەڕاستی ئەو کارە گوناهێکی گەورە و ناشرین و ناپەسەندە و ڕێبازێکی خراپە.(النساء22)

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمْ أُمَّهَاتُكُمْ وَبَنَاتُكُمْ وَأَخَوَاتُكُمْ وَعَمَّاتُكُمْ وَخَالَاتُكُمْ وَبَنَاتُ الْأَخِ وَبَنَاتُ الْأُخْتِ وَأُمَّهَاتُكُمُ اللَّاتِي أَرْضَعْنَكُمْ وَأَخَوَاتُكُم مِّنَ الرَّضَاعَةِ وَأُمَّهَاتُ نِسَائِكُمْ وَرَبَائِبُكُمُ اللَّاتِي فِي حُجُورِكُم مِّن نِّسَائِكُمُ اللَّاتِي دَخَلْتُم بِهِنَّ فَإِن لَّمْ تَكُونُوا دَخَلْتُم بِهِنَّ فَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ وَحَلَائِلُ أَبْنَائِكُمُ الَّذِينَ مِنْ أَصْلَابِكُمْ وَأَن تَجْمَعُوا بَيْنَ الْأُخْتَيْنِ إِلَّا مَا قَدْ سَلَفَ ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا

(ئیمانداران، ئەم ئافرەتانە) مارەکردنیان حەرامکراوە لەسەرتان: دایکانتان، کچەکانتان، خوشکەکانتان، پورەکانتان (خوشکی باوک)، پورەکانتان (خوشکی دایک)، برازاتان، خوشکەزاتان، ئەو دایکانەی کە شیریان داونەتێ، خوشکە شیریەکانتان، دایکی هاوسەرتان (خەسوو)، ئەو کچانەی لە پیاوێکی ترن و لای ئێوە دەژین و پەروەردە دەبن و لەو ژنانەتانن کە چوونەتە لایان (واتە زڕ کچەکانتان)، خۆ ئەگەر نەچووبنە لای دایکی ئەو جۆرە کچانە ئەوە هیچ گوناهتان لەسەر نی یە (مارەیان بکەن)، (هەروەها حەرامە) هاوسەری ئەو کوڕانەتان مارە بکەن کە لەپشتی خۆتانن (واتە بوکەکانتان)، (هەروەها حەرامە) دوو خوشکیش پێکەوە بکەنە هاوسەری خۆتان لە یەک کاتدا، جگە لەوانەی کە ڕابوورد، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام لێخۆشبوو میهرەبانە.(النساء 23)

وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ النِّسَاءِ إِلَّا مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُكُمْ ۖ كِتَابَ اللَّـهِ عَلَيْكُمْ ۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَاءَ ذَٰلِكُمْ أَن تَبْتَغُوا بِأَمْوَالِكُم مُّحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ ۚ فَمَا اسْتَمْتَعْتُم بِهِ مِنْهُنَّ فَآتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ فِيمَا تَرَاضَيْتُم بِهِ مِن بَعْدِ الْفَرِيضَةِ ۚ إِنَّ اللَّـهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمًا

(هەروەها حەرامە) لێتان ئەو ئافرەتانەی کە مێردیان هەیە جگە لە کەنیزەکتان (لەو زەمانەدا باو بووە، جا ئەم سنوورانە) خوا بڕیاریداوە لەسەرتان، جگە لەوانەی کە باسکران، حەڵاڵە بۆتان بەهۆی ماڵ و دارایتانەوە هاوسەر بگرن (تا چوار ئافرەت) تا پاک داوێن بن و لە سنووری ڕەوشتی بەرز دەرنەچن، جا لەگەڵ هەر ئافرەتێکدا هاوسەریتان گرت ئەوە فەرزە کە مارەییەکەیان بدەنێ و هیچ گوناهیش نیە لە سەرتان لە کەم کردنەوەی ئەو مارەییەی لەسەری ڕێککەوتبوون لە دوای دیاریکردنی، بەڕاستی خوا هەمیشەو بەردەوام زاناو دانایە.(النساء24)

* سەرنجی نووسەر

ئەگەر خودای گەورە هەندێک لە و ئافرەتانەی کە بۆی حەرامکردووین لەبەر ڕێزو شکۆی خۆمانە هەروەها تێک نەچوونی شیرازەی خێزانە هەم لە ڕووی بە های ئەخلاقیەوە دیاردەیەکی ناشرینە کە لە کۆندا هەبووەو دواتر قەدەغە کراوە ئەمەش لە گەورەیی ئاینی ئیسلام و پاکی و بێگەردی ئەم ئاینەیە بۆ پەیرەوانی .

❖ حوکمی کوشتن لە قورئاندا

وَلا تَقتُلُوا النَّفسَ الَّتي حَرَّمَ اللَّهُ إِلّا بِالحَقِّ ۗ وَمَن قُتِلَ مَظلومًا فَقَد جَعَلنا لِوَلِيِّهِ سُلطانًا فَلا يُسرِف فِي القَتلِ ۖ إِنَّهُ كانَ مَنصورًا

کەسێك نەکوژن کە خوا کوشتنەکەی حەرام کردبێت مەگەر بەهۆی تاوانێکەوە شایستە بێت و کوشتنی ڕەوا بێت، ئەوەش کە مەزڵومانەو بێ تاوان دەکوژێت، ئەوە ئێمە بەڕاستی ماف و دەسەڵاتمان داوە بەنزیکترین کەسی کە تۆڵەی بۆ بسێنێت، ئەویش نابێت زیادەڕەویی بکات لە کوشتن و تۆڵەسەندنەوەدا، (خۆ ئەگەر لەخواترس و فەرمانبەردار بوو لەو کارەیدا) ئەوە بێگومان سەرکەوتوو و پشتیوانی لێکراوە لە لایەن دەسەڵاتی ڕەواوە.(الاسراء33)

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَأً ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ إِلَّا أَن يَصَّدَّقُوا ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰ أَهْلِهِ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ اللَّـهِ ۗ وَكَانَ اللَّـهُ عَلِيمًا حَكِيمًا

بۆ هیچ ئیماندارێک نیە ئیماندارێکی تر بکوژێت مەگەر بە هەڵە، خۆ ئەگەر کەسێکی ئیماندار بە هەڵە ئیماندارێک بکوژێت، ئەوە دەبێت بەندەیەکی ئیماندار ئازاد بکات و خوێن باییەکەی بدات بە کەسوکاری کوژراوەکە (وەک میراتی دابەشی بکەن) مەگەر لێی ببوورن و لە خوێنەکەی خۆش ببن، خۆ ئەگەر کوژراوەکە لە ناو قەوم و دەستەیەکدا بوو دوژمنی ئێوە بوون، بەڵام ئەو (کوژراوە) ئیماندار بوو، با (بکوژەکە) بەندەیەکی ئیماندار ئازادبکات و ئەگەر ئیماندارە کوژراوەکە لەناو قەوم و دەستەیەک بوو کە پەیمان لەنێوانتاندا هەبوو، دەبێت خوێنبایی بدرێت بەکەسوکاری و بەندەیەکی ئیمانداریش ئازاد بکرێت، (خۆ ئەگەر بکوژەکە) ئەوەی بۆ نەلواو دەستی نەکەوت (بەندە ئازاد بکات و بەندایەتی باوی نەمابوو ماڵ و سامانیشی نەبوو) ئەوە دەبێت دوومانگ لەسەریەک

بەڕۆژوو بێت، ئەمە بڕیارێکە بۆ ڕاستی و دروستی تەوبە و گەڕانەوەکەی، ئەمەش لەلایەن خواوەیە، بێگومان خوای گەورە هەمیشە و بەردەوام زاناو دانایە.(النساء92)

وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاؤُهُ جَهَنَّمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضِبَ اللَّـهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا

هەر کەسێک بەدەستی ئەنقەست ئیمانداریێک بکوژێت (بەحەلالی بزانێت)، ئەوە تۆڵەی ئەو کەسە دۆزەخە، نەمرە تیایدا، هەروەها خوا لێی توڕە بووە و نەفرینی لێکردووە و سزایەکی گەورە و بێ سنووری بۆ ئامادە کردووە.(النساء93)

* سەرنجی نووسەر

ئەگەر خودای گەورە هەندێک لە و ئافرەتانەی کە بۆی حەرامکردووین لەبەر ڕێزو شکۆی خۆمانە هەروەها تێک نەچوونی شیرازەی خێزانە هەم لە ڕووی بە های ئەخلاقیەوە دیاردەیەکی ناشرینە کە لە کۆندا هەبوەو دواتر قەدەغە کراوە ئەمەش لە گەورەیی ئاینی ئیسلام و پاکی و بێگەردی ئەم ئاینەیە بۆ پەیڕەوانی .

❖ چۆنیەتی دەست نوێژگرتن لە قورئاندا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلَاةِ فَاغْسِلُوا وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُوا بِرُءُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَيْنِ ۚ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُوا ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ فَلَمْ تَجِدُوا مَاءً فَتَيَمَّمُوا صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُوا بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ ۚ مَا يُرِيدُ اللَّـهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَـٰكِن يُرِيدُ لِيُطَهِّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: کاتێک ویستتان هەستن بۆ نوێژ (پێش ئەوە دەست نوێژ بگرن، بەم شێوەیە): ئەوە سەرەتا ڕووخسارتان بشۆن، ئینجا دەستەکانتان لەگەڵ ئەنیشکتاندا، پاشان دەستی تەڕ بهێنن بەسەر سەرتاندا، قاچەکانیشتان بشۆن لەگەڵ قولە پێتاندا، ئەگەر لەشتان گران بوو، ئەوە خۆتان خاوێن بکەن و خۆتان بشۆن، ئەگەر نەخۆش بوون یان لە سەفەردا بوون یان دەستان بەئاو گەیاندبوو (تارەتتان گرتبوو) یان لە ئافرەتی (نامەحرەم) کەوتبوون و ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن یان بۆ دەستنوێژ، ئەوکاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاک تەیەموم بکەن (واتە لەپی دەستان بەئاستەم بماڵن بەخاکدا)و بیهێنن بە ڕووخسارو دەستاندا (تا ئانیشکتان)، خوا نایەوێت لە ئایندا تووشی سەغڵەتی و نارەحەتیتان بکات بەڵکو دەیەوێت پاک و خاوێنتان بکات (لە ڕواڵەت و ناوەڕۆکدا) و دەیەوێت نازو نیعمەتی خۆیتان بەسەردا تەواوبکات بۆ ئەوەی سوپاسگوزار بن.(المائدة6)

* سەرنجی نووسەر

دەستنوێژگرتن پێش ئەوەی ئەرکێکی ئاینی بێ پاکردنەوەی جەستەیە کە وا ئەکا لە زۆر بەکتریاو ڤایرۆسی زیان بەخش بمانپارێزێت و خۆمان پاک ڕابگرین ، ئەگەریش لەڕووە ئاینیەکەوە لێی بڕوانین بەندە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لە گەڵ زاتێکی وەها بەرز و گەورە

بكات پێویستە بە پاك و خاوێنی و بە پۆشتەیی بچێتە بەردەم پەروەردگار و قسەی لەگەڵدا بكەیت زاتێكی وەها باڵا پێویستە بە شایستەترین و پاكترین شێوە كە شایەنی گفتۆگۆكردن بێت لەگەڵ ئافرێنەر .

❖ حوکمی دزیکردن لە قورئاندا

وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللَّـهِۗ وَاللَّـهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ

دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی کاری ناڕەوایاندا ئەمەش تۆڵەیەکە لە لایەن خواوە، خوا باڵادەست و دانایە (لە بڕیاردانی ئەو سزایەدا، ئەڵبەتە ئەم سزایە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا جێبەجێ دەکرێت، کە: هەموو کەسێک ژیانی مسۆگەرە و هەمووان دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ دەکەن، هەروەها لە ساڵانی گرانیدا دەست ناپڕدرێت).(المائدة38)

فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللَّـهَ يَتُوبُ عَلَيْهِۗ إِنَّ اللَّـهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ

جا ئەوەی دوای ستەم و تاوانەکەی تەوبە بکات و چاکسازی لە خۆیدا بکات (دڵ و دەروونی خاوێن بکاتەوە، ماڵی خەڵکی بداتەوە و چاوی لە دزێتی نەمێنێت)، ئەوە بێگومان خوا تەوبەکەی لێوەردەگرێت، چونکە بەڕاستی خوای گەورە لێخۆشبوو میهرەبانە.(المائدة39)

* سەرنجی نووسەر

دزیکردن واتا دەسدرێژیکردن بۆ سەر مافی خەڵکی و شتێک کە کەسانێک بە ئازاروو مەینەتی دەستیان کەوتوە و تۆ ئەو مافەیان لێ وەرگریتەوەو دەستی بەسەردا بگریت ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئاکارێکی ناشرین و نامرۆڤانەیە هەربۆیەش خودای گەورە سزای دەست بڕینەوەی بۆ داناون لە حاڵێکدا ئەگەر پێویستی سەرەکیان نەبێت واتا لەبەر هەژاری دەستیان بۆ ئەم کارە نەبردبێت ئەو کاتە سزاکەیان لەسەر لا ئەچێت .

❖ شایەتی وەرگرتن لەکاتی سەفەردا

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ ۚ تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلَاةِ فَيُقْسِمَانِ بِاللَّـهِ إِنِ ارْتَبْتُمْ لَا نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ ۙ وَلَا نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللَّـهِ إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الْآثِمِينَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە: کاتێک نیشانەی مەرگ و مردن لە کەسێکتان دەرکەوت، شایەتی نێوانتان با دووکەس بن لەکاتی وەسیەتەکەدا، دووکەسی دادپەروەر بن لە خۆتان یان دوو کەسی تر جگە لە خۆتان، ئەگەر ئێوە بۆ بازرگانی و شتی تر سەفەرتان کرد لە وڵاتداو جا مردن یەخەی گرتن، ئەگەر دوودڵ بوون لە دوو شایەتەکە ئەوا ڕایانگرن لە دوای نوێژی عەسر سوێند بخۆن بەخواو (بڵێن) ئێمە سوێندەکەمان بەهیچ نرخێک ناگۆڕینەوە با سوێند بۆ خوراوەکە نزیکترین خزمیش بێت (لە ڕاستی لا نادەین)، ئێمە شایەتیەک کە بۆ خوا ئەنجامانداوە نایشارینەوە و ونی ناکەین، چونکە بەڕاستی ئەگەر وابکەین ئەوە کەوابوو بێگومان لە ڕیزی تاوانباراندایین.(المائدة106)

فَإِنْ عُثِرَ عَلَىٰ أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًا فَآخَرَانِ يَقُومَانِ مَقَامَهُمَا مِنَ الَّذِينَ اسْتَحَقَّ عَلَيْهِمُ الْأَوْلَيَانِ فَيُقْسِمَانِ بِاللَّـهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا وَمَا اعْتَدَيْنَا إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ

خۆ ئەگەر دەرکەوت ئەو دوو شایەتەی پێشوو (درۆیان کردووەو) خۆیان گوناهبار کردووە ئەوە دووکەسی تر لە خزمی نزیکی ستەم لێکراوی مردووەکە لە جیاتی ئەوان ئامادە بکرێن و ئینجا سوێند بەخوا بخۆن و بڵێن: کە بە ڕاستی شایەتی ئێمە لە شایەتی ئەوان ڕاستترو دروستترە، ئێمە هیچ ستەم و دەستدرێژیەکمان نەکردووە و (تەماعمان لە ماڵیاندا نیە)، خۆ ئەگەر نیەتمان وابێت، ئەوە بەڕاستی کەوابوو ئێمەش لە ڕیزی ستەمکاراندایین.(المائدة107)

ذَٰلِكَ أَدْنَىٰ أَن يَأْتُوا بِالشَّهَادَةِ عَلَىٰ وَجْهِهَا أَوْ يَخَافُوا أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ ۗ وَاتَّقُوا اللَّـهَ وَاسْمَعُوا ۗ وَاللَّـهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ

ئەوەی کە باسکرا نزیکترین و شیاوترین شێوازە بۆ شایەتی جێبەجێ کردن بۆ ئەوەی سوێند و شایەتیەکان بە ڕاستی بدرێن لەبەر خوا یان لە ترسی ئابڕوو چوونی بەدرۆ خستنەوەی سوێندەکانیان (تا مافی کەس نەفەوتێت)، لە خوا بترسن و گوێ بگرن (بۆ هەموو ڕێنموییەکی خێر) خوایش هیدایەت و ڕێنموویی هۆزو قەومی تاوانبارو گوناهکارو لە سنوور دەرچوو نادات.(المائدة108)

* سەرنجی نووسەر

ئەوەی لەم دەقانەدا باسکراوە شایستەترین شێوازی وەرگرتنی شایەتیە کە خودای گەورە ڕێنوێنی کردووین کە دوو شایەت بگرین وە سوێندیش بخۆن نەوەک دەست بۆ میراتی مردووەکە بەرن خۆ ئەگەر ئەمانیش ڕاستیان نەکردوو ڕاستگۆ نەبوو ئەوا دوو شایەتی تر کە سوێند بخۆن و چاو نەبڕنەماڵی مردووە کە ئا بەم شێوەیە خودا ئامۆژگاریمان ئەکا کە پارێزگاری لە مافی خەڵکی بکەین و دەسدرێژی کەر نەبین بۆ سەر مافیان .

❖ مامەڵە كردن لە گەڵ دایک و باوک

۞ وَقَضىٰ رَبُّكَ أَلّا تَعبُدوا إِلّا إِيّاهُ وَبِالوالِدَينِ إِحسانًا ۚ إِمّا يَبلُغَنَّ عِندَكَ الكِبَرَ أَحَدُهُما أَو كِلاهُما فَلا تَقُل لَهُما أُفٍّ وَلا تَنهَرهُما وَقُل لَهُما قَولًا كَريمًا

پەروەردگاری تۆ بڕیاریداوە کە جگە لەو کەسی تر نەپەرستن، هەروەها بڕیاریداوە چاکەکاریش بن لەگەڵ دایك و باوکتاندا، هەر کاتێك یەکێکیان یان هەردووکیان بە پیری کەوتنە لای تۆ (تەنانەت) ئۆفیان لە دەست مەکەو (هەرگیز) پیایاندا هەڵمەشاخێ و هاواریان بەسەردا مەکە، بەردەوامیش قسەو گفتو گۆت لەگەڵیاندا با چاك و جوان و بەجێ بێت.(الاسراء23)

وَاخفِض لَهُما جَناحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحمَةِ وَقُل رَبِّ ارحَمهُما كَما رَبَّياني صَغيرًا

باڵی میهرەبانی خۆتیان بۆ ڕاخەو ملکەچ بە بۆیان، نزا بکەو بڵێ: پەروەردگارا ڕەحمیان پێ بکەو میهرەبان بە بۆیان، هەروەکو چۆن ئەوان ڕەحمیان بە من کردوو و منیان پەروەردە کردووە بە بچووکی و منداڵی. (الاسراء24)

* سەرنجی نووسەر

دایک و باوک تاکە مرۆڤن کە بەبێ هیچ داواکارییەک و هیچ بەرامبەرێک منالەکانیان گەورە ئەکەن دایک کە نۆ مانگ بە ئازارو نارەحەتی منالەکەی لە سکیدا هەڵئەگرێت و دوو ساڵ شیری پێ ئەدات و شەونخونی ئەکات وە باوکیش کە ماندوو نەناسانە کار ئەکات تا ئایندەی منالەکەی دابین بکات و هەندێک جار خودی خۆی لەبیر ئەکات دەی حەقی خۆیانە لە پیریدا ئێمەش چاکەکار بین لەگەڵیانداو گوفتارمان جوان و خۆش بێت لە گەڵیان و گوێرایەڵیان بین.

❖ ڕاستیو دروستی لە کێشان و پێوانەدا

وَأَوفُوا الكَيلَ إِذا كِلتُم وَزِنوا بِالقِسطاسِ المُستَقيمِ ۚ ذٰلِكَ خَيرٌ وَأَحسَنُ تَأويلًا

هەر کاتێك کێشان و پێوانتان ئەنجامدا بەڕێك و پێکی و تیرو تەواوی ئەنجامی بدەن، ئەو شێوەیە چاکترەو جوانترین ئەنجامی هەیە (لە دنیادا ئاسوودە دەبن و پاداشتی قیامەتیش بەدەست دەهێنن).(الاسراء35)

۞ أَوفُوا الكَيلَ وَلا تَكونوا مِنَ المُخسِرينَ

لە کێشان و پێواندا وەفادار بن و فێڵ مەکەن و لەو کەسانە مەبن کە زەرەر بە خەڵکی دەگەیەنن و شتیان بێ نرخ دەکەن و (هەر بەرژەوەندی خۆیانیان دەوێت).(الشعراء181)

وَزِنوا بِالقِسطاسِ المُستَقيمِ

بە تەرازوو پێوەری ڕاست و دروستیش کێشانە بکەن.(الشعرا 182)

وَلا تَبخَسُوا النّاسَ أَشياءَهُم وَلا تَعثَوا فِي الأَرضِ مُفسِدينَ

نرخی کەلوپەل و شتومەکی خەڵکی مەشکێننو سووکی مەکەن و لە زەویدا فەساد و تاوان ئەنجام مەدەن.(الشعرا 183)

وَيلٌ لِلمُطَفِّفينَ

هاوارو ئاهو ناڵە بۆ تەرازووبازەکان، بۆ ئەوانەی کە لەکێشان و پێواندا لەکڕین و فرۆشتندا تەرازوو بازی و فێڵ دەکەن (یان لە هەڵسەنگاندنی خەڵکیدا ڕاست ناڵێن).(المطففين 1)

الَّذينَ إِذَا اكتالوا عَلَى النّاسِ يَستَوفونَ

ئەوانەی کاتێك شت لە خەڵکی دەکڕن بە تەواوی، بە زیادەوە لێیان وەردەگرن.(المطففين 2)

وَإِذا كالوهُم أَو وَزَنوهُم يُخسِرونَ

بەڵام کاتێك شتیان بۆ دەپێون یان دەکێشن لێی دەدزنەوە و کەمیان دەدەنێ و فێڵیان لێدەکەن.(المطففين 3)

أَلا يَظُنُّ أُولٰئِكَ أَنَّهُم مَبعوثونَ

ئایا ئەوانە گومان نابەن کە بەڕاستی زیندوو دەکرێنەوە (تا سەرئەنجامی خیانەت و فێڵیان وەربگرن).(المطففين 4)

كَلّا إِنَّ كِتابَ الفُجّارِ لَفي سِجّينٍ

واز بهێنن لە تەرازووبازی، چونکە بەڕاستی نامەی کردەوەی تاوانباران لە (سجين) دایە.(المطففين 7)

وَما أَدراكَ ما سِجّينٌ

جا تۆ چووزانی (سجين) چیە؟(المطففين 8)

كِتابٌ مَرقومٌ

نامەیەکی (دیاری و ئاشکرایە هەر بەڕواڵەتیدا دیارە کە خێری تیادا نیە)، مۆرکراوو لۆک کراویشە.(المطففين 9)

أَلّا تَطغَوا فِي الميزانِ

ئێوەش ئەی نەوەی ئادەم با تەرازوو پێوەرتان ڕێکوپێک بێت و ستەم لەیەکتر مەکەن(الرحمن 8)

وَأَقِيمُوا الوَزنَ بِالقِسطِ وَلا تُخسِرُوا الميزانَ

دادپەروەر بن لە کێشان و پێواندا، تەرازوو بازیی مەکەن و کەم فرۆشی ئەنجام مەدەن.(الرحمن 9)

* سەرنجی نووسەر

بەر لە وەی قسە لەسەر لایەنی ئاینی بکەم پێش ئەوە خواردنی مافی خەڵکی دوورە لە بەها مرۆڤییەکان و دەسدرێژییە بۆ سەر مافی خەڵکی و بە ستەم ئەژمار ئەکرێت و هەم لە ڕووی یاساییەوە کارێکی نەشیاوەو ڕێگە پێنەدراوە ، هەر بۆیەش خودای گەورە بە ئەندازەی گەردیلەیەک ستەم لەکەس قبوڵ ناکات و سزای سەختی بۆ کەسێک داناوە کە سنورەکانی خودا ئەبەزێنن و دەستدرێژی ئەکەنە سەر مافی خەکی و پارەو سامانیان بە بردنی مافی خەڵکی کۆ ئەکەنەوە .

❖ بێدەنگ بوون لە بارەی ئەو شتانەی کە زانست و زانیاریمان نیە لەسەری لە قورئاندا

* وَلا تَقفُ ما لَيسَ لَكَ بِهِ عِلمٌ ۚ إِنَّ السَّمعَ وَالبَصَرَ وَالفُؤادَ كُلُّ أُولٰئِكَ كانَ عَنهُ مَسئولًا

(ئەی ئینسان) لە شتێك مەدوێ و شوێنی شتێك مەکەوە کە زانست و زانیاریت دەربارەی نیە، چونکە بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن هەر هەمووی، بەرپرسیارە لە بەرامبەریەوە.(الاسراء36)

* سەرنجی نووسەر

کاتێک قسە لە بارەی کەسێکەوە ئەکرێت یاخود هەرچ شتێک بڵاو ئەکرێتەوە باشترە کە ئێمە قسەی لە بارەوە نەکەین نەبین بە هۆکارێک بۆ گواستنەوەی ئەو هەواڵە لەکاتێکدا هیچ بنەمایەکی ڕاستی و دروستی نیە جگە لە وێرانکردنی ماڵی خەڵکی و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بێ کەڵک و زیان بەخش هەر بۆیەش خودای گەورە فەرمانمان پێ ئەکات کە شتێک زانیاریمان نیە لە بارەیەوە نەدووێین و بێ دەنگ بین نەوەک ببێتە هۆی ئازاردانی برایانی مووسوڵمانانمان و لە قیامەتدا چاوو گوێ و هەموو هەستەوەرەکانمان ئەبن بە شایەتێکی گۆیا بە سەرمانەوە .

❖ فەرمانکردن بە سادەیی و دورکەوتنەوە لە فیزو لە خۆبایبوون

وَلا تَمشِ فِي الأَرضِ مَرَحًا ۖ إِنَّكَ لَن تَخرِقَ الأَرضَ وَلَن تَبلُغَ الجِبالَ طولًا

هەروەها بەسەر زەویدا بەکەش و فش و لە خۆبایی بوونەوە مەڕۆ، چونکە تۆ هەرگیز ناتوانیت زەوی کوناودەر بکەیت، ناشگەیتە بەرزی چیاکان (ئیتر ئەم کەشخەو شانازیەت لەچی یە؟).(اسراء37)

وَلا تُصَعِّر خَدَّكَ لِلنّاسِ وَلا تَمشِ فِي الأَرضِ مَرَحًا ۖ إِنَّ اللَّهَ لا يُحِبُّ كُلَّ مُختالٍ فَخورٍ

هەورەها ڕووت وەرمەگێڕە لە خەڵکی و (لووت بەرز مەبە و بەچاوی سووک سەیریان مەکە)، بەسەر زەویدا بەناز و فیزەوە مەڕۆ، بەڕاستی خوا ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە خۆهەڵکێش و فەخر فرۆش و فیزاوین.(لقمان 18)

* سەرنجی نووسەر

لە کاتێکدا کە ئێمە بەلاوازی درووستکراوین و بەرگەی زۆر شت ناگرین و دەسەڵاتمان سنورداره نادادپەروەرییە بەرامبەر بە خۆمان کە بە فیزو لە خۆبایی بین لەسەر زەوی لە کاتێکدا ئێمە لەم دوونیایەدا میوانین و ماوەیەکی ؤکورت تێییدا ئەمێنینەوە بەدەر لەوەش هەر لە ڕەنگی پێستەوە تا گەورەترین شت هەم نیعمەتێکی خودایە کە پێویستە سوپاس گوزار بین لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەی سەختی خودایە بۆمان کەواتە بۆچی بۆ شتێک کە خۆمان خاوەنی نین تەنانەت خاوەنی خۆشمان نین لووتبەرزو خۆبەزلزان بین . و بەسەر هەژاراندا لافی پارەو سامان لێ بدەین کە هی خۆمان نیە ؟ .

❖ لە بارەی ئەنجام دانی کارێک چی بوترێت

وَلا تَقولَنَّ لِشَيءٍ إِنّي فاعِلٌ ذٰلِكَ غَدًا

هەرگیز دەربارەی هیچ شتێك و هیچ کارێك مەڵێ، من بەڕاستی سبەینێ ئەنجامدەری ئەو کارەم...(الكهف23)

إِلّا أَن يَشاءَ اللَّهُ ۚ وَاذكُر رَبَّكَ إِذا نَسيتَ وَقُل عَسىٰ أَن يَهدِيَنِ رَبّي لِأَقرَبَ مِن هٰذا رَشَدًا

مەگەر بڵێیت: ئەگەر خوا بیەوێت و ویستی پەروەردگاری لەسەر بێت، یادی پەروەردگاریشت بکە کاتێك کە لە بیرت چوو بڵێیت (ان شاء الله) لە ئەنجامدانی هەر کارێکدا بڵێ: ئومێدەوارم پەروەردگارم ڕێنموویم بکات بۆ بەڵگەیەکی نزیکتر لەمە تا بەو شێوەیەی کە پێی چاکەو لای پەسەندە جێبەجێی بکەم.(الكهف 24)

* سەرنجی نووسەر

لەبارەی ئەنجامدانی هەرکارێکەوە ئێمە پێویستە داوا لە خودا بکەین کە بۆمان ئاسان بکات و بە خێرو چاکە بیهێنێتە ڕێمان و ئەو کارەمان لەسەر ئاسان بکات و تووشی ئێش و ئازاری دوونیایی نەبین و پەنای پێ بگرین لە نارەحەتی ئەو کارەو داوای لێ بکەین کە ڕێگەی ڕاستمان نیشان بدات .

❖ ئادابی چونە ناو ماڵی کەسانی تر

یا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنوا لا تَدخُلوا بُيوتًا غَيرَ بُيوتِكُم حَتّىٰ تَستَأنِسوا وَتُسَلِّموا عَلىٰ أَهلِها ۚ ذٰلِكُم خَيرٌ لَكُم لَعَلَّكُم تَذَكَّرونَ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە مەچنە هیچ ماڵێکی تر جگە لە ماڵەکانی خۆتان هەتا کارێك نەکەن کە ئەوان ئاگاداربن (وەکو زەنگ لێدان یان لە دەرگادان) پاشان کە مۆڵەتدران سەلام بکەن لە خەڵکی ماڵەکە، ئەوە چاکترە بۆتان و بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، هەوڵ بدەن لە یادتان بێت و ئەو شێوازە فەرامۆش نەکەن (کاتی لە بارو گونجاو هەڵبژێرن بۆ سەردانەکانتان، بۆ میوان و خاوەن ماڵ دڵیان بەیەك بکرێتەوە).(النور 27)

فَإِن لَم تَجِدوا فيها أَحَدًا فَلا تَدخُلوها حَتّىٰ يُؤذَنَ لَكُم ۖ وَإِن قيلَ لَكُمُ ارجِعوا فَارجِعوا ۖ هُوَ أَزكىٰ لَكُم ۚ وَاللَّهُ بِما تَعمَلونَ عَليمٌ

جا ئەگەر کەستان نەبینی تیایدا، یاخود هەستتان کرد کەس لەماڵ نیە، مەچنە ژوورەوە هەتا مۆڵەت نەدرێن، ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە (کاتمان نیە، یان کارمان هەیە...) بگەڕێنەوە (بەبێ دڵگرانی) ئەوە چاکترە بۆتان، چاکیش بزانن خوا زانایە بە هەموو ئەو کارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.(النور 28)

لَيسَ عَلَيكُم جُناحٌ أَن تَدخُلوا بُيوتًا غَيرَ مَسكونَةٍ فيها مَتاعٌ لَكُم ۚ وَاللَّهُ يَعلَمُ ما تُبدونَ وَما تَكتُمونَ

گوناهبار نابن ئەگەر بچنە ماڵێکەوە کەسی تێدا نیشتەجێ نەبێت و کەلو پەلی خۆتانی تێدا بێت، خواش دەزانێت و ئاگادارە بەوەی دەری دەخەن و بەوەش کە دەیشارنەوە.(النور 29)

❖ چاو پاراستنی لە ئافرەت و پیاوانی نامەحرەم

قُل لِلمُؤمِنينَ يَغُضّوا مِن أَبصارِهِم وَيَحفَظوا فُروجَهُم ۚ ذٰلِكَ أَزكىٰ لَهُم ۗ إِنَّ اللَّهَ خَبيرٌ بِما يَصنَعونَ

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) بە پیاوانی ئیماندار بڵێ: چاویان بپارێزن (لەسەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم) هەروەها نامووس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاکترو پوختترە بۆیان (بۆ دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ڕۆح و لاشەیان) بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن.(النور 30)

وَقُل لِلمُؤمِناتِ يَغضُضنَ مِن أَبصارِهِنَّ وَيَحفَظنَ فُروجَهُنَّ وَلا يُبدينَ زينَتَهُنَّ إِلّا ما ظَهَرَ مِنها ۖ وَليَضرِبنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلىٰ جُيوبِهِنَّ ۖ وَلا يُبدينَ زينَتَهُنَّ إِلّا لِبُعولَتِهِنَّ أَو آبائِهِنَّ أَو آباءِ بُعولَتِهِنَّ أَو أَبنائِهِنَّ أَو أَبناءِ بُعولَتِهِنَّ أَو إِخوانِهِنَّ أَو بَني إِخوانِهِنَّ أَو بَني أَخَواتِهِنَّ أَو نِسائِهِنَّ أَو ما مَلَكَت أَيمانُهُنَّ أَوِ التّابِعينَ غَيرِ أُولِي الإِربَةِ مِنَ الرِّجالِ أَوِ الطِّفلِ الَّذينَ لَم يَظهَروا عَلىٰ عَوراتِ النِّساءِ ۖ وَلا يَضرِبنَ بِأَرجُلِهِنَّ لِيُعلَمَ ما يُخفينَ مِن زينَتِهِنَّ ۚ وَتوبوا إِلَى اللَّهِ جَميعًا أَيُّهَ المُؤمِنونَ لَعَلَّكُم تُفلِحونَ

بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشای نامەحرەم) داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە (وەك دەم و چاوو دەست) با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بە تەواوی بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت، یان باوکی خۆیان، یان باوکی مێردەکانیان، یان کوڕی خۆیان، یان کوڕی مێردەکانیان، یان بۆ براکانی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئافرەتێك کە پەیوەندیان هەیە پێکەوە، یان ئەوانەش کە کەنیزەکانیان (کە لە ڕابردووی تایبەتدا هەبوون) یان ئەوانەی کە لە ماڵەکانتاندا دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نی یە (لە بەر پیری، یان نەخۆشی... هتد)

یاخود ئەو منداڵانەی کە هێشتا شارەزاییان لە ئافرەتان نیەو (ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبووەو نازانن باسی عەورات بکەن) نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن بە زەویدا (تا دەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت) و بزانرێت کە زینەتدارو خشڵدارن، کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن.(النور 31)

* سەرنجی نووسەر

پێش چونە هەر ماڵێکەوە لە دەرگاکەیان بدەیت و ئاگاداریان بکەیتەوە ئەمە ئاکارێکی بەرزو جوانە وە ڕێزگرتنە لە سنوری ماڵی ئەونی تر کە نەوەکو ئامادەی میوانداری نەبن یاخود لە بارودۆخێکی نا شاز بن کە دیارە ئاگادارکردنەوەیان باشترەو جوانترە بۆ خۆمان و کەسانی دەوروبەرمان و ڕێز لە سنوری ئەوانی دی بگرین .

❖ هاوسەرگیری لە قورئاندا

وَأَنكِحُوا الأَيامىٰ مِنكُم وَالصّالِحينَ مِن عِبادِكُم وَإِمائِكُم ۚ إِن يَكونوا فُقَراءَ يُغنِهِمُ اللَّهُ مِن فَضلِهِ ۗ وَاللَّهُ واسِعٌ عَليمٌ

ژن بدەن بە پیاوانی بێ ژن و ئافرەتانی بێوەژن بدەن بەشوو، هەروەها ژن بدەن بە بەندە صاڵحەکانتان و کەنیزەکە کانیشتان بدەن بە شوو ئەگەر هەژاریش بن، ئەوە خوا لە فەزڵ و بەخششی خۆی بەهرەوەریان دەکات، خوای گەورەش هەمیشە فراوانگیرو زانایە.(النور 32)

وَليَستَعفِفِ الَّذينَ لا يَجِدونَ نِكاحًا حَتّىٰ يُغنِيَهُمُ اللَّهُ مِن فَضلِهِ ۗ وَالَّذينَ يَبتَغونَ الكِتابَ مِمّا مَلَكَت أَيمانُكُم فَكاتِبوهُم إِن عَلِمتُم فيهِم خَيرًا ۖ وَآتوهُم مِن مالِ اللَّهِ الَّذي آتاكُم ۚ وَلا تُكرِهوا فَتَياتِكُم عَلَى البِغاءِ إِن أَرَدنَ تَحَصُّنًا لِتَبتَغوا عَرَضَ الحَياةِ الدُّنيا ۚ وَمَن يُكرِههُنَّ فَإِنَّ اللَّهَ مِن بَعدِ إِكراهِهِنَّ غَفورٌ رَحيمٌ

دەبا ئەوانەی هاوسەریان دەست ناکەوێت هەوڵ بدەن داوێنی خۆیان پاك ڕابگرن، هەتا خوا لە فەزڵی خۆی دەوڵەمەندو بێ نیازیان دەکات، ئەو کەسانەش کە دەیانەوێت خۆیان ڕزگار بکەن لە بەندەکانتان و خۆیان بکڕنەوە، ئەوە ئێوە لەگەڵیاندا ڕێك بکەون و ڕێگەی ئازادییان بۆ ئاسان بکەن، ئەگەر خێرتان تێدا بەدی دەکردن و لەو ماڵ و سامانەی کە خوا پێی بەخشیوون بەشیان بدەن و بەزۆر کەنیزەکەکانتان هانمەدەن بۆ داوێن پیسی، ئەگەر ئەوان پاك داوێنیان دەویست (دەبێت پیاوی ئازاد زیاتر پاکداوێنی مەبەست بێت)، بۆ ئەوەی لەو ڕێگە چەوتەوە ماڵ و سامانی ژیانی دنیا بەدەست بهێنن، جا ئەوەی بەزۆر ئەو گوناهەیان پێ بکات، ئەوە بەڕاستی خوا دوای ئەو زۆر بۆ هێنانەیان لێخۆش بوو میهرەبانەو چاوپۆشیان لێ دەکات.(النور 33)

ئەوانەی کە دەرکەوتن بۆیان گوناهەو ئەوانەش کە گوناه نیە .

يا أَيُّهَا الَّذينَ آمَنوا لِيَستَأذِنكُمُ الَّذينَ مَلَكَت أَيمانُكُم وَالَّذينَ لَم يَبلُغُوا الحُلُمَ مِنكُم ثَلاثَ مَرّاتٍ ۚ مِن قَبلِ صَلاةِ الفَجرِ وَحينَ تَضَعونَ ثِيابَكُم مِنَ الظَّهيرَةِ وَمِن بَعدِ صَلاةِ العِشاءِ ۚ ثَلاثُ عَوراتٍ لَكُم ۚ لَيسَ عَلَيكُم وَلا عَلَيهِم جُناحٌ بَعدَهُنَّ ۚ طَوّافونَ عَلَيكُم بَعضُكُم عَلىٰ بَعضٍ ۚ كَذٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآياتِ ۗ وَاللَّهُ عَليمٌ حَكيمٌ

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە با بەندەو ئەو منداڵانەتان (کە هێشتا نەگەیشتونەتە تەمەنی هەرزەکاری) لە سێ کاتدا (فێری ئەوە بکرێن) مۆڵەت بخوازن (لەسەردانی ژووری نووستنی ژن و مێرد) پێش نوێژی بەیانی، کاتی نیوەڕۆ کە پۆشاکتان دا دەنێن (بۆ حەوانەوە)، لە دوای نوێژی خەوتنان، سێ کاتە کە لەوانەیە عەورەتی ئێوەی تێدا دەربکەوێت (با کەسی تر؛ نەتانبینێت)، لە دوای ئەو سێ کاتە قەیناکات بۆ ئێوەش و ئەوانیش، کە بگەڕێن بە ناویەکدا و بچن بۆ لای یەکتر، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە، (تا تووشی کێشەی دەروونی نەبن) خواش هەمیشە زاناو دانایە (بەوەی کە دەبێتە مایەی خێرو خۆشیتان).(النور 58)

وَإِذا بَلَغَ الأَطفالُ مِنكُمُ الحُلُمَ فَليَستَأذِنوا كَمَا استَأذَنَ الَّذينَ مِن قَبلِهِم ۚ كَذٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُم آياتِهِ ۗ وَاللَّهُ عَليمٌ حَكيمٌ

هەر کاتێك منداڵەکانتان باڵغ بوون، با ئەوانیش مۆڵەت بخوازن، وەکو چۆن کەسانی پێش ئەمان مۆڵەتیان خواستووە (لە کاتی هاتووچۆ کردنی ژووری دایك و باوکدا)، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە و خوا زاناو دانایە (بە بەرژەوەندیەکانتان).(النور 59)

وَالقَواعِدُ مِنَ النِّساءِ اللّاتي لا يَرجونَ نِكاحًا فَلَيسَ عَلَيهِنَّ جُناحٌ أَن يَضَعنَ ثِيابَهُنَّ غَيرَ مُتَبَرِّجاتٍ بِزينَةٍ ۖ وَأَن يَستَعفِفنَ خَيرٌ لَهُنَّ ۗ وَاللَّهُ سَميعٌ عَليمٌ

ئەو ئافرەتە پیرو پەککەوتانەی کە بە تەمای شوو کردن نین، قەیناکات ئەگەر هەندێك لە پۆشاکیان دابنێن، لە کاتێکدا جوانی خۆیان دەرنەخەن، خۆ ئەگەر پۆشتە بن ئەوە چاکترە بۆیان، خوایش بیسەرو زانایە (بە نیەت و خەتەرەو خەیاڵی دڵەکان).(النور 60)

لَيسَ عَلَى الأَعمىٰ حَرَجٌ وَلا عَلَى الأَعرَجِ حَرَجٌ وَلا عَلَى المَريضِ حَرَجٌ وَلا عَلىٰ أَنفُسِكُم أَن تَأكُلوا مِن بُيوتِكُم أَو بُيوتِ آبائِكُم أَو بُيوتِ أُمَّهاتِكُم أَو بُيوتِ إِخوانِكُم أَو بُيوتِ أَخَواتِكُم أَو بُيوتِ أَعمامِكُم أَو بُيوتِ عَمّاتِكُم أَو بُيوتِ أَخوالِكُم أَو بُيوتِ خالاتِكُم أَو ما مَلَكتُم مَفاتِحَهُ أَو صَديقِكُم ۚ لَيسَ عَلَيكُم جُناحٌ أَن تَأكُلوا جَميعًا أَو أَشتاتًا ۚ فَإِذا دَخَلتُم بُيوتًا فَسَلِّموا عَلىٰ أَنفُسِكُم تَحِيَّةً مِن عِندِ اللَّهِ مُبارَكَةً طَيِّبَةً ۚ كَذٰلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآياتِ لَعَلَّكُم تَعقِلونَ

کوێرو نابینا گوناهو گلەییان لەسەر نییە، هەروەها شەل، نەخۆش، هەروەها خۆیشتان، کە خواردن بخۆن لە ماڵی خۆتان یان ماڵی باوکتان یان ماڵی دایکتان، یان ماڵی براکانتان یان ماڵی خوشکەکانتان، یان ماڵی مامەکانتان یان ماڵی پوورەکانتان (خوشکانی باوك)، یان لە ماڵی خاڵەکانتان یان لە ماڵی پوورەکانتان (خوشکانی دایك)، یان ئەو ماڵەی کە کلیلی لای ئێوەیە، یان ماڵی هاوەڵتان، هیچ گوناهتان ناگات کە بە کۆمەڵ (لەسەر یەك سفرە) نان بخۆن یاخود جیا بە جیا، هەر کاتێك چوونە هەر ماڵێك، سەلام لە خۆتان بکەن و سەلام لە یەکتر بکەن، سەلامێك لە لایەن خوای گەورەوە، کە پڕە لە بەرەکەت و فەڕو جوانی و پاکی، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بۆ ئەوەی بیرو هۆش بکەنەوەو لێکی بدەنەوە (کە چ پەروەردگارێکی دڵسۆزو غەمخوارمان هەیە، چۆن دەیەوێت ژیانمان بە شێوەیەك ڕێك بخات کە بە خۆشی و شادی پێکەوە بژین، دوور لە گرفت و کێشەی دەروونی و ڕەوشتی و کۆمەڵەیەتی).(النور 61)

لا جُناحَ عَلَيهِنَّ في آبائِهِنَّ وَلا أَبنائِهِنَّ وَلا إِخوانِهِنَّ وَلا أَبناءِ إِخوانِهِنَّ وَلا أَبناءِ أَخَواتِهِنَّ وَلا نِسائِهِنَّ وَلا ما مَلَكَت أَيمانُهُنَّ ۗ وَاتَّقينَ اللَّهَ ۚ إِنَّ اللَّهَ كانَ عَلىٰ كُلِّ شَيءٍ شَهيدًا

(ئافرەتان) چاوپۆسییان لێدەکرێت و قەیناکا باوانیان بیانبینن، یان کوڕەکانی خۆیان، یان براکانیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئەو ئافرەتانەیان (کە ئیشیان بۆ دەکەن لە ماڵدا)، یان ئەوکەسانەی کە لە ماڵەکانیاندا دەژین، لە خوا بترسن (ئەو سنوورانەی کە بۆی داناون مەیشکێنن)، بێگومان خوا شایەتە بەسەر هەموو شتێکەوە.)(الأحزاب55)

* سەرنجی نووسەر

هاوسەرگیری واتای دروستکردنی ژیانێکی نوێییە و تەواو کردنی شەریعەتی ژیانە بە دڵنیاییە وە خۆشەویستی و ڕێز بنەمای بە یەکەوە بەستنی ئەو پەیوەندییە و ، ئەگەر مرۆڤ لە توانایدا هەبێت و بتوانێت سەقفێکی پڕ لەئاشتیوخۆشبەختی دروست بکات خۆ ئەگەر بۆی نەگونجا یاخود نەکرا ئەوا بێگومان خێری تێدایە و دیارە کە خودای گەورە پاداشتێکی گەورەتری لە پای ئەوەدا بەخشیوە بە مرۆڤ ، تا ئەو کاتەی کە خودا دەرفەتێکی بۆ ئەڕەخسێنێت

❖ زەکات و نوێژ لە قورئاندا

الَّذينَ يُقيمونَ الصَّلاةَ وَيُؤتونَ الزَّكاةَ وَهُم بِالآخِرَةِ هُم يوقِنونَ

ئەوانەی کە نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام دەدەن و زەکات دەبەخشن و باوەڕێکی بەتین و دامەزراویان بە ڕۆژی قیامەت هەیە. (النمل 3)

اتلُ ما أوحِيَ إِلَيكَ مِنَ الكِتابِ وَأَقِمِ الصَّلاةَ ۖ إِنَّ الصَّلاةَ تَنهىٰ عَنِ الفَحشاءِ وَالمُنكَرِ ۗ وَلَذِكرُ اللَّهِ أَكبَرُ ۗ وَاللَّهُ يَعلَمُ ما تَصنَعونَ

ئەی پێغەمبەر (ص) ئەوەی بۆت ڕەوانە دەکرێت لە قورئان بیخوێنەرەوە و نوێژیش بەچاکی ئەنجام بدە، چونکە بەڕاستی نوێژ بەرهەڵستی لە گوناهو تاوان و نادروستی دەکات، بێگومان یادی خوا لە هەموو شت گەورەتر و بەنرخترە (کە دەبێت لە کاتی نوێژ و کاتی تریشدا بیر و هۆشی ئیماندار، دابگرێت) و خوا خۆی زانایە بە هەموو ئەو کار و کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەن.(العنكبوت45)

الَّذينَ يُقيمونَ الصَّلاةَ وَيُؤتونَ الزَّكاةَ وَهُم بِالآخِرَةِ هُم يوقِنونَ

ئەوانەی کە نوێژەکانیان بە چاکی ئەنجام دەدەن، زەکاتیش (لە ماڵ و سامانیان) دەردەکەن، دڵنیاش دەبن بەهاتنە دیی ڕۆژی قیامەت (خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن).(لقمان4)

فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّيَ

جا هاوارو واوەیلا بۆ نوێژگەرانێك...(الماعون 4)

الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ

ئەو نوێژگەرانەی گوێ نادەن بە نوێژەکانیان و کارکردی نیە لەسەریان و دڵی نادەنێ و لێی غافڵن...(الماعون 5)

الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ

ئەوانەی کە ڕیا بازن و بە ڕووکەش نوێژ دەکەن و دەیانەوێت خۆیان دەربخەن و (ئیمانداران بخەڵەتێنن).(الماعون 6)

وَالَّذينَ هُم عَلىٰ صَلاتِهِم يُحافِظونَ

ئەوانەی کە پارێزگاری نوێژەکانیان دەکەن و (لە کاتی خۆیدا ئەنجامی دەدەن).(المعارج34)

أُولٰئِكَ في جَنّاتٍ مُكرَمونَ

ئا ئەوانە لە باخەکانی بەهەشتدا ڕێز لێنراون.(المعارج 35)

إِنَّ الَّذينَ يَتلونَ كِتابَ اللَّهِ وَأَقامُوا الصَّلاةَ وَأَنفَقوا مِمّا رَزَقناهُم سِرًّا وَعَلانِيَةً يَرجونَ تِجارَةً لَن تَبورَ

بەڕاستی ئەوانەی کە پەیامی خوا، قورئان دەخوێننەوە و نوێژەکانیان بەچاکی ئەنجامداوەو لەو ڕزق و ڕۆزی و سامانە جۆراو جۆرانەی پێمان بەخشیوون، بەخشیوویانە، بەنهێنی و بەئاشکرا... (بەنهێنی بۆ ئەوەی ڕیاو ڕووپامایی تێکەڵ نەبێت، بە ئاشکراش بۆ هاندانی خەڵکی) ئەوانە بەئومێدی بازرگانیەك ئەو کارە دەکەن کە هەرگیز نائومێد و زەرەمەند نابن.(فاطر 29)

لِيُوَفِّيَهُم أُجورَهُم وَيَزيدَهُم مِن فَضلِهِ ۚ إِنَّهُ غَفورٌ شَكورٌ

بۆ ئەوەی خوای میهرەبانیش وەفا بکات بە بەخشینی پاداشت بۆیان و لەخەڵات و بەخششی زیاتریش بەهرەمەندیان بکات، بەڕاستی ئەو خوایە لێخۆشبوو و سوپاسگوزارە...(فاطر 30)

*سەرنجی نووسەر

نوێژ دووەم بنەمای ئیسلامە نوێژکردن ئەرکێکی ڕۆحییە لە نێوان بەندەو خودادا ، نوێژ فەرزەو پێویستە لە سەر هەموو موسوڵمانێکی لە تەمەنی حەوت ساڵییەوە ئەم فەرزە بە جێ بگەیەنێت ، پێویستە لە ڕۆژێکدا پێنج جار نوێژ بکەین وپەیوەندی خۆمان لە گەڵ پەروەردگاری جیهانیان پتەو تر بکەین به جێهێنانی فەرمایشتی خوداییە بەدەر لەوەش بە هۆی بە جێهێنانی ئەم فەرمایشتەوە جەستەمان بە هۆی دەست نوێژگرتنەوە بە پاک و خاوێنی ئەمێنێتەوە و هەروەها چەند جوڵەیەکی بەشی تێدایە کە بۆ پشت و بڕبڕەکانی پشت سودێکی ئێگجار زۆری هەیە .هەروەها زەکاتیش فەرزە لەسەر ئەو موسوڵمانانەی کە توانای بەخشینیان هەیە بۆ بە هاناوە چوونی چینی هەژارو نواندنی سۆزو بەزەیی بۆیان و نەهێشتنی هەژارو نەدار لە سەر خاکی موسوڵمانان

❖ فەرمانکردن بە حیجاب لە قورئاندا

يا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِأَزواجِكَ وَبَناتِكَ وَنِساءِ المُؤمِنينَ يُدنينَ عَلَيهِنَّ مِن جَلابيبِهِنَّ ۚ ذٰلِكَ أَدنىٰ أَن يُعرَفنَ فَلا يُؤذَينَ ۗ وَكانَ اللَّهُ غَفورًا رَحيمًا

ئەی پێغەمبەر (صلى الله عليه و سلم) بە هاوسەرانت و کچەکانت و ئافرەتانی ئیماندار بڵێ: کە بە پۆشاکی باڵا پۆش خۆیان داپۆشن ئەوە لەبارترین شتە کە پێی بناسرێن، تا ئازار نەدرێن و (توشی گیروگرفت نەبن)، هەمیشەو بەردەوام خوا لێخۆشبوو میهرەبانە (لە کەم و کووڕی ڕابوردووتان خۆش دەبێت).(الأحزاب 59)

وَقُل لِلمُؤمِناتِ يَغضُضنَ مِن أَبصارِهِنَّ وَيَحفَظنَ فُروجَهُنَّ وَلا يُبدينَ زينَتَهُنَّ إِلّا ما ظَهَرَ مِنها ۖ وَليَضرِبنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلىٰ جُيوبِهِنَّ ۖ وَلا يُبدينَ زينَتَهُنَّ إِلّا لِبُعولَتِهِنَّ أَو آبائِهِنَّ أَو آباءِ بُعولَتِهِنَّ أَو أَبنائِهِنَّ أَو أَبناءِ بُعولَتِهِنَّ أَو إِخوانِهِنَّ أَو بَني إِخوانِهِنَّ أَو بَني أَخَواتِهِنَّ أَو نِسائِهِنَّ أَو ما مَلَكَت أَيمانُهُنَّ أَوِ التّابِعينَ غَيرِ أُولِي الإِربَةِ مِنَ الرِّجالِ أَوِ الطِّفلِ الَّذينَ لَم يَظهَروا عَلىٰ عَوراتِ النِّساءِ ۖ وَلا يَضرِبنَ بِأَرجُلِهِنَّ لِيُعلَمَ ما يُخفينَ مِن زينَتِهِنَّ ۚ وَتوبوا إِلَى اللَّهِ جَميعًا أَيُّهَ المُؤمِنونَ لَعَلَّكُم تُفلِحونَ

بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵێ: چاویان بپارێزن (لە تەماشای نامەحرەم) داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهو جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە دیارە (وەك دەم و چاوو دەست) با سەرپۆشەکانیان بدەن بەسەر سینەو ملیانداو جوانی و زینەتی خۆیان دەرنەخەن بە تەواوی بۆ هاوسەرەکانیان نەبێت، یان باوکی خۆیان، یان باوکی مێردەکانیان، یان کوڕی خۆیان، یان کوڕی مێردەکانیان، یان بۆ براکانی خۆیان، یان برازاکانیان، یان خوشکەزاکانیان، یان ئافرەتێك کە پەیوەندیان هەیە پێکەوە، یان ئەوانەش کە کەنیزەکانیان (کە لە بارودۆخی تایبەتدا هەبوون) یان ئەوانەی کە لە

ماڵەکانتاندا دەژین و پێویستیان بە ئافرەت نی یە (لە بەر پیری، یان نەخۆشی... هتد) یاخود ئەو منداڵانەی کە هێشتا شارەزاییان لە ئافرەتان نیەو (ئارەزووی جنسیان بۆ دروست نەبووەو نازانن باسی عەورات بکەن) نابێت ئافرەتانی ئیماندار قاچیان دەربخەن و پێیان بدەن بە زەویدا (تا دەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت) و بزانرێت کە زینەتدارو خشڵدارن، کەواتە هەمووتان ئەی ئیمانداران بەرەو لای خواو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی ڕزگارو سەرفرازبن.(النور ٣١)

* سەرنجی نووسەر

ئەم فەرمایشتەی خودای گەورە بۆ کافرو جولەکەو هەندێک لە موسوڵمانان بۆتە جێگەی پرسیار کە بۆچی ئەبێت ئافرەتان بە جلێکی تەواو پۆشراو دەرکەون بۆ کەسانی نامەحرەم ئەمیش بۆ ئەوەیە کە ئافرەتان تووشی تانەو تەشەلی کەسانی دەروون نەخۆش نەبن و ئازارو زیانیان پێ نەگات و پارێزراو بن لە هەموو خراپەیەک کە شەیتان بیهێنێتە ڕێیان و بە شکۆمەندییەوە ڕێ بکەن و هیچ کەسێکیش نەتوانێت بە چاوێکی کەم لێیان بڕوانێت .

❖ سزای کەسی ڕەزیل لە قورئاندا

الَّذِي جَمَعَ مَالًا وَعَدَّدَهُ

ئەو کەسەی ماڵ و سامانی زۆری کۆ کردۆتەوەو هەر خەریکی ژماردنێتی و (دڵی پێی خۆشە، ڕەزیلەو بەخشندە نیە). (الهمزه 2)

يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ

وادەزانێت بەڕاستی کە ماڵ و سامانەکەی دەبێتە هۆی تەمەن درێژی و نەمریی بۆی؟(الهمزه 3)

كَلَّا ۖ لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ

نەخێر سوێند بەخوا بە سووکی و ڕیسوایی فڕێ دەدرێتە ناو (حطمة) وە.(الهمزه 4)

وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ

جا تۆ چووزانی (حطمة) چیە؟(الهمزه 5)

نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ

بریتی یە لە ئاگری داگیرساوو بڵێسەداری خوا.(الهمزه 6)

الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الْأَفْئِدَةِ

ئەو ئاگرەی ڕووو دەکاتە ناو جەرگەی دڵ و دەروونەکان (کە مەڵبەندی کوفرو خوانەناسی و ڕەزیلی یە)(الهمزه 7)

إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ

بێگومان ئەو ئاگرو دۆزەخە لە شوێنێکدایە کە سەرگیراوو دەرگا داخراوە لەسەریان (ڕێگەی قوتار بوونی نیە).(الهمزه 6)

وَإِنَّهُ لِحُبِّ الْخَيْرِ لَشَدِيدٌ

بێگومان ئادەمیزاد لە خۆشەویستی ساماندا زۆر بەتین و هەڵپەیە (کە دەستی لێی گیربوو ڕەزیل و ڕژد و چرووکە).(العادیات8)

۞ أَفَلَا يَعْلَمُ إِذَا بُعْثِرَ مَا فِي الْقُبُورِ

ئایا ئەو جۆرە کەسانە نازانن چی پێش دێت کاتێك لە گۆڕەکان هێنرانە دەرەوەو (زیندوو کرانەوە)؟!(العادیات 9)

الَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ مَا آتَاهُمُ اللَّـهُ مِن فَضْلِهِ ۗ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا

ئەوانەی ڕەزیلی دەکەن و فەرمان دەدەن بەخەڵکی کە ڕەزیل بن و ئەو شتانەی خوا لە زیادە فەزڵی خۆی پێی بەخشیوون (لە ماڵ و سامان و زانستی) دەیشارنەوە و (نایەڵن کەس سوودی لێوەربگرێت، با ئەوە بزانن) کە ئێمە بۆ خوانەناسان سزایەکی سەرشۆڕکەرمان ئامادە کردووە.(النساء37)

* سەرنجی نووسەر

ڕەزیلی نەخۆشییەکی کوشندەی مرۆڤەکانە وا ئەکات کە ئەو کەسە دووچاری چەندین گرفتی تەندروستی و دەروونی ببێتەوە وا ئەکات ئەو کەسە دەست بە ماڵ و سامانەکەیەوە بگرێت و نەخۆی سوودی لێ ببینێت نە چواردەورەکەشی لە دواییدا ئەمێنێتەوە کە بە خەسار مەندی کەسانی دووای خۆی سوودی لێ ئەبینن و لە دونیاشدا کەم تەرخەم بووە و سامانەکەی لە پێناوی خودا نەبەخشیوە و لە گەڵ هەژاراندا دەست و دڵ ئاوا نەبووە

❖ نێوەندگیری لە نێوان موسوڵمانانـدا لە کاتی شەڕدا

وَإِن طائِفَتانِ مِنَ المُؤمِنينَ اقتَتَلوا فَأَصلِحوا بَينَهُما ۖ فَإِن بَغَت إِحداهُما عَلَى الأُخرىٰ فَقاتِلُوا الَّتي تَبغي حَتّىٰ تَفيءَ إِلىٰ أَمرِ اللَّهِ ۚ فَإِن فاءَت فَأَصلِحوا بَينَهُما بِالعَدلِ وَأَقسِطوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ المُقسِطينَ

ئەگەر دوو دەستە، یان دوو تاقم لەموسوڵمانان بوو بەشەڕیان، ئەوەدەستبەجێ هەوڵ بدەن ڕێکیان بخەن و ئاشتیان بکەنەوە، خۆ ئەگەر لایەکیان هەر دەستدرێژی دەکردەسەر لاکەی تر، ئەوا ئێوە بەگژ ئەوەیاندا بچن کەستەم و دەستدرێژی دەکات،، هەتا دەگەڕێتەوە بۆ فەرمانی خوا... جا گەر لایەنە سەرکەشەکەبۆ فەرمانی خوا سەری دانەواند، ئەوەئێوە ناوبژیوانێکی دادگەرانەلەنێوانیاندا بکەن و دادپەروەری ئەنجام بدەن، چونکەبەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کەدادپەروەری ئەنجام دەدەن.(الحجرات9)

إِنَّمَا المُؤمِنونَ إِخوَةٌ فَأَصلِحوا بَينَ أَخَوَيكُم ۚ وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُم تُرحَمونَ

لەڕاستیدا هەر ئیمانداران برای یەکن، کەواتەهەرکاتێک لەنێوان دوو براتاندا ناکۆکی پەیدا بوو، ئێوە نێوانیان چاک بکەن و ئاشتیان بکەنەوە، هەمیشە لەخوا بترسن و پارێزکار بن، بۆ ئەوەی پێ بکرێت.(الحجرات10)

* سەرنجی نووسەر

نێوەند گیری لە نێوان خەڵکیدا بۆ ڕێگری کردن لە کاری خراپە و هەڵگیرسانی شەڕو پشێوی خۆی لە خۆیدا کارێکی مرۆڤانەیەو پێشگرتنە لە تێکچوونی نێوانی مووسوڵمانانە کە خوای گەورە نەهی لێ کردووە و هەر بۆیەش فەرمانی پێ کردووین کە لە کاتێک دوو دەستە شەڕ لە نێوانیاندا هەڵگیرسا نێوەندگیرییان بکەین و نە هێڵین دەستدرێژی بکەنە سەر یەکتر و ستەم لە یەکتر بکەن و کوشتار دروست ببێت

ناوەرۆک

بابەت	لا پەرە
پێشەکی نووسەر	٢
قەدەغە کردنی گۆشتی بەرازو خوێن و ئاژەڵی مرداروەوە بوو	٦
حوکمی کوشتنی کەسێک و کەفالەتەکەی	١٠
ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان	١٢
میرات لە قورئاندا	١٥
دەسدرێژیکردن بۆ سەر مافی موسوڵمانان	٢٠.
فەریزەی حەج لە قورئاندا	٢٢
قەدەغەی جەنگ لەم مانگانەدا	٢٦
قەدەغە کردنی مەیی و قومار لە قورئاندا	٢٩
دەربارەی عادەتی مانگانەی ئافرەت	٣٢
تەڵاق لە قورئاندا	٣٣
دەربارەی ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان ئەمرن	٤٢
سوو خواردن لە قورئاندا	٤٤
قەرز لە قورئاندا	٤٦
دەربارەی مافی هەتیوان	٥٠
میرات لە قورئاندا	٥٣

باسی زینا لە قورئانی پیرۆزدا ٥٨

مارەیی ئافرەتان لە قورئاندا ٦٢

ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیان حەرامە. ٦٥

حوکمی کوشتن لە قورئاندا ٦٧

چۆنیەتی دەست نوێژگرتن لە قورئاندا ٦٩

حوکمی دزیکردن لە قورئاندا ٧١

شایەتی وەرگرتن لەکاتی سەفەردا ٧٢

مامەڵە کردن لە گەڵ دایک و باوک ٧٤

ڕاستیو دروستی لە کێشان و پێوانەدا ٧

ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیان حەرامە ٧٨

فەرمانکردن بە سادەیی و دورکەوتنەوە لە فیزو لە خۆباییبوون ٧٩

لە بارەی ئەنجام دانی کارێک چی بوترێت ٨٠

ئادابی چونە ناو ماڵی کەسانی تر ٨١

چاو پاراستنی لە ئافرەت و پیاوانی نامەحرەم ٨٢

هاوسەرگیری لە قورئاندا ٨٤

زەکات و نوێژ لە قورئاندا ٨٨

فەرمانکردن بە حیجاب لە قورئاندا ٩١

سزای کەسی ڕەزیل لە قورئاندا ٩٣

نێوەندگیری لە نێوان موسوڵماناندا لە کاتی شەڕدا ٩٥

کۆتایی